## هەڵبژاردن و کێشەی گۆڕینی بژاردەی تاکەکەسی بۆ بڕیاری دەستەجەمعی:

# کێشەی بنکەی زۆرینە

**(١)**


پەیوەندیی نێوان سیستەمی سیاسی و پرۆسەی سیاسی (بەتایبەتی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هاووڵاتی) بابەتێکە قابیلی مشتومڕە لە فیکری سیاسی و پەروەردەییدا، ئەمەش لەوەتەی ئەفلاتون(٤٢٨-٣٤٧ پ.ز) روونی کردۆتەوە کە پەروەردە لەلایەکەوە پاراستن یان گۆڕینی پەیوەندییە سیاسییەکان لە لایەکی دیکەوە دەکرێ بۆ یەکدی ببنە هۆکارو ئامانج، هەروەها لەوەتەی ئەرستۆتالیس( ٣٤٨- ٣٧٤ پ.ز) داوایکردووە کە پێویستە پەروەردەکردنی هاووڵاتی لەبەر رۆشنایی پرەنسیپەکانی دەستووردا بێت.

ئەگەر بڕوانینە راکانی فەیلەسوفی گەورەی ئەڵمان ئەمانوئێل کانت( ١٧٢٤-١٨٠٤)، دەبینین کە یەکێك بووە لەوانەی پشتگیریی دانانی دەستوور بووە بۆ دەوڵەت تا دەسەڵاتی گشتی بە پرسی ئازادییە گشتییەکانی هاووڵاتیان ببەستێتەوە کە بەندن بە پرەنسیپی مافەکانی یەکسانی هاووڵاتیان، بەو واتایەی کە پشتیوانی بنیادنانی دەوڵەتی یاسا بووە. بۆیە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە یاسایەدا (پەروەردەی سیاسی) پێویستە لەگەڵ پرەنسیپەکانی دەوڵەتی یاسا گونجاو بێت، پرسی گونجانی پەروەردە لەگەڵ پرەنسیپەکانی دەوڵەتدا پرسێکە هەمیشە بەستراوەتەوە بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئەو دەوڵەتەوەو ئاستەنگی نائاسایی لە جێبەجێکردندا دەورووژێنێت، لە لایەکەوە دەبینین کە ناوەڕۆکی بابەتیانەی پرسەکە ئاڵۆزەو چوونە نێو ئەو پرسەش ئاسان نییە، بۆیە لە کۆمەڵگەیەکدا کە گەیشتبێتە ئاستێکی بەرزی پسپۆڕی لە بواری زانست یان مامەڵەکردندا، ئەوا سیاسەت لەو کۆمەڵگەیەدا سرووشتێکی پسپۆڕیی و ئاڵۆزی دەبێت، سیاسەت بۆ ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان دەبێتە بوارێکی نامۆ، زاراوە سیاسییەکان بۆ ئەوانە پسپۆڕین و مایەی تێگەیشتن نین، هاووڵاتی دەزانێت کە سیاسەت پیادەدەکرێت، بەڵام پرسە جیاجیاکان لە سیاسەتدا ناڕوونن وەك:

- چۆن پرۆسە سیاسییەکان بە وردەکارییەوە بەڕێوەدەچن و بۆچی؟
- چۆن بڕیارە سیاسییەکان دەردەچن و بۆچی؟

هاووڵاتی تەنیا رۆڵی بەکاربەری هەیە، چونکە پێی وایە کە سیاسییەکان زیاترو چاکتر دەزانن. ئەو کەسەشی کە لە وردەکاریی بابەتیانەی رووداوەکان و رێکارەکان تێناگات پێی وایە کە سیاسەت پرۆسەیەکی بێهوودەیی بێ مانایە یان سیاسەت قەدەرێکە دەبێ رووبەڕووی ببێتەوە نەك لەگەڵیدا بگونجێت، هەروەها ناکرێ بە عەقڵانییەت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لەلایەکی دیکەوە ئەرکێکی هەستیارو پێویست هەیە کە پەیوەستە بە رووبەڕووبوونەوەی پرسیارو ئاراستەکانی سەرەوە، ئەمەش لەمیانی پرۆسەی (پەروەردەی سیاسی)دا ئەو ئەرکە مەترسیدارە، بەڵام دەبێ روون بێت.

زانایانی سیاسەت دووپاتیدەکەنەوە کە سیستەمی



د. شێرزاد نەجار
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

دەستووریی هەر دەوڵەتێك سەرکەوتوو نابێت ئەگەر ناسازان بێتە ئاراوە لەنێوان ئەو بەهایانەی کە سیاسەتوانان بڕوایان پێیەتی و لەنێوان رەفتاری هاووڵاتیاندا.

لە نووسینەکانی زانستی سیاسەتدا زۆرجار جەختدەکرێتەوە لەسەر ئەوەی کە فیکری سیاسی بریتییە لە فیکرێکی زەرەرمەند کاتێ جەخت ناکاتەوە لەسەر سوودی گشتی و خۆشگوزەرانیی -Gonum Huma num، چەمکی سوودی گشتی کە شەرعییەتەکەی لە کۆمەڵگەی دیموکراسیی دەوڵەتی یاسادا دەبینێتەوە، چەمکێکی دیاریکراوی نافراوانەو پشتدەبەستێ بە بیرۆکەی مرۆڤایەتی ( بە واتای کەرامەتی مرۆیی )، هەروەها پێویستە پشت ببەستێ بەخێری گشتی -Go num Commune، ئەمەش بە تایبەتی هۆشیاریی دیموکراسی دەست نیشان دەکات: دەوڵەت بۆ مرۆڤە نەك بە پێچەوانەوە.

لەم رووەوە پرۆفیسۆر (شنایدەر) بەم شێوەیە دەنووسێت: پێگەیاندنی سیاسی پرۆسەیەکی پەروەردەیی- سیاسییە، پێویستە ئەوە لەبەر چاو بگیرێت کە بەرپرسیارێتیی سیاسیی هاووڵاتیان لە دیموکراسیدا بەندە بە برواهێنان بە رۆڵی هاووڵاتی لە دەوڵەتدا، بۆیە پێگەیاندنی سیاسی پێویستە زۆر بایەخ بدات بە مافی هاووڵاتیان و بە تایبەتیش دەستەبەرکردنی هەلی چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و هەلی پیادەکردنی دەستڕۆیشتوویی یان هەروەك پرۆفیسۆری ئەڵمانی ( تۆماس ئیل فاین Thomas Ellwein) دەڵێت کە پێویستە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی وانەی مامەڵەکردنی سیاسی دەستەبەربکات، هەروەها پرۆفیسۆر شنایدەر دەڵێت: پێویستە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی تەنیا بە فیکری ئایدیالی یارمەتی هۆشیاریی سیاسی نەدات، بەڵکو یارمەتی بدات بە زانیاری دەربارەی فاکتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، ئەمەش بەرپرسیارییەتی و ئەرکەو لە هەمان کاتیشدا ئامانجە. کە بریتییە لەوەی هاووڵاتی بخەیتە دۆخێکەوە کە بتوانێت هەڵسەنگاندنێکی واقیعی و عەقڵانیی لە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بکات.

پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی رۆڵێکی گرنگ و هەستیار دەبینێت لە پرۆسەی سیاسیدا و بەتایبەتیش لە پرۆسەی هەڵبژاردن و لەسەر دوو ئاست:

* کێشەی گواستنەوە لە بژاردە، یان پەسندکراوە کەسییەکان بۆ بڕیارەکانی بەکۆمەڵ و هاریکارییانە.

* کێشەی سرووشتی ئەو رێکارانەی پەیوەستن بە بنیاتنانی ئیرادەو بڕیاری دیموکراسی.

**(٢)**

**● کێشەی گواستنەوە لە بژاردە یان پەسندکراوە کەسییەکانەوە بۆ بڕیارەکانی دەستەجەمعی**

لەنێو ئەو پرسە گرنگانەی کە لە فیکری سیاسیدا وروژێنراوە، ئەم کێشەیەیە: ئایا و چۆن دەکرێ بژاردە تاکەکەسییەکان(وەك: بژاردەی دەنگدەران) بێ هیچ ساختەکارییەك بگۆڕدرێت بۆ بڕیاری بەکۆمەڵ یان

بڕیاری دەستەجەمعی (وەك: ئەنجامی هەڵبژاردنەكانی پەرلەمان و هەڵبژاردنەكانی سەرۆك كۆمار)؟

زۆربەی ئەو بیرمەند و فەیلەسوفانەی لایەنگری بیردۆزە دیموكراسییە كلاسیكیی و تازەكانن پشگیریی ئەگەری ڕوودانی ئەم گۆڕانكاری و گواستنەوەیە دەكەن، ئەمەش سەرەڕای جەختكردنەوەیان لەسەر ناسەقامگیریی ئەم حاڵەتە لە ئەنجامی زیادبوونی قەبارەی دەنگدەران.

ئەرستۆتالیسی فەیلەسوف لە كتێبە بەناوبانگەكەی (سیاسەت) جەخت لەسەر ئەم حاڵەتە دەكاتەوە كاتێ باسی دیموكراسی (دەوڵەتی مەدەنی) دەكات و تۆماس هۆبز Hobbesی بیرمەندیش قسە لەسەر ئەو پرسە دەكات لە كتێبەكەی لیڤیسان Levvia-than، كاتێ جەخت لە بوونی دەسەڵات بۆ زۆرینە دەكاتەوە، بە واتای ئەوەی كە بژاردە تاكەكەسییەكان گۆڕاون بۆ بڕیاری دەستەجەمعی، كە بریتین لە دەرچوونی بڕیارگەلی زۆرینە، كە هەروەك هۆبز دەڵێت: حاڵەتی ناسەقامگیریی بەكۆمەڵ زیاتر دەكات، بۆیە ئەو پرۆسەی گۆڕین ( لە بژاردە تاكەكەسییەكان بۆ بڕیارەكانی دەستەجەمعی ) بە دیدی هەندێ ئاراستەی فیكری لە زانستی سیاسەتدا بە ڕەشبینیی دادەنرێن، چونكە تیۆری ئابووریی دیموكراسی ڕوونی كردۆتەوە كە ئامانج لە گۆڕینی ئیرادەو بژاردە تاكەكەسییەكان بۆ بژاردەو بڕیارەكانی دەستەجەمعی زەحمەتە وەدی بێت، ئەو زەحمەتیەش لەو گریمانەدایە كە باس لە بوونی دەرفەتی كەم دەكات لە جیهانی سیاسەتدا بۆ بنیاتنانی زۆرینەی چەسپاوو بەردەوام و پەرەپێدان و جێبەجێكردنی بەرنامەی سیاسیی چەسپاو و جێگیر، مادام جیاوازییە كۆمەڵایەتییەكان گەورەو فراوانن، هەروەها مادام ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لەو ئاراستەیەدا یەك نین كە پێویستە دەنگی بۆ بدەن، خاوەنەكانی ئەو تیۆرە دووپاتی دەكەنەوە كە زۆرجار بەوە لە دیموكراسی دەگەن كە گوزارشت لە ئیرادەی گەل دەكات، بەڵام كاتێ لەم بۆچوونە دەڕوانین دەبینین كە بە كردەنی ئیرادەی گەل مەبەستە لە دیموكراسیدا، بەڵكو ئیرادەی گەل پەیوەستە بە زۆرینەو كەمینەوە، كە جێگیر نییە و پشت بە پاڵنەری جیاجیا دەبەستێت، تەنانەت لە حاڵەتی وەسفكردنی دیموكراسیدا كە بریتییە لە توانای گوزارشتكردن لە ئیرادەی زۆرینەی ڕاستەقینە بێ هیچ ساختەكارییەك، ئەم وەسفەش نەگونجاوە، چونكە زۆرینە، یان ئیرادەی زۆرینە هەروەك ئەرستۆو هۆبز جەختی لێ دەكەنەوە (بازدانەو قابیلی چەواشەكارییە)، هەروەك پرۆفیسۆر ئۆفە Offe ئاماژەی بۆ دەكات بەوەی (هەڵبژاردنی عەقڵانی) دەریدەخات كە ڕێكارە دیموكراسییەكان و پرۆسەی دەنگدان پرەنسیپەكانی ئیرادەی زۆرینە پێشێل دەكەن كە ڕوون و بەردەوام بێگەردن. پرۆفیسۆر ریكەر Riker ئەم پرسە بەم شێوەیە ڕووندەكاتەوە: ئەو بڕیارانەی پەیوەستن بە كۆمەڵگەوە لەسەر بنەمای زۆرینە دەرچوونە، ناكرێ لە ڕووی لۆژیكەوە یەكگرین یان وەك ئەنجامی شتێكی گەورە وەربگیرێت وەكو كۆمەڵگە یان گەل. كێشەی گەورەی دیموكراسی ئەوەیە كە دەكرێ دەستكاریی ئەنجامی بڕیارەكانی زۆرینە بكرێت بە شێوەیەك كە جیاوازییە كەمەكان لە هەیكەلبەند و ناوەڕۆكی ڕێكارەكانی وەرگرتنی بڕیار ئەنجامی جیاوازی لێدەكەوێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە مانای ئەوە نییە كە دیموكراسی بێ بەهایە بەڵكو ئەو بەهایە لە پاراستنی مافەكان و لەمیانی دەنگداندا دەردەكەوێت، سەرباری ئەمەش ئەنجامەكانی دەنگدان دەریدەخەن كە زۆرینە زۆرجار ناجێگیرەو دواتر لای ئێمە(زۆرینەی جوولاو)ی لێدەكەوێتەوە.

زۆرینە بەگشتی كێشەیەكی دیكە دروست دەكات، ئەویش ئەو كێشەیەیە كە (ئەلێكسی دی تۆكڤیل A.de Toquville) لە كتێبە بەناوبانگەكەیدا كە لە ١٨٥٦ دەرچووە بەناونیشانی (دیموكراسی لە ئەمریكا) و ناوی نا(لێشاوی زۆرینە )باسی كردووە و ئەم كێشەیە بیری دیموكراسیخوازانی لە دێرزەمانەوە خەریك كردووە، بۆیە لەسایەی هەلومەرجی دیاریكراودا دەكرێ دیموكراسی بگۆڕدرێت بۆ سیستەمێك كە تێیدا كەمینە دەسەڵاتی بەسەر زۆرینەدا هەبێت. جا بۆ زیاتر ڕوونكردنەوە نموونەیەك دێنینەوە كە بە( نموونەی ئۆرسترۆگۆرسكی ) ناونراوە، ئەم نموونەیە ڕوونی دەكاتەوە كە سیستەمی دەنگدان دەربارەی (بڕیاردان) و (بنكەكانی بڕیاردان) بە غەدر دەلكێنرێت بە ئەنجامی دەنگدانەوە، كە بە هۆیەوە سیستەمەكە دەتوانێت براوە یان دۆڕاوی هەڵبژاردنەكان دیاری بكات، دەكرێ ئەم جیاوازییە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا دەربكەوێت كە ژمارەی حزبەكانی تێدا كەمتر بێت لە ژمارەی كێشە سیاسییەكان، كاتێكیش ئەو حزبانە تێڕوانینی سەرتاپاگیر Weltanschaung یان نەبێت لەهەمبەر كۆمەڵگە، بەڵكو ئەو حزبانە بریتی دەبن لە گرووپگەلێكی پراگماتی لەگەڵ كەمێك لە ئاراستەی ئایدیۆلۆجیی سیاسی، هەروەها دەنگدەران دەنگیان بەپێی كێشە ناكۆكەكان دەدەن، نەك لەسەر بنەمای وەلا بۆ حزب یان بۆ ئەو گرووپانەی پەیوەستن بە حزبەوە.

نموونەی ئۆسترۆگۆرسكی دەریدەخات كە تەنانەت ئەو پرۆسە دیموكراسییە بێگەردانە بەدەر نابن لە كێشەكان، هەروەها ناكۆكیان دەربارەی دانانی بە ئەنجامەكان لێدەكەوێتەوە، نموونەكە جارێكی دیكەش ئیرادەی دەنگدەر دەردەخات- بەپێی ئەنجامەكانی دەنگدان- سەرەڕای جێگیریی بژاردەو پەسندكراوەكان بەڵام جیاوازن، با بپرسین دەنگدەران چییان دەوێت سەركەوتنی Y یان X؟ لە بنەڕەتەوە پرسیارەكە بە

هەڵە دانراوە، چونکە ئیرادەی دەنگدەران خۆی ئەنجامی سیستەمی دەنگدانە، بۆیە لەبەر ڕۆشنایی شێوازی دەنگدان ئیرادەی دەنگدەران گەلاڵەدەبێت. بەم شێوەیە هەڵبژاردنەکان پشت بە سیستەمی دەنگدان یان هەڵبژاردن دەبەستن، سەرباری ئەوەی کە بژاردە یان پەسندکراوە بنەڕەتییەکانی دەنگدەران نەگۆڕاون، بەمەش یەکێتیی هەڵبژاردنە نموونەییەکانی تاکەکەسیی ناساختە، هەروەها یەکێتیی یەکسانی و هاوتەریبیی ئارەزووەکانی تاکەکەسی بەدی ناهێن.

لەم چوارچێوەدا کێشەیەکی دیکە سەرهەڵدەدات کە پەیوەستە بە ( تێچووی بڕیار). ئامادەکاریی بۆ بڕیارو دەرکردنی پێویستی بە کات و پاشەکشە هەیە لە ئاراستەکردنی چالاکییەکان بۆ بوارەکانی دیکە نەك بوارێکی دیاریکراو. تێچووی ئەم بڕیارە، هەر چەند ژمارەی بەشداربووان لە بەکۆمەڵ دەرکردنی بڕیار زیادبێت، ئەوا بەرزتر دەبێت. ئەم تێچووانە لە حاڵەتی جێبەجێکردنی پرەنسیپی (کۆی دەنگ ) زیاتردەبێت، هەروەها تێچوویەکی دیکە دەخرێتە سەر تێچووی بڕیارەکە و پەیوەستە بە تێچووی ئاڵوگۆڕکراو، ئەم تێچووەش بریتییە لە کۆمەڵە تێچوویەکی دەرەکی و ڕێکخستنی ڕێکارەکانی بڕیارەکە.

لەم بوارەدا پێویستە بزانین کە بنکەی نموونەیی بڕیارەکە چییە و لادانی سیستەمیی لە کەمترین تێچووی ئاڵوگۆڕ لەکوێدایە، ئەو بنکەیەی سەرەوە ئەگەر بە بەردەوامی جێبەجێکرا دەبێتە هۆی زیادکردنی تێچووەکە و زۆرجاریش دەبێتە هۆی گەمارۆدانی (ڕێکارەکانی بڕیاردان).

جارێکی دیکە دەگەڕێینەوە بۆ بنکەی زۆرینە، چونکە دەبینین زۆرینەی کلاسیکی و بە تایبەتی زۆرینەی سادە دەبێتە بنکەیەك بۆ دەرکردنی بڕیار کە دوورە لە حاڵەتی ئایدیاڵی.

پیادەکردنی ئەم بنکەیە (زۆرینەی سادە) دەبێتە هۆی دروستکردنی حاڵەتێك کە پێی دەگوترێت( زۆرینەی دەوری ) و دواتر بۆ دەسەڵاتی کەمینە.

ئەم دۆخە گرنگیی سیاسیی گەورەی هەیە لەمیانی جوداکردنەوەی دەنگەکاندا دەردەکەوێت، سیستەمی دەنگدان و دابەشکردنی کورسییەکان. کاتێ وردبینی دەکەین لەم سیستەمانەی هەڵبژاردن ئەنجامگەلی جیاوازمان دەست دەکەوێت بەگوێرەی بنەمای هەر سیستەمێك بە شێوەیەك کە بەپێی سیستەمێکی دیاریکراوی هەڵبژاردن حزبێکی ڕکابەر براوە دەبێت و حکومەت پێکدەهێنێت، بەڵام هەمان حزب دەبێتە حزبێکی ئۆپۆزسیۆن بەپێی سیستەمێکی دیکەی هەڵبژاردن.

لە ڕاستیدا، هەر سیستەمێکی هەڵبژاردن لەم سیستەمانە پاساوو بنەماگەلی خۆی هەیە، جیاوازییە بچووکەکان لەنێو ئەو سیستەمانەی هەڵبژاردندا کە بە هۆیانەوە بژاردە تاکەکەسییەکان دەگۆڕێن بۆ بڕیاری دەستەجەمعی دەکرێ ببنە هۆی ئەوەی کە ئەنجامی جیاوازیان لێ بکەوێتەوە. بەم شێوەیە و هەروەك پرۆفیسۆر (ولیەم ڕێکەر Riker) دەڵێت ئەنجامەکانی پرۆسەی دیموکراسی دادپەروەر نییە، تەنانەت تێکەڵەی ڕاستەقینە و واقیعیی ئاراستەکان و دەنگدانی دەنگدەرانیش نییە، ئەم پرۆسەیە نابێ هەمیشە بەوە لێکبدرێتەوە کە گرنگ و واتادارە.

لەمیانی سەرجەم ئەو پرۆسانە ( زۆرینەی دەوری ) دێتەکایەوەو لەگەڵیشیدا دەسەڵاتی ئەو زۆرینە، لێرەشدا پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوە: دەکرێ چی بکرێت بەرامبەر ئەم واقیعە؟

پرۆفیسۆر شمدت دەڵێت: ناکرێ بێ کار بوەستین، چونکە ئەمە خۆی لە خۆیدا بە سەرکێشیی دادەنرێت، ناکرێ دەستبەرداری پرەنسیپی دیموکراسی( پرۆسەی دەنگدانی دیموکراسی ) بین، لەبەر ئەوەی چارەسەرێکی مامناوەندی بۆ ئەو پرسە لە ئارادایە کە خۆی لە (فراوانکاریی لە پرۆسەی زۆرینە)دا دەبینێتەوە، ئەویش لەمیانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەڕێی وتووێژی دیموکراسیانە یان ڕکابەریی دیموکراسیدا یاخود بە بەکارهێنانی ڕێگەیەکی تازەی پرۆسەی دەنگدان، وەك ڕێکخستنی هەموو ئەو پلانەی کە بەهۆیەوە ڕێگە بە دەنگدەران دەدرێت گوزارشت لە بژاردەکانیان بکەن و لە بژاردەکان دووریان دەخاتەوە بە ڕێکەوت و دەنگدان و ڤیتۆ یان دەنگدانی مەرجدار بە پێدانی باج.

تیۆری ئابووریی دیموکراسی لە هەڵبژاردنە عەقڵانییەکاندا داوای شتە چاکەکانی لیبرالی و دامەزراوەکان دەکات کە بریتین لەم خاڵانە:

١- سنووردارکردنی قەبارەو ئاستی بڕیارەکانی دەستەجەمعی وەك( سنووردارکردنی توندی قەبارەو ئاستی دەسەڵاتەکانی حکومەت و دانانی زەمانەت و ئەو هێزەی بەرەنگاری بڕیاری شوێنگرەوەی هەڵبژێردراو دەبێتەوە و بەتایبەتیش دەسەڵاتی هەڵبژێردراو).

٢- سنووردارکردنی چالاکییەکانی دەوڵەت.

٣- مافی هاووڵاتی کە داوای قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانە بکات کە لە ئاکامی کردەوەو هەڵسوکەوتی هەڵبژێردراوان لێی کەوتوون بە شێوەیەکی دیموکراسیانە.

٤- زەمانەتی نەگۆڕینی مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتی.

٥- ڕێکخستنی لامەرکەزییەتی دەوڵەت.

٦- ماف بدرێتە هاووڵاتی تاکو دەستپێشخەر بێت لە پێشنیارکردنی دەرکردنی یاسا.

٧- ماف بدرێتە هاووڵاتیان لە ڕاپرسیی میللی لەسەر هەموو یاساکان یان هەندێك لەو یاسایانە.

٨- ڕێگە لە کۆچکردنی هاووڵاتیان نەگیرێت.

(٣)

### ● کێشەی سرووشتی ڕێکارەکانی پەیوەست بە بنیادنانی ئیرادەو بڕیاری دیموکراسی

دیموکراسی بەستنەوەی مافە سیاسییەکان بە ناوەندیی کۆمەڵایەتیی تاك لادەبات کە دەستکەوتی تایبەتی پێ دەبەخشێت ( لێرەدا باسی مافی ئەو هەڵبژاردنە دەکەین کە پەیوەستە بە ناوەندی چینایەتیی تاك و لاسایی ئەرکە سیاسییەکان دەکاتەوە چ لە ڕێی بۆماوەیی یان لە ڕێی کڕینەوە)دا، لە پرۆسەی بنیاتنانی دیموکراسیی ئیرادەدا میکانیزمی کۆنترۆڵکردن و جیاکردنەوە کارایە(بۆ نموونە: پێکهێنانی تەکەتول لە ناو حزبە سیاسییەکان و ئاراستەکردنی سیاسەتەکانیان بۆ نێو دەنگدەران و بەتایبەتیش بۆ ئەو کێشە واقیعییانەی خراونەتەڕوو)، لە چوارچێوەی ئەم پرۆسەیەی بنیادنانی ئیرادە،(سیستەمی پاکسازی Filtersystem) لە ئارادایە کە بەپێی بۆچوونی پرۆفیسۆر (ئۆفە) ئەمە لە سیسستەمی فرەیی بەرژەوەندییەکاندا و بە تایبەتیش لە پرسی ئامادەکردنی پێویستییەکاندا دەردەکەوێت، ئەم پێویستیانە دەبێ گشتی بن و تایبەت نەبن بە توێژێکی دیاریکراو.

ئەو دەزگایانەی پەیوەستن بە بنیادنانی ئیرادەی سیاسی لە دەوڵەتی دەستووریی دیموکراسیدا ناتوانن بەرگەی گۆڕینی مەبدەئی سنووردارنەکراوی پاڵنەری سیاسی بگرن، هەروەها ئامادەکردنی هەندێ پێداویستیش لەو دەزگایانەدا جۆشدانی سیاسیی ناگرێتەوە، چونکە جۆشدانەکە تەنیا تایبەتە بەو دەزگایانەی کە پرسەکانی بنیادنانی ئیرادەی یەکگرتوویان تێدایەو کۆدەنگییان لەسەرە، جۆری پرۆسەی بنیادنانی ئیرادە کە فشار دەخاتە سەر پێویستییەکان، هەروەك پرۆفیسۆر ئۆفە دەڵێت: پەیوەستە بەو بەها بەرزانەی کە دارِشتنەوەیان تازەیە سەبارەت بە لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکان و وەدیهێنانی پێویستییەکان، ئەمە دەبێتە هۆی ڕوودانی پەرەسەندنی مێژوویی، لەبەر ئەوەی پەیوەست نین بە ڕەهەندە نەریتییەکانی دادپەروەریی لە بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕو داخوازییە نەریتییەکانی تایبەت بە ناوەندی کۆمەڵایەتی.

دیموکراسی تەنیا بە ڕێگەی دەرفەتی بەشداریی هاووڵاتیان و جۆری جۆشدان و کۆکردنەوەی بەرژەوەندییەکان ناپێورێت، بەڵکو بە جڵەوگرتنی تۆکمەی دەسەڵاتێکی ناشەرعیش بە شێوەیەکی گشتی، هاوکات لە ئامادەسازیی بۆ دەستەبەریی کۆمەڵایەتی و تەندروستی بە ئاستێکی بەرز لە ڕێگەی داهاتەکانی کۆمەڵایەتی و وەبەرهێنانی دەوڵەت. ئەمەش دەبێتە ئەرکی سیستەمێکی سیاسی کە لەمیانی دروستکردنی هاوسەنگییەك دێتەدی لەنێوان داهات و دەرکردەی سیستەمەکە، بۆیە هەر کەموکورتییەك لە حاڵەتی هاوسەنگییەکە( بە واتای کەموکورتی لە سیستەم و بناغەی دامەزراوەکان) دەبێتە هۆی کەموکورتی لە ئەدای سیستەمی سیاسی و دواتر کۆی دەوڵەت، بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخەش پێویستە سیستەمەکە پێشینەی بەرژەوەندییەکان و ئەو داخوازییانە لەبەرچاو بگرێت کە پێشکەشی کراون.

وێڕای ئەمەش چالاکیی سیستەمی سیاسی لە بنەڕەتەوە بەندە بە سەقامگیریی ئەو سیستەمەوە، بۆیە جەختدەکاتەوە لەسەر ئەو ناوچە مەترسیدارانەی کە گرنگییەکی زۆریان لە ڕووی سەقامگیرییەوە هەیە بەتایبەتیش ئەوانەی کاریگەرییان بە سەر بەرژەوەندیی دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە هەیە. نموونەش بۆ ئەمە: ئاڵۆزبوونی گەشەی ئابووری، سیاسەتی دەرەوە، بازرگانیی دەرەوە، هێزە چەکدارەکان، دروستکردن و دەستەبەرکردنی وەلای جەماوەر.

بۆیە چالاکیی دەوڵەت لە پێشەوە دێت و پەیوەستە بە کێشە و مەترسییەکانی سەقامگیری، هەروەها کارکردن بۆ گونجان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت، پرۆفیسۆر ئۆفە پێیوایە کە ئەو چوارچێوەیەی پێشینە لە چالاکیی دەوڵەتدا سیستەمێکی فراوانی نایەکسانی و ناکۆکی لە بوارە جیاجیاکانی ژیان دروستدەکات، ئەمەش مانای وایە کە کەلێنێکی بەرین لەنێوان بوارەکانی ژیان دێنێتەئاراوە کە پەیوەستن بە کێشە گرنگەکانی سەقامگیرییەوە( بەم شێوەیە بە چاکی مامەڵە لەگەڵ چالاکیی دەوڵەتدا دەکات کە بریتین لەو گروپانەی کاریگەریی گرنگیان هەیە لە دەنگی دەنگدەران لە بازاڕو ڕێکخراوەکاندا )، هەروەها لە لایەنەکانی دیکەی ژیاندا کە پێگەیەکی کەمیان هەیە لە کێشەکانی سەقامگیریی سیاسی و ئابووریدا، بۆیە ئەوانە لە سیاسەتی دەوڵەتدا زۆر گرنگن( بۆ نموونە ئەو گروپانەی کە گرنگییان کەمە یان هێزێکی کەم لە بازاڕو ڕێکخراوو دەنگدەراندا ).

چالاکیی سیستەمی سیاسی لە جەوهەردا پەیوەستە بە چۆنێتیی بینادنانی ئیرادەی دیموکراسیی دەنگدەرانەوە، بۆیە پرسیارێك دێتەپێش: لەسەر چ بنەمایەك ئەم جۆرە ئیرادەیە بنیاددەنرێت؟

ناکرێ دیموکراسی وەك چەمك بەشێوەیەکی ڕەها وەك دەسەڵاتی زۆرینە دەستنیشان بکرێت، چونکە چەمکی زۆرینە فرەواتایە لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە دەرکردنی بڕیار بە شێوەی دیموکراسییانە دەکرێ بە ڕێگەی کۆدەنگی یان بە ڕێگەی چارەسەری مامناوەند دەربکرێت، هەروەها دیموکراسیی زۆرینە دەبێتە (دیموکراسیی ئازاد) بە کارلێك لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیکەدا، وەك: مافی کەمایەتییەکان یان مافی ئۆپۆزسیۆن، مافە بنەڕەتییە جێگیرەکان، دادگا دەستوورییەکان کە دەتوانن ئەو دەسەڵاتە تەشریعییە لە سنووری خۆی بوەستێنن کە پشت بە پرەنسیپی زۆرینەی دیموکراسی دەبەستێت، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان وەك هاوسەنگیی نێوان دەسەڵاتەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا پرەنسیپی زۆرینە بۆتە مەرجێکی پێویست بۆ پیادەکردنی دیموکراسی، هاوکات هۆکارێکی هونەریی ئەو ڕێکارانەی دەبنە هۆی بنیادنانی ڕای یەکگرتوو لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵگەیەی کە بەرژەوەندیی پێکناکۆك و جیاوازی تێدایە.

پڕۆفیسۆر (گوگنبێرگەر Guggenberger) تێبینی دەکات کە لە سایەی هەلومەرجی ئێستادا هیچ هۆکارێکی دیکەی پەسندکراوو کارا نییە بۆ بنیادنان و دەرکردنی بڕیار باشتر لە بڕیاری زۆرینە. لەبەرئەوە، پرەنسیپی زۆرینە بنکەی سەرەکیی بنیادنانی بڕیاری دەستەجەمعە و بۆیە هەندێ بیرمەند پێیانوایە کە دیموکراسی لە ڕێی بنکەی زۆرینەوە پێناسەدەکرێت و لەو بیرمەندانەش (جۆزێف چومپیتەر J.Schumpeter)، و(برایس Bryce)، ئەم بڕۆکەیە سەرلەنوێ لەلایەن یونیس Jones ەوە خرایەوەڕوو.

بڕیاری زۆرینە - چ زۆرینەی ڕەها یان ڕێژەیی- و بەپێی ڕای زۆرینەی بیرمەندان بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە لێهاتوویی و توانای تایبەتی پرەنسیپی بڕیار، ئەم هەڵسەنگاندنە بەرچاوەی بنکەی زۆرینە بۆ هۆکاری جیاواز دەگەڕێتەوە. بەپێی پرسی یەکسانیی نێوان هاووڵاتیان دەبینین کە بنکەی زۆرینە پێگەی دیاری هەیە بە بەراورد بە بژاردەکانی دیکە کە لە پرۆسەی دەرکردنی بڕیاردا هەن (فەرمان، بەخت، پێشبینی، کەمایەتیی کوالیتی، ڕای شارەزایان)، هەروەها بڕیاری زۆرینە بڕیارێکی ئاسانە بۆ تێگەیشتن.

ئەم بنکەیە (بنکەی زۆرینە) سیمایەکی گرنگی هەیە کە پەیوەستە بەوەی کە لە هەموو ساتێك یان لە ماوەیەکی کورتدا کاردەکات بۆ دەرکردنی بڕیاری کەم نرخ و بەها، لەپاڵ ئەمەشدا تایبەتمەندییەکی دیکەی پرەنسیپی زۆرینە پەیوەستە بەو توانایەی هەیەتی لە لەبەرچاوگرتنی پێوانەی تازە کە هەرەمیانە ڕێك نەخرابن، بەڵام بنکەی زۆرینە تایبەتمەندی و سیمایەکی گرنگیی هەیە لەبەرئەوەی هێزی شەرعییەتی تێدایە، چونکە لە ڕێی مافی یەکسان و نهێنیی هەڵبژاردنەوە کار لەسەر کەمکردنەوەی ناڕاستەوخۆی پەیوەندیی پاشکۆیی دەکات و هەموو ئەو کەسانەی خاوەن بڕیارن بە ڕێگایەکی درووست دەیانگۆڕێت بۆ بەشدار لە بڕیاردانددا.

لەپاڵ هەموو ئەو شتانەی باسمان کردن، بنکەی زۆرینە دەرفەت بۆ کەمینە دەهێڵێتەوە تاکو لە ئاییندەدا سەرکەوتن بەدەست بێنن، لەگەڵ ئەوەشدا کێشەی هەمیشەیی بنکەی زۆرینەی دیموکراسی لە ئەنجامی پلەو ئاستی دەستتێوەردانی دەوڵەت لەێ کۆمەڵگەو سەرکەوتنی کۆمەڵگەی ریسك Riskogesell-schaft دێتەکایەوە. بڕیارەکانی زۆرینە پێویستی جێبەجێکردنن کاتێ مەبەست چارەسەرکردنی کاروباری گشتییە.

بنکەی زۆرینە سەلماندوویەتی کە پرۆسەی بڕیاردانی کارایەو توانای وەرگرتنی سیفەتی شەرعییەتی هەیە، بەڵام شرۆڤەکردنی ورد توانای سنووورداری بنکەی زۆرینەی ڕوونکردۆتەوە، بنکەی زۆرینە گونجانی ڕێژەیی هەیە بۆ ئەو کاتانەی ئاستی بەرزی کۆدەنگیی بنەڕەتییان تێدایە، هەروەها بۆ بڕیارەکانی تایبەت بە (مادده Materiell) کە بەهۆی سامان و هێزو هەژموون و دەستکەوتەکانەوە ئاراستەدەکرێت، کاتێکیش بابەتەکە گرنگیی مێژوویی دەبێت و پەیوەست دەبێت بە ناکۆکیی قووڵ و بەو بڕیارانەی تایبەتن بە ئاراستەکانی ڕاکێشانی ڕاوبۆچوونەوە، ئەوا حزب و حکومەتەکان کە پشت بە پرەنسیپی زۆرینە دەبەستن کێشەیەکی زۆریان دەکەوێتە سەر، بەڵام لەمیانی دۆزینەوەی ڕێگایەکی دیکەی دەرکردنی بڕیارەوە دەکرێ پرەنسیپەکە سنووورداربکرێت( بۆ نموونە: پرۆسەی بڕیاردانی فیدرالی، لامەرکەزی، بەهێزکردنی مافی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی، بەهێزکردنی ناوەندی کەمینە، فراوانکردنی مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتی، بەهێزکردن و دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی و دەسەڵاتی بڕیاری دەنگدەران و پەرلەمانتارو کەمکردنەوەی توانای هەڕەشەکردنی تایبەت بە سیاسەت).لە بەرامبەردا شایەنی لەبەرچاوگرتنی پرسی فراوانکردنی پرەنسیپی زۆرینەیە ( بۆ نموونە پیادەکردنی زۆرینە لەسەر خودی پرەنسیپەکە بە شێوەیەك کە دەنگدەران بتوانن دەنگ بدەن دەربارەی ئەوەی چۆن و کەی دەکرێت دەنگ بەپێی زۆرینە بدرێت)، بەڵام کێشەیەك سەرهەڵدەدات کە پەیوەستە بە حاڵەتی دەرنەکردنی بڕیار و بینادنانی ئیرادە، چونکە بەندە بە پێشێلکردنی بەرژەوەندییەوکانی ئاییندەو بەتایبەتیش لە پڕۆژە زۆر مەترسیدارەکاندا، بۆیە (بڕیارنەدان) خۆی لەخۆیدا (بڕیار)ە، چونکە بڕیارێکە بە بڕیارنەدان لە بەرژەوەندیی بارودۆخی ئێستا، ئەم بارودۆخە پەیوەستە بە هەیکەلبەندیی و دینامیکیی چەشنێکی نموونەیی پرەنسیپی زۆرینە و جۆرێکی نموونەیی دیموکراسیی زۆرینە.

جا بۆ ئەوەی پیادەکردنی پرەنسیپی زۆرینە بە وردیی گوزارشت لە ڕای هاووڵاتیان بکات، پێویستە کار بۆ فراوانکردنی پیادەکردنەکانی ئەو پرەنسیپە بکرێت بە شێوەیەك شەرعییەت بداتە سیستەمی سیاسی( دوور لە ساختەکاری و شێواندن).

ئەم بارودۆخە دەبێتە هۆی شیکردنەوەی سیستەمە سیاسییەکانی ئێستاو بەراوردکردنی جیاوازی و لێکچوونی سیستەمە دیموکراسیخوازەکان. لێرەشدا پێویستە ئەو شیکردنەوەیە پەیوەست بێت بە قەبارەی پرۆسەی بڕیاری ئەلتەرناتیڤ کە لە سیستەمی سیاسیدا هەیە( بۆ نموونە: پرەنسیپی کۆدەنگی و هەیکەلبەندیی پرەنسیپی زۆرینەی پێکەوەژیان).



هێمن هەورامی
ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆیان روون بووەتەوە کە چۆن حەشدی شەعبی و بەرپرسانی سوپای پاسدارانی ئێران رۆڵی پێشەنگیان لە داگیرکردنەوەی ناوچەکان بینی

## کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەورووپی بەتایبەتی، گوشاری زیاتر بۆ بەغدا دێنن، تا گەمارۆی سەر هەرێمی کوردستان بشکێنن

**کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و داگیرکردنەوەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەلایەن سوپای عێراقی و میلیشیاکانەوە، بوو بە سەرباسی میدیاکانی ناوخۆ و جیهان و لە ئێستاشدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوا لە هەولێر و بەغدا دەکەن کە لەسەر بنەمای گەڕانەوە بۆ دەستووری عێراقی دیالۆگ دەست پێبکەن. هەر لەو ماوەیەشدا سەرۆك وەزیرانی کوردستان لەلایەن چەندین وڵاتی ئەوروپییەوە بە فەرمی بانگهێشت کراوە کە سەردانیان بکات، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئامادەباشیی تەواوی پیشانداوە بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای دەستووری عێراقی و بە جێبەجێکردنی تەواوی ماددەکانی لەگەڵ بەغدا دەست بە دیالۆگ بکات، بەڵام هەتا ئێستا بەغدا ئامادەباشیی خۆی بۆ ئەو دیالۆگە دەرنەبڕیوە و یاری بە کات دەکات. لە لایەکی دیکەوە لە هەڵبژاردنەکانی عێراق نزیك دەبینەوە، ئایا بەربژارەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ کورد دەکەن کە خاوەنی زیاتر لە ٦٠ کورسیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە و ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە ئەنجامەکاندا دەبێت؟ ئەوانە و چەند پرسێکی سیاسەتی جیهانی و بارگرژییەکانی کوردستان و ناوچەکە، تەوەری ئەم دیمانەیەی گوڵان لەگەڵ هێمن هەورامی ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان پێکدەهێنن.**

*** لە دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بارودۆخی سیاسیی کوردستان گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا هاتووە، هەندێك دەڵێن: هۆکاری ئەم بارودۆخە ئەوەیە کە ریفراندۆممان ئەنجامدا، هەندێکی دیکەش دەڵێن: ئەگەر ریفراندۆمیش ئەنجام نەدرایە، حکومەتی عێراق ئەم بارودۆخە نەخوازراوەی هەر دروست دەکرد، چۆن ئەو بارودۆخە دەخوێنیتەوە و ئایا مەزندەی ئەم بارودۆخەی ئێستاتان دەکرد؟**

- ئەگەر بە وردی شیکارێکی تانوپۆی ڕووداوەکان و لێکەوتەکان و کاتەکان و بڕی ئەو هێزانە بکەین کە بوونە هۆی هاتنەئارای ئەو دۆخانە دوای خیانەتی ١٦ ی ئۆکتۆبەر، بۆمان دەردەکەویت، ئەوەندەی فاکتەری بابەتی کاریگەرییان هەبووە لەسەر دروستبوونی ئەو دۆخە، هێندە بابەتە خودییەکان کە خۆی لە ریفراندۆمدا دەبینێتەوە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی نەبووە. لێرەوە دبێت دوو خاڵ جیا بکەینەوە، پەیوەندیی کوردستان بە بەغداوە و لێکەوتەکانی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر لە گەل بارودۆخی سیاسی و ئابووری ناوخۆی کوردستان.

لە پەیوەندی بە ئێمە و بەغدا، ئەسڵەن بڕیاری ریفراندۆم دەرئەنجامی کەڵەکەبوونی کۆی ئەو کێشانە بوون کە لە دوای ٢٠٠٣وە لەگەڵ بەغدا هەبووە. ئەو عێراقەی کە بڕیار بوو لە سەر بنەماکانی سازان، هاوسەنگی، فیدراڵییەت، دەستوور، مافی گەلی کوردستان زامن بکات، کۆتایی پێ هاتبوو. زاڵبوونی عەقڵییەتی مەرکەزخوازی، دژە فیدراڵییەت، پێشێلکردنی دەستوور و پابەندنەبوون پێی و جێبەجێ نەکردنی ئەو ماددانەی کە بۆ کوردستان کلیلی مانەوەی بوو لە عێراق، شکستی دەوڵەت و بە مەزهەبی کردنی هێزە ئەمنی و سەربازییەکان، بڕینی بودجە، شکستی دەوڵەت،پەلاماری سەربازی لە ٢٠٠٨، دروستکردنی عەمەلیاتی دیجلە بۆ داگیرکردنی کەرکووك، دواخستنی عەمەلیەی حەویجە بۆ مۆڵدانی زۆرترین هێز و داگیرکردنی کەرکووك، ڕووداوەکانی خورماتوو بەر لە ریفراندۆم، هەموو ئەمانە بوونە پاڵنەری سەرەکی بۆ ئەوەی سەرکردایەتی سیاسی بڕیار لە ریفراندۆم بدات، بۆ ئەوەی گەلی کوردستان بڕیار بدات کە چ جۆرە ئایندەیەکی دەوێت.

*** بەڵام بەشێك لە لایەنەکان خۆیان لە بەرپرسیاری دەدزنەوە و دەڵێن ریفراندۆم بڕیاری پارتی بووە، ئەوە تا چەند وایە؟**

- لەگەڵ ڕێزمدا، بەڵام ئەوانەی وا دەڵێن، بەتایبەت هەندێك بەرپرسی ناو یەکێتی ڕاست ناکەن و موزایەدە دەکەن و سەریان لێشێواوە، ئەسڵەن بڕیاری سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی بۆ پشتیوانی لە ریفراندۆم ئەوە بوو کە دەبێت پەرلەمان کارا بکرێت و لە ناو پەرلەمان بڕیاری لێبدرێت و لە ناوچەکانی ماددەی ١٤٠یش گشتپرسی بکرێت، هەموو ئەمەش ئەنجامدرا. کە لە تەموزی ٢٠١٤ سەرۆك بارزانی چووە پەرلەمان، داوای دروستکردنی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی کرد، دواتر کە پەرلەمان

**لە نیسانی ٢٠١٥ سەرۆک بارزانی لەگەڵ هەموو لایەنەکان کۆبوویەوە بەر لە سەفەری ئەمریکا و بۆی باسکردن کە بابەتی سەربەخۆیی و ریفراندۆم لەگەڵ ئۆباما باس دەکات و داوای رای لایەنەکانی کرد، هەر هەموویان پشتگیرییان کرد**

**ئەوانەی داوای حکومەتی ئینقاز دەکەن، بە شوێن پێگەی سیاسی خۆیان و شکڵگرتنی هەویەی سیاسی و دەستکەوتی سیاسین. هەڵبژاردن و گەڕانەوە بۆ رای خەڵک باشترین چارەسەرە تا بزانین گەلی کوردستان متمانە بە کێ دەدات بۆ ئەوەی بۆ چوار ساڵی ئایندە ئیدارەی حوکمڕانی بکات**

**دەرکەوت حکومەتی بنکەفراوان بە بێ پاڵپشتی لایەنەکانی ناو خودی حکومەت رێگرییەکی گەورەی بەردەم کارەکانی حکومەتە، بۆیە پرۆسەی سیاسی کوردستان پێویستییەکی زۆری بە نوێبوونەوەو دروستکردنەوەی متمانە و مەشروعییەتی کاری حوکمڕانی هەیە، ئەوەش تەنیا بە هەڵبژاردن دەکرێت**

**ئەوەی لە سلێمانی و دەوروبەری روویدا و ئەگەری روودانی هێشتا ماوە، بە روونی بۆ ئەوە بوو شکست بە حکومەتی هەرێم بێنن، ئیدارەی نەهێڵن، بە پەلاماری بارگەکانی پارتی وا لە پارتی و جەماوەرەکەی بکەن لە هەولێر و دهۆک کاردانەوەیان بەرامبەر بە بارەگای حزبەکانی دیکە هەبێت و بەوەش زەمینەی دووئیدارەیی بەهێزتر بکەن**

دەنگی بۆ دا، خۆ بە تەنیا بڕیاری پارتی نەبوو. مەگەر ناوی راپرسی لە کۆمیسیۆنەکە بۆ چی بوو؟ بۆ ئەوە بوو دامەزراوەیەکمان هەبێت، ریفراندۆم بکات. لە نیسانی ٢٠١٥ سەرۆك بارزانی لەگەڵ هەموو لایەنکان کۆبوویەوە بەر لە سەفەری ئەمریکا و بۆی باسکردن کە بابەتی سەربەخۆیی و ریفراندۆم لەگەڵ ئۆباما باس دەکات و داوای رای لایەنەکانی کرد، هەر هەموویان پشتگیرییان کرد. لە ١٨-٥-٢٠١٥ کە جەنابیان لە سەفەری ئەمریکا هاتەوە، دیسان لەگەڵ هەموو لایەنەکان کۆبوویەوە، ئەو بابەتەی لەگەڵ باسکردن، داوای نەخشەڕێگای لە هەموویان کرد. لە ٢٦-١-٢٠١٦ هەموو لایەنە سیاسییەکان جگە لە کۆمەڵ و گۆڕان لای سەرۆك بارزانی کۆبوونەوە، شەش بڕیار دەرکرا، بڕیاری دووەم ئەوە بوو کە دەبێت لە کوردستان ریفراندۆم بکرێت و بڕیارێکی جەماعی بوو. لەمانگی ٩ی ٢٠١٦ سەرۆك بارزانی و شاندی باڵای کوردستان کە لەهەموو لایەنەکان پێکهاتبوو، چوونە بەغداو لەیەك رۆژ ١١ کۆبوونەوەیان لەگەڵ هەموو لایەنەکانی بەغدا کردو بابەتی ریفراندۆم باسکرا. لەمانگی ٣ی ٢٠١٧ گۆتیرس سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان هاتە کوردستان، سەرۆك بارزانی و ژمارەیەك لە نوێنەری لایەنەکان لەگەڵی کۆبوونەوە و سەرۆك بارزانی پێی وت کە ئێمە ئەمساڵ ریفراندۆم دەکەین. لە رۆژی ٧ی ٦ی ٢٠١٧ کە کۆبوونەوەی سەرجەم لایەنە سیاسییەکان کرد، بۆ دیاریکردنی رۆژی ریفراندۆم، هەموو لایەنەکان لەوێ بوون و کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسیش لەوێ بوون، ئەسڵەن نوێنەری یەکێتی لە کۆبوونەوەکە رایان وابوو لە ١٥ی ٩ بکرێت، کاك کۆسرەت بە روونی گوتی: ١٠٠٪ لەگەڵ ریفراندۆمین، هەمووان بەرپرسیارانە رۆژەکەیان دیاریکرد، چونکە کۆمیسیۆن رایانگەیاند چوار مانگیان پێویستە. لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی باڵای ریفراندۆم بەردەوام هەموو لایەنەکان لەوێ بوون، بۆیە ئەوەی دەڵێت ریفراندۆم تەنیا بڕیاری پارتی و بارزانی بووە، نازانێت کە خزمەتێکی گەورەی پارتی دەکات، چونکە شەرەفی گەورەترین دەستکەوتی مێژووی کورد لە ١٠٠ ساڵی رابردوودا دەنگی نزیکەی سێ ملیۆن کەس بووە بۆ سەربەخۆیی، ئێمە شانازی دەکەین و لە بەرپرسیاریەتی را ناکەین.

*** با بێینەوە سەر بارودۆخەکە کە تەواوت نەکرد، ئایا ئەو دۆخە بەرئەنجامی ریفراندۆمە؟**

- لە وەڵامی پێشوو باسم کرد کە لە کۆی پەیوەندی ئێمە و بەغدا شکستی عێراقی دوای ٢٠٠٣ وای کرد کە گەلی کوردستان و سەرکردایەتییەکەی بڕیاری ریفراندۆم بدات. با بە روونی بیڵێین، دەسەڵاتی فیعلی لە بەغدا مەرج نییە تەنیا عەبادی بێت، ئەوانەی لە ناو بەغدا و لەسەر ئاستی هەرێمایەتی جووڵەی ئەساسی بە بڕیاری بەغدا دەکەن، لە دوای ٢٠٠٦ـەوە بە بەرنامە کار لەسەر نەهێشتنی رەنگ و کاریگەریی سوننە لەناو دەسەڵاتی بەغدا دەکەن، هەڵبەتە سوننەش خۆیان بەهۆی دابەشبوون و مانەوەی زیهنییەتی بەعس و تەشەنەسەندنی فکری توندڕەوی لە ناویان و دەستتێوەردان و ململانێی وڵاتانی دیکەی سوننە لە عێراق، فاکتەری رێگەخۆشکەر بوون تا لە عێراق تەسفیەی سوننە بکرێت. هاوتەریب لەگەڵ لاوازکردن و نەهێشتنی سوننە، کار لەسەر لاوازکردنی کوردستان بە پلەی دووەم کراوە، کە ماددەی ١٤٠ جێبەجێ ناکەن، بۆ ئەوەی کەرکووك نەیەتەوە سەر کوردستان، بودجەی ١٧٪ هیچ کاتێك نانێرن، تەسفییەی کورد لە ناو سوپا بە پلان دەکەن، کێشە بۆ نەوت و گازی کوردستان و گرێبەستەکانی دروست دەکەن و یاسای نەوت و گازی ئیتیحادی دەرناکەن، هەموو ئەوانە لە خۆیەوە نەبووە، ستراتیژ و پلان هەبووەو بە بەرنامە کراوە. داعش ئەوەندەی خزمەتی ئەو ئەجێندایەی کردو بە قازانجی باڵادەستیی دەسەڵاتی فیعلی لە ناو بەغدا بوو، ئەوەندە زیانی پێنەگەیاند. بۆیە ئەوەی پێی وابێت ریفراندۆم هۆکار بووە، جگە لە کینەو خوێندنەوەی رووکەش و موزایەدەی سیاسی هیچی دیکە نییە.

*** ئەی دۆخی ناوخۆی کوردستان دوای ریفراندۆم، ئایا بە هۆی ریفراندۆم بووە؟**

- دۆخی ناوخۆی کوردستان ئەویش دوو بەشە، لایەنی ئابووری و باری دارایی خەڵکی کوردستان، لەگەڵ دۆخی سیاسی و پەیوەندی نێوان لایەنەکان و خەڵك و دامەزراوەکانی حکومەت. لایەنی ئابووری، کۆمەڵێك فاکتەری هەیە، وەك: بڕینی بودجە لە مانگی ٢ی ٢٠١٤وە کە کاریگەریی گەورەی هەبووە، دابەزینی نرخی نەوت، شەڕی داعش و کەمبوونەوەی

سەرمایەگوزاری و کاری کۆمپانیاکان و پەیوەندیی بازرگانی، هاتنی ئەو هەموو ئاوارەو پەنابەرەی ناوخۆی عێراق و سووریا و گوشار لەسەر تواناکانی هەریم، جگە لەوەش هەڵە و کەموکوڕییە ئیداری و مالییەکانی خۆمان و کەڵەکەبوونی ئەو هەڵە ئیدارییانە بە هۆی دووئیدارەیی پێشتر و ململانێی حزبی لە ناو حکومەت، لە رووی سیاسیشەوە، شاراوە نییە کە دۆخی ناوخۆی یەکێتی و جیابوونەوەی گۆڕان و دۆخی ناو سلێمانی و درز کەوتنە ناو پەیوەندیی لایەنەکان و رێگەخۆشکردن بۆ دەستکێشی ئەجێنداکانی بەغدا و ئیمتیدادە ئیقلیمییەکانی وای کرد کە تەنگەژەی متمانە دروست بێت. هەروەها بوونی لایەنەکان لە ناو حکومەت لەسەر بنەمای تەوافوق رێککەوتنی سیاسی بووە، بەڵام کوشتنی تەوافوق لە ٢٣ی حوزەیران و پاڵپشتی نەکردنی هێزەکان کە بۆخۆیان لەناو حکومەتن و لە بڕیار و شێوەی کاری حکومەت بەشدارن و هاوکات جووڵاندنی فراکسیۆن و میدیا و خەڵکەکیان دژ بە پارتی و حکومەت و نەمانی مەرکەزی بڕیار و یەکلاکەرەوە لە ناو یەکێتی و گۆڕان، هەڵتۆقینی خەڵکی دیکە، ئەمانە هەمووی فاکتەری خولقێنەری ئەو دۆخە سیاسییەی ناوخۆ بوون.

*** ئەوە ماوەی زیاتر لە دوو مانگە کوردستان داوای دیالۆگ لە چوارچێوەی دەستوور لەگەڵ حکومەتی عەبادی دەکات، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش هەمان داوا دەکات، بەڵام هەتا ئێستا حکومەتی عەبادی ئامادە نییە دیالۆگ لەگەڵ کوردستان بکات، ئەم عینادییەی حکومەتی عەبادی چۆن دەخوێننەوە؟ ئایا ئەگەر عەبادی مل بۆ دیالۆگ نەدات، ئێمە وەك کوردستان چ بژارە، یان ئۆپشنی دیکەمان لەبەردەمدایە؟**

- بە هۆی درزی ناوخۆیی و دەستکێشی ناوخۆیی کە رووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەری لێکەوتەوەو ئەوەش زۆر هاوکێشەی گۆڕی، دەسەڵاتی بەغدا پێی وایە دەرفەتێکی زێڕینی بۆ هەڵکەوتووە، تا زەفەرێکی زۆر بە کیانی سیاسیی کوردستان ببەن، خاکەکەی داگیر بکەنەوە، سایکۆلۆژیای ئیرادە و مقاوەمەی کوردستان و خەڵکەکەی وەها بشکێنن کە جارێکی دیکە سەرهەڵنەداتەوە، بۆیە دەبێت ورد بین لەوەی ئایا ئەوە تەنیا عەبادی-یە نایەوێت گفتوگۆ بکات، یان تەنیا عەبادی رەنگی ئەو تەونانەی دەسەڵاتی فیعلی بەغدایە؟ دەسەڵاتدارانی بەغدا پێیانوایە بە گفتوگۆنەکردن دەتوانن زۆرترین مەرج و شکاندن لەسەر هەرێمی کوردستان بسەپێنن. پێیانوایە لە شەڕی داعش سەرکەوتوو بوون، عێراق بووەتە گۆڕەپانی شەڕی بە وەکالەت Proxy War و ئەوەش دەرفەتێکی داوەتە بەغدا کە جددیتر نەیەتەپێش، جگە لەوەش موزایەداتی ناوخۆیی و بەرەو هەڵبژاردن و ململانێی توند لە بەغدا وای کردووە کە جارێ جگە لە غروور، بابەتێکی ئەوتۆ لای عەبادی نەبێت. پرسیار ئەوەیە، ئایا هاوکێشەکان نەگۆڕن، یان داینامیکین، چ لە سەر ئاستی ناوخۆیی و چ لە سەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی؟ ئۆپشنی بەردەم گەلی کوردستان هەیەو زیاتریش دەبێت. بەرگریی قارەمانانەی پێشمەرگە لە میحوەری پردێ و زمار و مەحمودیە و تەلسقوف زۆر هاوکێشەی گۆڕی. هاوکێشەی ئیقلیمی لە گۆڕانێکی بەردەوامە، گوشاری نێودەوڵەتی لەسەر عەبادی لە زیادبوونە، دابەشبوونی هێزە شیعەکان و پەرتەوازیی پێش هەڵبژاردنیان و ململانێیەکانی ناو خودی دەعوە، وادەکات لە یەك دوو مانگی ئایندە دەرفەتی گفتوگۆ هەبێت، ئەگەرنا حەتمەن هەرێمی کوردستان دەستەوەستان نابێت و بیر لە ئۆپشنی دیکە دەکاتەوە، بەڵام جارێ پێویست ناکات بچینە ناو وردەکاری.

*** بارۆدخی ئێستای سلێمانی و دەوروبەری (زۆنی سەوز) وەك دەبینین جۆرێك لە ئاژاوەگێڕی تێدا بەڕێوەدەچێت لە ژێر پەردەی خۆپیشاندان و خەمی خەڵك، بەڵام لە بنەڕەتدا لە پیلانێك دەچێت دژی هەرێمی کوردستان، پرسیار ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ بارودۆخێکی وەك ئەوەی ئێستای سلێمانی دەکرێت، کە خۆمان دەبینین خەریکە تەڕ و وشك پێکەوە دەسووتێت؟**

- کیشەی بنەڕەتی لە سلێمانی کێشەی سیاسیی سەرکردایەتیکردنی ئیداری و سیاسییە، بە هۆی کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی و جیابوونەوەی گۆڕان و بەرزی و نزمیی پەیوەندییەکانی گۆڕان و یەکێتی و کێشە ناوخۆییەکانی ناو یەکێتی و ناو گۆڕان و نەمانی مەرکەزی بڕیار و هەڵتۆقینی خەڵك و لایەنی دیکە بۆ ئەجێندای شەخسی و دنەدانی شەقام و پاشان سواربوونی شەپۆل بۆ دەستکەوت و پێگە لە ناو پرۆسەی سیاسییە.

**بۆ جێبەجێکردنی قۆناغی دووەمی پلانی لاوازکردنی کوردستان، بۆ ئەوەی ئەو ئامانجە بێننەدی کە کوردستان لە ریفراندۆم و داوای سەربەخۆیی، هاتە سەر شەڕی ناوخۆ و دووئیدارەیی بۆ ئەوەی ئیرادەی نەتەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەش بشکێنن و لە ناخی ئینسانی کورددا توێی بێ ئیرادەیی بچێنن و نەتوانین دەستپێشخەری بکەین و کورد وەک زەلیل و بندەست بهێڵنەوە**

**دابەشکردنی کوردستان و دابڕینی سلێمانی لە هەرێمی کوردستان و نانەوەی شەڕی ناوخۆ و دروستکردنەوەی دووئیدارەییە. هەڵبەت ئەمە ئامانجی سەرەکیی ئەو هێزانەیە کە لە ئاستی کوردستان خۆیان بە بچووک دەبینن و ناتوانن کاریگەرییان هەبێت، بۆیە لە بچووکبوونەوەی سلێمانی، خۆیان پێ گەورە دێتە پێش چاو**

**کیشەی بنەڕەتی لە سلێمانی کێشەی سیاسیی سەرکردایەتیکردنی ئیداری و سیاسییە، بە هۆی کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی و جیابوونەوەی گۆڕان و بەرزی و نزمیی پەیوەندییەکانی گۆڕان و یەکێتی و کێشە ناوخۆییەکانی ناو یەکێتی و ناو گۆڕان و نەمانی مەرکەزی بڕیار و هەڵتۆقینی خەڵک و لایەنی دیکە بۆ ئەجێندای شەخسی و دنەدانی شەقام و پاشان سواربوونی شەپۆل بۆ دەستکەوت و پێگە لە ناو پرۆسەی سیاسییە**

**بەرگری قارەمانانەی پێشمەرگە لە میحوەری پردێ و زومار و مەحمودیە و تەلسقوف زۆر هاوکێشەی گۆڕی. هاوکێشەی ئیقلیمی لە گۆڕانێکی بەردەوامە، گوشاری نێودەوڵەتی لەسەر عەبادی لە زیادبوونە، دابەشبوونی هێزە شیعەکان و پەرتەوازیی پێش هەڵبژاردنیان و ململانێییەکانی ناو خودی دەعوە، وادەکات لە یەک دوو مانگی ئایندە دەرفەتی گفتوگۆ هەبێت، ئەگەرنا حەتمەن هەرێمی کوردستان دەستەوەستان نابێت و بیر لە ئۆپشنی دیکە دەکاتەوە، بەڵام جارێ پێویست ناکات بچینە ناو وردەکاری**

بەلگەش بۆ ئەمە، خۆ لە ڕووداوەکانی ١٧ی شوبات و دواتر لە ٢٠١١، نە کێشەی ئابووریی خەڵك و نە گرفتی مووچە نەبوو، بەڵکو زۆر لە ئاستێکی باشی ماڵی و خزمەتگوزاری بووین، بەڵام بینیمان چۆن ئاژاوە دروستکرا و کوڕی خەڵکی بە کوشت دراو هەندێك دەستکەوتی سیاسییان لێ چنییەوە. ئەوەی بە داخەوە لە ١٨ی ئەم مانگەوە ڕوودەدات، درێژکراوەی ڕووداوەکانی پیشووترە، بەداخەوە ئەگەر ئەو ڕووداوانە یەك ناونیشانیان پێ بدەین، دابەشکردنی کوردستان و دابڕینی سلێمانی لە هەرێمی کوردستان و نانەوەی شەڕی ناوخۆ و دروستکردنەوەی دووئیدارەییە. هەڵبەت ئەمە ئامانجی سەرەکیی ئەو هێزانەیە کە لە ئاستی کوردستان خۆیان بە بچووك دەبینن و ناتوانن کاریگەرییان هەبێت، بۆیە لە بچووکبوونەوەی سلێمانی، خۆیان پێ گەورە دێتە پێش چاو. هەڵبەتە درێژکراوەی ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەریشە بۆ جێبەجێکردنی قۆناغی دووەمی پلانی لاوازکردنی کوردستان، بۆ ئەوەی ئەو ئامانجە بێننەدی کە کوردستان لە ریفراندۆم و داوای سەربەخۆیی، هاتە سەر شەڕی ناوخۆ و دووئیدارەیی بۆ ئەوەی ئیرادەی نەتەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەش بشکێنن و لە ناخی ئینسانی کورددا تۆوی بێ ئیرادەیی بچێنن و نەتوانین دەستپێشخەری بکەین و کورد وەك زەلیل و بندەست بهێڵنەوە. هەموو ئاماژە و زانیارییەکان پشتڕاستی ئەم بابەتە دەکەنەوە، جگە لەوەش ئەجیندای ململانێی ناوخۆیی ناو خودی حزبەکانی سلێمانی بۆ ملشکاندن و پێشخستنی ئەجیندای شەخسی و خێزانی تێدایە. لەسەرووی ئەمەشەوە خواستی ڕەوای خەڵك لە داواکردنی مووچە و باشترکردنی بژێوی و دەرفەتی کار هەیە. بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئایا بە سووتاندنی بارەگای قائیمقامیەت و تەقەکردن و هێرشکردنە سەر بارەگا حزبییەکان و هەڕەشەکردن لە بەرپرسی فەرمانگەکان بۆ دەست لەکارکێشانەوەو شەلەلکردنی دامەزراوەکانی حکومەت، داخوازی ڕەوای خەڵك دێتەدی؟ ئایا بەوە بودجەی بڕاوی کوردستان دەگەڕێتەوە؟ ئایا بەوە نرخی نەوت دەچێتەوە سەر؟ بۆیە ئەوەی لە سلێمانی و دەوروبەری ڕوویدا و ئەگەری ڕوودانی هێشتا ماوە، بە ڕوونی بۆ ئەوە بوو شکست بە حکومەتی هەریم بێنن، ئیدارەی نەهێڵن، بە پەلاماری بارەگاکانی پارتی وا لە پارتی و جەماوەرەکەی بکەن لە هەولێر و دهۆك کاردانەوەیان بەرامبەر بە بارەگای حزبەکانی دیکە هەبێت و بەوەش زەمینەی دووئیدارەیی بەهێزتر بکەن. تەرکیزی ڕێکخەران و پاڵپشتیکەرانی ئەو ڕووداوانە لەسەر ناحیە و قەزاکان و دەوروبەر و پاشان بۆ ناو مەرکەزی سلێمانی، بە ڕوونی ڕەنگی بەرنامەکە دەردەخات، کشانەوەی گۆڕان و کۆمەڵ لە حکومەت لەو تەوقیتە، پرسیاری زۆر لە سەر زۆر بابەتی دیکەش دروست دەکات. بۆیە باشترین مامەڵە ئەوەیە کە خواستی ڕەوای خەڵك لە ئەجیندای سیاسی جیا بکەینەوە، پێویستە ئەوانەی لە ناو لایەنەکانی دیکەن و لەگەڵ پارتی باوەڕیان بە مانەوەی کیانی سیاسی و دەستکەوتەکانی کوردستان هەیەو دژی دووئیدارەیی و هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆن، بەرەیەکی سیاسیی تۆکمە دروست بکەینەوە و بە هەموو هێز و تواناوە ڕێگری لەو هەولانە بکەین.

*** پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەم قۆناخە هەڵبژاردنی پێشوەختە بە چارەسەرێك دەزانێت، هەروەها حکومەتیش نامەی بۆ پەرلەمان ناردووە لەماوەی سێ مانگی دادێ هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدرێت، پرسیار ئەوەیە ئایا هەڵبژاردنی پێشوەختە دەبێتە کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکان؟**

- دەرکەوت حکومەتی بنکەفراوان بە بێ پاڵپشتی لایەنەکانی ناو خودی حکومەت ڕێگرییەکی گەورەی بەردەم کارەکانی حکومەتە، بۆیە پرۆسەی سیاسیی کوردستان پێویستییەکی زۆری بە نوێبوونەوەو دروستکردنەوەی متمانە و مەشروعییەتی کاری حوکمڕانی هەیە، ئەوەش تەنیا بە هەڵبژاردن دەکرێت. هەڵبەتە هەڵبژاردن نابیتە کلیلی سیحری بۆ چارەسەری هەموو کیشە ئابووری و سیاسییەکان، بەڵام حەتمەن نەخشەیەکی نوێی سیاسی دروست دەکات، ریزبەندیی نوێی هێزەکان دیاری دەکات، ئەو کات دەتوانرێت کابینەیەکی تۆکمەتر دروست بکریت کە پشتیوانی زۆرینەی پەرلەمانی بە فیعلی لەگەڵ بێت.

*** هەندێك لایەنی سیاسی هەڵبژاردنی پێشوەختە ڕەتدەکەنەوە و حکومەتی ئینقازی نیشتمانی بە چارەسەر دەزانن، ئایا پارتی دیموکراتی کوردستان بۆچی ئەم پێشنیارە ڕەتدەکاتەوە؟**

**بە هۆی درزی ناوخۆیی و دەستکێشی ناوخۆیی کە ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەری لێکەوتەوەو ئەوەش زۆر هاوکێشەی گۆڕی، دەسەڵاتی بەغدا پێی وایە دەرفەتێکی زێڕینی بۆ هەڵکەوتووە، تا زەفەرێکی زۆر بە کیانی سیاسیی کوردستان ببەن، خاکەکەی داگیر بکەنەوە، سایکۆلۆژیای ئیرادە و مقاوەمەی کوردستان و خەڵکەکەی وەها بشکێنن کە جارێکی دیکە سەرهەڵنەداتەوە**

- لەبەر ئەوەی مەبەست لە حکومەتی ئیقاز، روون نییە. ئینقاز لە چی؟ بۆ کەی؟ تا چەند ئەو حکومەتە هەبێت؟ لە کێ پێکدێت؟ وەڵامەکان روونن، ئەوانەی داوای حکومەتی ئینقاز دەکەن، بە شوێن پێگەی سیاسی خۆیان و شکڵگرتنی هەویەی سیاسی و دەستکەوتی سیاسین. هەڵبژاردن و گەڕانەوە بۆ رای خەڵك باشترین چارەسەرە تا بزانین گەلی کوردستان متمانە بە کێ دەدات بۆ ئەوەی بۆ چوار ساڵی ئایندە ئیدارەی حوکمڕانی بکات. ئێستا هەندێك لەلایەنەکان لە هەڵبژاردن دەترسن و بە بیانووی تۆماری دەنگدەران، دەیانەوێت هەڵبژاردن نەکرێت، بەڵام پارتی ئامادەیە لە ناو کۆمیسیۆن و وەزارەتە تایبەتمەندەکان، بە ئامادەیی هەموو لایەنە سیاسییەکان ئەوەی پێویستە بکرێت بۆ نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران، بەڵام نابێت بە هیچ شێوەیەك رێگری لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن بکرێت و باشترین چارەسەر ئەوەیە لە سێ مانگی ئایندە هەڵبژاردن بکەین.

*** لە ئێستادا فەرەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیا بە فەرمی داوەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کردووە، هەروەها وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکاش پشتگیری خۆیان بۆ حکومەتی هەرێم و دیالۆگی نێوان هەولێر و بەغدا پیشانداوە، ئایا وەك کەسێك کەپێشتر بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی بوویت، چۆن ئەم هەوڵە نێودەوڵەتییانە دەخوێنیتەوە؟ ئایا ئەمە دەبێتە سەرەتایەك بۆ ئەوەی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی کوردستان لەگەڵ جیهان بگەڕێتەوە بۆ پێش ٢٥ی ئەیلولی رابردوو؟**

* وەك لە وەڵامی پرسیارێکی پێشووتردا باسمکرد، هاوکێشە سیاسییەکان لە سەر ئاستی ناوخۆ و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی، داینامیکین و لە گۆڕانی بەردەوامن. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئێستا باشتر بۆیان روون بووەتەوەو زانیارییان هەیە و دەبینن کە رووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەر تەنیا بڵاوەپێکردنی هێزی ئیتیحادی بە تەنسیق لەگەڵ هەرێم لە ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ نەبوو. بینیمان حەشدی شەعبی و بەرپرسانی سوپای پاسدارانی ئێران رۆڵی پێشەنگیان لە داگیرکردنەوەی ناوچەکان بینی، ئاوارەکردنی ١٨٠ هەزار کەس لە کەرکووك و خورماتوو، رێگری لە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی دیکەو رێگری لە گەڕانەوەی ئاوارەکان و تەواونەبوونی رادیکالیزمی ئیسلامی و هەوڵەکانی نەهێشتنی کیانی سیاسی و دەستووری هەرێمی کوردستان و ئامادەنەبوونی بەغدا بۆ گفتوگۆ، هەموو ئەم فاکتەرانە وای کردووە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەورووپی بەتایبەتی، گوشاری زیاتر بۆ بەغدا بێنن و ئابلۆقەی سەر هەرێمی کوردستان بشکێنن. بینیمان ئەو داوەتکردنە فەرمییانەی کە بۆ کاك نێچیرڤان کران، هەوڵی بەردەوامیانە بۆ پارسەنگکردنەوەی هاوکێشە لاسەنگ بووەکە. ئیمە دڵنیاین هاوکێشەکان گۆڕانی دیکەشیان بە سەردا دێت.

*** حەیدەر عەبادی کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعش راگەیاند، لەو بۆنەیەدا بە هیچ شێوەیەك باسی رۆڵی پێشمەرگەی کوردستانی نەکرد، هەروەها لە یەك دوو رۆژی رابردووش چەکدرانی داعش هێرشیان کردە سەر هێزی پێشمەرگە لەلای مەخموور، ئەمەش مانای ئەوەیە هێشتا شەڕی داعش تەواو نەبووە، ئایا بە رای تۆ داعش کۆتایی هاتووە؟ ئەگەر کۆتایی نەهاتبێت، ئایا هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش وەك پێشان هاوکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات؟**

- ئەسلەن داعش بەرهەمی ژینگەیەك و کۆمەڵێك فاکتەرە کە هێشتا نەك ئەو ژینگە و فاکتەرانە لەناو نەچوون، بەڵکو بە بەهێزی ماونەتەوە. ئەوەی زەمینەی بۆ قاعیدە و داعش و گروپی تیرۆرسیتی دروست کرد، شکستی عێراق بوو وەك دەوڵەت، خراپیی دۆخی سوننەو شەڕی مەزهەبی و هەستکردن بە ئیهانە و شکاندنی کەرامەتیان لەلایەن میلیشیا مەزهەبییەکانەوە بووە، قۆستنەوەی ئەو دۆخە لەلایەن وڵاتانی دیکە بۆ شەڕی بە وەکالەت، نەبوونی خزمەتگوزاری و ئاسایش و سەقامگیری لێکەوتووەتەوە. ئەوەی بەدەست هاتووە، شکستی عەسکەری داعشە، کە جوگرافیای بوونی لەدەستداوە، بەڵام شکستی ئایدیۆلۆژی و زەمینەو فیکر و ژینگەی بەرهەمهێنی توندڕەوی ماوەتەوە. داعش گەڕاوەتەوە بۆ تەکتیکی تیرۆریستی پێش گرتنی موسڵ لە مانگی ٦ی ٢٠١٤ و کۆتایی پێ نەهاتووە. ئەوەی رۆژی ٢٠١٧/١٢/١٩ لە قەرەچووغ روویدا و پێشمەرگە قارەمانەکان رووبەڕوویان بوونەوە، بەلگەی ئەوەیە کە داعش کۆتایی نەهاتووە.

**ئەوەی دەڵێت ریفراندۆم تەنیا بڕیاری پارتی و بارزانی بووە، نازانێت کە خزمەتێکی گەورەی پارتی دەکات، چونکە شەرەفی گەورەترین دەستکەوتی مێژووی کورد لە ١٠٠ ساڵی رابردوودا دەنگی نزیکەی سێ ملیۆن کەس بووە بۆ سەربەخۆیی**

**دۆخی ناوخۆی یەکێتی و جیابوونەوەی گۆڕان و دۆخی ناو سلێمانی و درز کەوتنە ناو پەیوەندیی لایەنەکان و رێگەخۆشکردن بۆ دەستکێشی ئەجێنداکانی بەغدا و ئیمتیدادە ئیقلیمییەکانی وای کرد کە تەنگەژەی متمانە دروست بێت**

**لەمانگی ٩ی ٢٠١٦ سەرۆک بارزانی و شاندی باڵای کوردستان کە لەهەموو لایەنەکان پێکهاتبوو، چوونە بەغداو لەیەک رۆژ ١١ کۆبوونەوەیان لەگەڵ هەموو لایەنەکانی بەغدا کردو بابەتی ریفراندۆم باسکرا. لەمانگی ٣ی ٢٠١٧ گۆتیرس سکرتیری نەتەوەیەکگرتووەکان هاتە کوردستان، سەرۆک بارزانی و ژمارەیک لە نوێنەری لایەنەکان لەگەڵی کۆبوونەوە و سەرۆک بارزانی پێی وت کە ئێمە ئەمساڵ ریفراندۆم دەکەین**

خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە بۆ چەمکی حزب لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستاندا

# کاتێک جەهلی سیاسی رێگەنادات بیر لە کوردبوون و کوردستانیبوونمان بکەینەوە





**بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی بە بڕیاری کشانەوەیان لە حکومەت، نەک هەر دەیانەوێت لە بەرپرسیاریەتی هەڵبێن، بەڵکو دەیانەوێت ئەم بارودۆخە بە فرسەت وەربگرن و ببنە هۆکاریکی یارمەتیدەر بۆ ئەوەی خزمەتێکی بەلاش پێشکەشی داگیرکارانی کوردستان بکەن و حکومەتی خۆیان بڕووخێنن**

**ئاشکرایە بەهۆی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە، تەواوی خەڵکی کوردستان دوچاری نەهامەتی و بێ مووچەیی بوونەتەوە و گوزەرانیان سەخت بووە، بەڵام ئەم قەیران و بارە سەختەی کەوتۆتە سەرشانی خەڵک، بەوە چارەسەر ناکرێت، نەهامەتی و خراپی گوزەرانی خەڵک بکرێتە چەک و حکومەتەکەی خۆتی پێ بڕووخێنیت**

**حکومەتی عەبادی و لایەنەکانی دیکەی شیعەی عێراق و سوپای قودسی سوپای پاسداران، خۆیان کردۆتە داکۆکیکار لە نارەزایی خەڵک و جەهلی سیاسیی (گۆڕان و کۆمەڵ)یان کردۆتە پەردەیەک و ئامانجی داگیرکردنی کوردستانی پێ دەشارنەوە**

فرانسیس فۆکۆیاما دەڵێت: «لە وڵاتێکدا جیاوازی لە نێوان بەرژەوەندیی گشتی و بەرژەوەندیی تایبەتی بەرپرسەکان بوونی نەبێت، ئەوا ناتوانین پێناسەی گەندەڵی بکەین و کەسیش بە گەندەڵ تۆمەتبار بکەین، هەر بۆیە ئەگەر بمانەوێت گەندەڵی دەستنیشان بکەین، ئەوا پێش هەموو شت دەبێت بەرژەوەندیی گشتی و بەرژەوەندیی تایبەتی بەرپرسەکان لەیەکتری جیا بکەینەوە و هەر کاتێك بەرژەوەندیی گشتی کرا بە قوربانیی بەرژەوەندیی تایبەتی، ئەوا ئەو کاتە دەتوانین گەندەڵی دەستنیشان بکەین.»

هەر لەسەر ئەم بنەمایە، ئەگەر لە وڵاتێکدا جیاوازی لە نێوان بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانی و بیرکردنەوەی تەسکی حزبایەتی نەبێت، ئەوا ناتوانین پێناسەی رەفتاری نانیشتمانی، یان (خیانەت) بکەین، بۆیە ئەگەر بمانەوێت رەفتاری نانیشتمانی دەستنیشان بکەین، ئەوا دەبێت پێش هەموو شت، بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانی و بیرکردنەوەی تەسکی حزبایەتی لێك جیابکەینەوە، لەم حاڵەتەشدا ئەگەر بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانی کرا بە قوربانیی بیرکردنەوەی تەسکی حزبایەتی، ئەو کات دەتوانین رەفتاری نانیشتمانی، یان خیانەت دەستنیشان بکەین.

محەمەد ئەرەگۆن بیرمەندی گەورەی فەرەنسی و بە رەچەڵەك جەزائیری لە کتێبی (فیکری ئیسلامی و خوێندنەوەیەکی زانستییانە) جەخت لەسەر ئەقڵی عەقیدی دەکاتەوە کە چۆن ئەم ئەقڵە هەندێك بواری خستۆتە دەرەوەی بیرکردنەوە(اللامفكر فيه)، قەدەغەی کردووە کە موسڵمانان بیریان لێ بکاتەوە، هەربۆیە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامی لەبری ئەوەی مەعریفە بەرهەم بهێنن بۆ خۆشگوزەرانی گەلەکانیان، ئەوا بەشێوەیەکی دامەزراوەیی جەهل بەرهەم دەهێنن و ئەو جەهلەش لەلایەن دەسەڵات و کۆمەڵگەوە پیرۆز دەکرێت، ئەمەش بۆتە گەورەترین بەربەست کە دەستپێکردنی قۆناخی رۆشنگەری لە کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامی جۆرێك لە مەحاڵبوون بە خۆیەوە ببینێت.

ئەگەر لەسەر ئەم میتۆدەی ئەرەگۆن، خوێندنەوەیەکی زانستی بۆ فیکری کوردبوون و کوردستانیبوون لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بکەین، ئەوا ئێمەش هەمان گرفت رووبەڕوومان دەبێتەوە و دەبینین کە ئەقڵی حزبی بە هەمان شێوەی ئەقڵی عەقیدی ئیسلامی، کۆمەڵێك بواری گرنگی بۆ تێگەیشتن لە کوردبوون و کوردستانیبوون، خستۆتە دەرەوەی بیرکردنەوە، یاخود بە ئایدیۆلۆژیایەکی حزبی داپۆشیوە و ناتوانرێت ئازادانە بیری لێ بکرێتەوە و خوێندنەوەی رەخنەگرانەی زانستی لەسەر بکرێت. ئەمەش راشکاوانە ئەو مانایەی هەیە کە چەمکی کوردبوون و کوردستانیبوون بۆتە ئەو چەمکانەی کە نەتوانراوە وەك خۆی بیریان لێ بکرێتەوە. بەمەش چەمکی حزب لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستاندا ئەقڵی کورد و کوردستانییەکانی کردووە بە ئەقڵێکی بەردین (العقل المتحجر)، ئەم ئەقڵە بەردینەش وەك میلتۆن روکێش زانای بەناوبانگی سۆسیۆلوژی و سایکۆلۆژی پۆلەندی و ئەمریکی پێناسەی کردووە، بریتییە لەو حاڵەتەی کە (مرۆڤ توانای ئەوەی نامێنێت ئامێری فیکری و ئەقڵی خۆی بگۆڕێت، کاتێك مەرجە بابەتییەکان داوای لێدەکەن، هەروەها توانای ئەوەی نامێنێت کە بتوانێت سەرلەنوێ لە بازنەیەکدا خۆی رێکبخاتەوە کە بتوانێت چەندین چارەسەر بۆ کێشەیەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی چالاکانە ئەو کێشەیە چارەسەر بکات). بێگومان لای رۆکێش ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆژیاکە گرنگ نییە بەوەی ئایا ئایدیۆلۆژیایەکی ئایینییە، یان فەلسەفی، یاخود ئایدیۆلۆژیای هاوچەرخە، بەڵکو ئەوەی گرنگە گرێدانەوەی کردەیی ئەقڵییەتی دۆگماییە بە ئایدیۆلۆژیەتێکی دیاریکراوەوە. هەر بۆیە ئەگەر بە میتۆدی رۆکێش خوێندنەوەیەك بۆ چەمکی حزبی سیاسی لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بکەین، ئەوا دەبینین حزبە سیاسییەکان بە جیاوازی ئایدیۆلۆژیەتی سیاسییان بەشێوەیەکی زۆر توند بە ئەقڵییەتی دۆگمایی حزبی گرێدراون و توانای ئەوەیان نەماوە کە شێوازی بیرکردنەوە و ئەقڵییەتی سیاسییان بگۆڕن لەو کاتەی کە مەرجە بابەتییەکانی بارودۆخی کوردستان داوایان لێدەکات.

لەئێستادا کە بەهۆی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە، کوردبوون و کوردستانیبوونمان

کەوتۆتە بەردەم هەڕەشەیەکی جددی، ئەوا لەبری ئەوەی ئەم کارەساتە گەورەیە (حزبیبوون) بگۆڕێت بۆ کوردبوون و کوردستانیبوون، بەداخەوە وەك دەبینین کوردبوون و کوردستانیبوون کەوتۆتە ژێر چەمك و ئەقڵییەتی حزبایەتی و بیری لێ ناکرێتەوە، ئەم حاڵەتە کە بەرهەمهێنانی جەهلی سیاسییە لەلایەن حزبەکانەوە، ڕۆژانە ئەو جەهلە سیاسییە لە میدیاکان و کەناڵە ئاسمانییەکانەوە پیرۆز دەکرێت و هەوڵدەدەن یەکتری پێ ناشیرین بکەن، لەمەش خراپتر ئیرادەی خەڵکی کوردستانیان بەجۆرێك شەکەت و ماندوو کردووە کە نەتوانێت بیر لەو کارەساتە گەورەیە بکاتەوە و ڕێگە چارەیەك بۆ تێپەڕاندنی بدۆزرێتەوە.

## ● ئیشکالیەتی چەمکی (حزب) لەناو مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا

جوانترین پێناسە لای بەڕێز مسعود بارزانی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەیە کە (پارتی نائومێدی گۆڕی بۆ ئومێدو هەستانەوە)، بەڵام لەمە گرنگتر و جوانتر ئەوەیە لە ئێستای دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر کە خەریکە جۆرێك لە نائومێدی دووبارە دروست دەبێتەوە، ئەو پێناسە ڕووبەڕووی پرسیارێکی جددی بکەینەوە و بپرسین: ئایا چۆن بە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، نائومێدی گۆڕا بە ئومێدو هەستانەوە؟ ئایا ئەگەر لە ئێستادا بەهەمان شێوەی مستەفا بارزانی لەساڵی ١٩٤٦ بیر بکەینەوە، دەتوانین نائومێدی بگۆڕین بۆ ئومێدو هەستانەوەو کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر تێپەڕێنین؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژییانەی مێژوو هەیە، ئەمەش بەو مانایەی چۆن بەدامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان گرێی دۆگمایی ئەقڵی بەردینی حزبی کرایەوەو چۆن ئەو توانایە دروست بووەوە کە خەڵکی کوردستان بەتەواوی بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژیەتی سیاسی جیاوازیانەوە لە بازنەیەکی نیشتمانیدا دووبارە پێناسەی کوردبوون و کوردستانیبوونی کردۆتەوە.

کەواتە ئەگەر لەناو ئەو ژینگەی سۆسیۆلۆژی چلەکانی سەدەی ڕابردوو پێناسەی پارتی وەك حزب بکەین، ئەوا خۆمان تووشی ئیشکالیەتێکی گەورە لەگەڵ چەمکی حزب دەکەین، هەر بۆیە لەناو سۆسیۆلۆژیای کۆمەڵگەی کوردستاندا، لەسەرەتای دامەزراندی پارتییەوە هەتا ئێستا، چەمکی پارتی نەبۆتە موورادیف بۆ چەمکی حزب، بەڵکو چەمکی پارتی هەموو کات وەك بازنەیەکی نیشتمانی بۆ ئاشتکردنەوەی دژ و جیاوازییە سیاسییەکان و دووبارە پێناسەکردنەوەی کوردبوون و کوردستانیبوون بەکارهاتووە، تەنانەت لە زمانی عەرەبیشدا کە دەنووسرێت: (البارتی) ئیدی پێویست نییە بنووسرێت: (الحزب الديمقراطي الكردستاني). ئەمەش مانای ئەوەیە چەمکی (پارتی) پێناسەیەکی گەورەتری لەو حزبانە هەبووە کە لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو و ئەوانەشی ئێستا بوونیان هەیە، دیارە بۆ تێگەیشتنیش لەو جیاوازییەی نێوان چەمکی پارتی و چەمکی حزبی سیاسی، پێویستمان بەوەیە چەمکەکان لەسێبەری بیرلێنەکردنەوە بگوازینەوە بۆ بەردەم ڕووناکیی دووبارە بیرکردنەوە، لەمەش زیاتر دەبێت چەمکی (پارتی) ئامێرێك بێت بۆ نەشتەرگەری لە سۆسیۆلۆژیای مێژوودا، بۆ ئەوەی مانا و ئامانجی چەمکی (پارتی) وەك خۆی دووبارە پێناسە بکاتەوەو، ئەو پرسیارە لە مێژوو بکەین، ئایا مستەفا بارزانی (پارتی) دامەزراند بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆك حزب و ناو و ناوبانگ دەربکات و ببێتە سەرۆك و سەرکردە، یان مستەفا بارزانی پێش ئەوەی پارتی دابمەزرێنێت نەك هەر سەرۆك، بەڵکو ڕێبەری بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان بووە بۆ پێناسەکردنەوەی کوردبوون و کوردستانیبوون و هەنگاوهەڵگرتن بۆ شۆڕش و سەربەخۆیی کوردستان؟ بێگومان لەناو فەزای سۆسیۆلۆژی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان ڕاشکاوانە ئەو ڕاستییانە دەردەکەون کە بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی چەمکی (پارتی) بەو ئاستە گەورە کرد کە نوێنەرایەتی نەتەوەو نیشتمانێك بکات، نەك بەپێچەوانەوە.

ئەم باکگراوەندە مێژووییە، یاخود گەڕانەوە بۆ ناو سۆسیۆلۆژیای مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان، بۆ پیاهەڵدانی حزبێك، یان تانەدان لە حزبێکی دیکە نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە فیکری مستەفا بارزانی-دا ڕەشماڵی پارتی نەك لە حزبێك گەورەترە، بەڵکو خودی چەمکی پارتی، بازنەیەکی نیشتمانییەو هەموو

■

**ئەوەی لە تەلەفزیۆنەکانی کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی گۆڕانەوە پەخش دەکرێت و ئەوەی لە شەقامەکانی ڕانیە و چوارقوڕنە و چەمچەماڵ وەک دروشم دەگوترێتەوە، بەهەمان شێوە لە تەلەفزیۆنەکانی شیعە و شەقامەکانی کەربەلا و نەجەف و لەسەر زاری قەیس غەزعەلی فەرماندەی میلیشیای حەشدی شەعبی عەسائیبی ئەهلی حەق، دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان دووبارە دەکرێتەوە**

■

**ئەوەی بارودۆخەکەی ترسناکتر کردووە، ئەوەیە کە ئەو حزبە سیاسییانەی وەک (بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی) بە جەهلی سیاسی سەریان لەو خەڵکە شێواندووە و بە ڕێگەی تەلەفزیۆن و میدیاکانیان ئەم جەهلە پیرۆز دەکەن و زیاتر خەڵکی پێ هان دەدەن بۆ ئەوەی حکومەتەکەی خۆیان بڕووخێنن**

■

**جەهلی سیاسی بۆتە هۆکاری سەرلێتێکچوونی خەڵکی کوردستان و بەدەستی خۆیان دامەزراوەکانی حکومەت و بارەگای حزبە سیاسییەکان دەسووتێنن، بەمەش زەمینەیەکی زۆر لەباریان بۆ دوژمنانی کوردستان دروستکردووە کە بە بیانووی بوونی ئاژاوەو ناسەقامگیری لەکوردستاندا دەستتێوەردان بکەن و حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕووخێنن**



**فەزای بیرکردنەوەی مسعود بارزانی وەک فەزای بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی، هەمان ئەو توانایەی هەیە کە بیروبۆچوونی دژ و جیاواز پێکەوە کۆبکاتەوە و ئاشتیان بکاتەوە، لەمەش زیاتر توانای ئەوەشی هەیە کە عینادیی سیاسی و ئەقڵییەتی بەردینی حزبایەتی لەچوارچێوەی بازنەی نیشتمانی بکاتە دەرەوە، بەمەش بەرەی نیشتمانی و نانیشتمانی لە یەکتری جیا دەکرێتەوە**

حزب و بیروبۆچوونە جیاوازەکان کۆدەکاتەوە، هەتا هەموو حزبەکان و خەڵکانی بێلایەن و کەسایەتییە نیشتمانیەکان پێکەوە پێناسەی کوردبوون و کوردستانیبوون بکەنەوە، راشکاوانەتر لەم چوارچێوەیەدا مانای چەمکی (پارتی) بۆ ئێستا، واتە دووبارە دروستکردنەوەی بازنەیەکی نیشتمانی، فراوانتر لەبەرەی کوردستانی لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، بێجگە لە حزبە سیاسییەکان خەڵکی بێلایەن و کەسایەتییە دیار و ئەکادیمی و پیاوانی ئایینیش کۆبکاتەوە و سەرلەنوێ پێناسەی کوردبوون و کوردستانیبوون بکاتەوە، جیاواز لەبەرەی کوردستانی کە حزبەکان خاوەنی مافی ڤیتۆ بوون، ئەوا دەبێت ئەمجارەیان خودی ئەو بازنە نیشتمانییە ڤیتۆ دیاری بکات بۆ هەموو حزب و تاقم و گروپ و تەنانەت کەسێکیش کە نەتوانێت لە ترسی ئەو ڤیتۆ نیشتمانییە، رەفتاری نانیشتمانی، یان خیانەتی نیشتمانی ئەنجام بداتەوە.

بەڕێز مسعود بارزانی، پێش هەموو شت بە سیفەتی ئەوەی قوتابی و پەروەردەی فیکری مستەفا بارزانی-یە و هەروەها بە سیفەتی ئەوەی ئێستا رەمز و کارێزمای ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانە و تەنیا ئامانجیشی ئەوەیە کە (نائومێدی بگۆڕێت بۆ ئومێد و هەستانەوە و تێپەڕاندنی کارەساتەکان) ئەوا دەبێت لە ئێستادا (مستەفا بارزانی)ی سەدەی بیست و یەکەم بێت و بە هەمان میتۆدی مستەفا بارزانی بازنەیەکی نیشتمانیی گەورە و فراوان



لە کۆی حزبە سیاسییەکان و نوێنەرانی خەڵکی کوردستان دروست بکاتەوە بۆ ئەوەی لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، جارێکی دیکە لەناو شەوەزەنگی نائومێدیدا ڕێگەی ڕووناکیی ئومێد و تێپەڕاندنی ئەو کارەساتە بکاتەوە.

**● وەرچەرخان لە کارەسات و نائومێدییەوە بەرەو ئومێد و هەستانەوە**

ئەگەر ددان بەو ڕاستییەدا بنێین کە لە ناو کۆی ئەو سیستمەی لە کوردستاندا کاری حزبایەتی پێدەکرێت، چەمکی کوردبوون و کوردستانیبوونمان لێ ون بووە و بیری لێ ناکرێتەوە، ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە بە دیالۆگ و وتووێژ و ڕێککەوتنی نێوان حزبە سیاسییەکان نەك هەر ناتوانین کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر تێپەڕێنین، بەڵکو ئەگەر ئەو سیستمەی هەتا ئێستا لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا کاری حزبایەتی پێکراوە، بەردەوام بێت، ئەوا هیچ دوور نییە ئێستا و ئایندەی کوردستان زیاتر بخاتە مەترسییەوە، ئەزموونی بیرکردنەوە و زەمینە ڕەخساندن بۆ وەرچەرخان لە فیکری مستەفا بارزانی-دا ئەوەی وەك توراس بۆ بەجێهێشتووین، هەنگاوی یەکەم بۆ بیرکردنەوەی تاکەکانی نەتەوەی ئازاد لەو خاڵەوە دەست پێدەگات کە بیرکردنەوەی تاکەکان لە هەژموون و تەوقی ئایدیۆلۆژیەتی دۆگمایی حزبەکان ڕزگار بکرێت و لەبەر ڕۆشنایی کوردبوون و کوردستانیبووندا بیربکاتەوە، هەروەها هەموو فەلسەفەی چەمکی (پارتی)یش لە بیرکردنەوەی مستەفا

**ئەوە (پارتی) نییە لە فیکری مستەفا بارزانی-دا پێناسەی کوردبوون و کوردستانیبوون دەکاتەوە، بەڵکو ئەوا تەواوی خەڵکی کوردستانە لە چوارچێوەی ئەو بازنە نیشتمانییەی پێی دەگوترێت (پارتی) خۆیان پێناسەی مان و نەمانی خۆیان لەچوارچێوەی کوردبوون و کوردستانیبووندا دەکەنەوە**

**هەڵەی سیستمی حزبایەتی لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا، فرەحزبی نییە وەک فرەئامراز، بەڵکو فرەئامرازە بۆ فرەئامانج، ئەمەش پاشاگەردانییەکی سیاسی دروستکردووە کە توانای ئەوەی نەهێشتووە، حزبەکان وەک ئامرازە جیاوازەکان، چەندین چارەسەر بۆ کێشەیەک بدۆزنەوە**

**ئەگەر حزب ئامراز بێت و وەرچەرخان لە نائومێدییەوە بۆ ئومێد ئامانج بێت، ئەوا کۆی حزبە سیاسییەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستان رووبەڕووی بەرپرسیاریەتییەکی مێژوویی دەکاتەوە و دەبێت حزبە سیاسییەکان ئەو ئامرازە جیاوازە بن کە ئامانجەکە پێویستیەتی، ئەویش وەرچەرخانە لە نائومێدییەوە بەرەو ئومێدو هەستانەوە**

**هەندێک لەو حزبە سیاسییانەش کە بە حیساب خۆیان وا پیشاندەدەن لەگەڵ ئەو تاقمە نین کە کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەریان بەسەر نەتەوەکەمان هێناوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوانیش جەهلی سیاسییان بەرهەم هێناوە و کۆیانکردۆتەوە بۆ کاتی پێویست، ئەوا لەبری ئەوەی ببنە هۆکار و هاوکارێک بۆ ئەوەی میللەتەکەمان ئەم نەهامەتیە تێپەڕێنێت، ئەوا ئەوانیش بە رێگای بەکارهێنانی جەهلی سیاسیی بەرهەمهاتوو وەک چەکێک بۆ رووخاندنی حکومەتەکەی خۆیان بەکاردەهێنن**

بارزانی-دا ئەوەیە کە تاکەکانی نەتەوە ئازادانە لەچوارچێوەی بازنەیەکی نیشتمانیدا بە جیاوازی بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژیەتی سیاسییانەوە، پێناسەی کوردبوون و کوردستانیبوون بکەنەوە، ئەمەش بەو مانایەی ئەوە (پارتی) نییە لە فیکری مستەفا بارزانی-دا پێناسەی کوردبوون و کوردستانیبوون دەکاتەوە، بەڵکو ئەوا تەواوی خەڵکی کوردستانە لە چوارچێوەی ئەو بازنە نیشتمانییەی پێی دەگوترێت (پارتی) خۆیان پێناسەی مان و نەمانی خۆیان لەچوارچێوەی کوردبوون و کوردستانیبووندا دەکەنەوە.

توراسی فیکری مستەفا بارزانی بۆتە توراسی تەواوی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بۆ تێگەیشتن لەچەمکی حزب، هەربۆیە کاتێك بمانەوێت لە چەمکی (پارتی یان حزب) تێبگەین وەك ئامراز، نەك ئامانج، ئەوا ئەگەر حزبی سیاسی وەك دامەزراوەیەك بیەوێت ئامراز بێت، نەك ئامانج، ئەوا هەردەبێت بگەڕێتەوە سەر ئەم توراسە و لەسەر ژێرخانی ئەم توراسەوە هەنگاو بۆ تازەکردنەوە و داهێنانی تازە هەڵبگرێت، ئەوجا ئەو حزبە سیاسییە هەر ئایدیۆلۆژیەتێکی سیاسی هەبێت (ئایینی، یان نەتەوەیی، یان عەلمانی) ئەوە گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئازادیی بیرکردنەوەی ئەندامەکانی لەژێر ڤیتۆی بازنەی نیشتمانی کوردبوون و کوردستانیبووندا بێت، نەك ئایدیۆلۆژیای سیاسیی حزبەکە کوردبوون و کوردستانیبوون ون بکات و رێگە نەدات بیری لێ بکرێتەوە.

لەسەر بنەمای ئەم میتۆدە، ئەگەر حزب ئامراز بێت و وەرچەرخان لە نائومێدییەوە بۆ ئومێد ئامانج بێت، ئەوا کۆی حزبە سیاسییەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستان رووبەڕووی بەرپرسیاریەتییەکی مێژوویی دەکاتەوە و دەبێت حزبە سیاسییەکان ئەو ئامرازە جیاوازە بن کە ئامانجەکە پێویستیەتی، ئەویش وەرچەرخانە لە نائومێدییەوە بەرەو ئومێدو هەستانەوە.

بەڕێز مسعود بارزانی دەمێکە خەڵکی کوردستان ئەو متمانەیان پێداوە کە رەشماڵی ئەو وەك کارێزمای نەتەوە نەك تەنیا لە پارتی دیموکراتی کوردستان گەورەترە، بەڵکو جێگەی حزبەکانی هەر چوارپارچەی کوردستانی تێدا دەبێتەوە، لەمەش زیاتر فەزای بیرکردنەوەی مسعود بارزانی وەك فەزای بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی، هەمان ئەو توانایەی هەیە کە بیروبۆچوونی دژ و جیاواز پێکەوە کۆبکاتەوە و ئاشتیان بکاتەوە، لەمەش زیاتر توانای ئەوەشی هەیە کە عینادیی سیاسی و ئەقڵییەتی بەردینی حزبایەتی لەچوارچێوەی بازنەی نیشتمانی بکاتە دەرەوە، بەمەش بەرەی نیشتمانی و نانیشتمانی لە یەکتری جیا دەکرێتەوە.

لەوانەیە خوێنەری ئەم دێڕانە ئەو پرسیارەی لا دروست بێت، بەوەی گوایە ئەم باسە داوا دەکات، جارێکی دیکە وەك چلەکانی سەدەی رابردوو هەموو حزبەکانی کوردستان لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا بتوێنەوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین: مەبەستی ئەم باسە تەواو تەواو پێچەوانەی ئەو ئامانجەیە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە چەمکی پارتی لە بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی-دا، بۆتە توراسی هەموو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان و کاتێك بمانەوێت بەتەواوەتی لەمانای چەمکی حزب تێبگەین، ئەوا هەر دەبێت بگەڕێینەوە سەر ئەو توراسەی کە موڵکی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانە و تەنیا ئامانج لە گەڕانەوە بۆ ئەم توراسە، ئەوەیە کە چەمکی حزب راست بکرێتەوە بەوەی (حزب ئامرازە، نەك ئامانج)، ئەوجا حزب وەك ئامراز لە ئامرازێکی دیکە جیاوازە، ئەوەیان مەسەلەیەك نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە هەموو ئامرازەکان بۆ خزمەتی یەك ئامانج بەکاربهێنرێت کە ئەویش کوردبوون و کوردستانیبوونی هەمووومانە.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر سەرنج لە تێڕوانینی خەڵکی کوردستان بۆ شەخسی مسعود بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بدەین، دەبینین لە هەڵبژاردنەکانی تەموزی ساڵی ٢٠٠٩، خەڵکی کوردستان بە رێژەی ٥٩٪ دەنگی بە هەردوو لایەنی پارتی و یەکێتی داوە، بەڵام بە رێژەی سەرووی ٧٠٪ دەنگی خۆی بە مسعود بارزانی داوە، ئەمەش مانای ئەوەیە زۆرینەی رەهای خەڵکی کوردستان راشکاوانە بە مسعود بارزانی گوتووە: (ئێمە رازین چەتری تۆ هەمووومان کۆبکاتەوە)، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئایا هەمان ئەو خەڵکە رازی و ئامادەیە چەتری

پارتی و یەکێتی پێکەوە هەموویان کۆبکاتەوە؟ بێگومان ئاکامی هەڵبژاردنەکان پێمان دەڵێت: نەخێر، بۆیە گرنگە لەم (نەخێر)ەی خەڵکی کوردستانەوە لە گرنگیی ئەو بازنە نیشتمانییە تێبگەین کە چەتری کاریزمای بارزانی دەتوانێت دروستی بکاتەوە.

کێشەی سەرەکی لەناو مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان کە لەدوای ساڵی ١٩٧٥ەوە تائێستا نەیتوانیوە ئیشکالیەتی چەمکی حزب چارەسەر بکات، لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەتوراسی فیکری مستەفا بارزانی بۆ تێگەیشتن لە چەمکی (حزب یان پارتی) دوور کەوتووینەتەوە، ئەم دوورکەوتنەوەیە بەو مانایەی لەبری ئەوەی لەسەر توراسی بزووتنەوەی زرگاریخوازیی کوردستان حزبی تازە وەك پێداویستی قۆناخی رزگاری نیشتمانی لەدایك بێت، هاتوون گەڕاونەتەوە بۆ توراسی مارکسی لینینی، یاخود بۆ توراسی ئیسلامی، ئەمەش وایکردووە کە ئەو حزبە سیاسییانە ببنە هۆکارێك بۆ شاردنەوەی چەمکی کوردبوون و کوردستانیبوون و بیرلێ نەکردنەوەی، ئەوەی بیری لیکراوەتەوە بریتی بووە لەشۆڕشی کریکاری و ئومەمییەتی مارکسی لینینی، یاخود بۆتە تەیارێکی ئیسلامی و پێناسەکردنەوەی کوردبوون و کوردستایبوون لە چوارچێوەی ئوممەی ئیسلامیدا کراوە، بەمەش ئەو توراسەی خۆمان ون کردووە و نەمانتوانیوە بیری لێ بکەینەوە. کەواتە هەڵەی سیستمی حزبایەتی لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا، فرەحزبی نییە وەك فرەئامراز، بەڵکو فرەئامرازە بۆ فرەئامانج، ئەمەش پاشاگەردانییەکی سیاسی دروستکردووە کە توانای ئەوەی نەهێشتووە، حزبەکان وەك ئامرازە جیاوازەکان، چەندین چارەسەر بۆ کێشەیەك بدۆزنەوە، بەپێچەوانەوە فرەئامانجیی حزبەکان، ئامانجە سەرەکییەکەی شاردۆتەوە کە ئەویش کوردبوون و کوردستانیبوونە.

راستکردنەوەی ئەم ئاراستە چەوتە و دووبارە گەڕانەوە بۆ بیرکردنەوە لە کوردبوون و کوردستانیبوون، بە تەنیا حزبێکی سیاسی، یان یەك دوو حزب لێی بەرپرسیار نین، بەڵکو کۆی حزبە سیاسییەکانی کوردستان دەبێت شانی بدەنە بەر و هەر یەکەیان بەپێی قەوارەی خۆی بەرپرسیاریەتی ئەم هەڵەیە بگرێتە ئەستۆ و پاشانیش دەبێت پێکەوە شانی بدەنە بەر بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە ئەم هەڵەیە راست بکەنەوە، هەنگاوی یەکەمیش بۆ راستکردنەوەی ئەم هەڵە مێژووییە لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە حزب ئامرازە نەك ئامانج، فرەحزبی، فرە ئامرازییە بۆ خزمەتی یەك ئامانج، نەك بەپێچەوانەوە.

## ● بەرهەمهێنانی جەهلی سیاسی و پیرۆزکردنی

ئەگەر دامەزراوەکانی دەوڵەت لەتەواوی وڵاتانی عەرەبی ئیسلامی بەردەوام و بەشێوەیەکی دامەزراوەیی جەهل بەرهەم بهێنێت و پاشان پیرۆزی بکات و نەوە لەدوای نەوەی لەسەر پەروەردە بکات، ئەوا بۆ ئێمەی گەلێکی بێ دەوڵەت کە گرنگترین دامەزراوەمان حزبی سیاسییە، ئەوا بە درێژایی زیاتر لە ٤٠ ساڵی رابردوو، ئەرکی حزبی سیاسی لە ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستاندا ئەوە بووە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو جەهلی سیاسی بەرهەم بهێنێت و ئەم جەهلەشی پیرۆز کردووەو وەك چەکێك بۆ لەناوبردنی حزبەکەی بەرامبەری بەکاریهێناوە. ئەوجا لەبەر ئەوەی حزبەکان جەهلی بەرهەمهێنراو بە ئاستی هەقیقەت پیرۆز دەکەن، ئەوا هەر وتووێژ و موناقەشەیەك لەناو فەزای ئەم جەهلە سیاسییە بەڕێوە بچێت، وەك ئەوەیە دوو هەقیقەت پێکەوە شەڕ بکەن و هیچ لایەکیان ددان بەوی دیکەیاندا نەنێت.

گرفت و کێشەی سەرەکیی بەرهەمهێنانی جەهلی سیاسی، لە قۆناخی ئاشتی و سەقامگیری لەگەڵ قۆناخی ناسەقامگیری و کارەساتدا لێکجیاوازە، هەر بۆ نموونە دەشێت لە کاتی ئاشتی و سەقامگیریدا جەهلی سیاسی بەردەوام بەرهەم بهێنرێت و هەڵبگیرێت و کاری پێ نەکرێت، بەڵام لەقۆناخی کارەسات و ناسەقامگیریدا، ئەو گەنجینەیەی بە بەرهەمی جەهلی سیاسی سیغناغ کراوە، نابێت هەمووی هەڵبڕێژرێت و وڵاتی پێ کاول بکەن، هەروەك چۆن ئێستا لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، چەند لایەنێکی سیاسی دەرگای گەنجینەی جەهلی سیاسییان واڵاکردووەو لەسەر شاشەی تیڤییەکان پیرۆزی دەکەن و دەیانەوێت کوردستانی پێ کاول بکەن.

بێگومان کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر هەرچۆنێك

**کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر هەرچۆنێک روویدابێت و هۆکار و پاڵنەری ئەو تاقمە هەرچییەک بووبێت کە ببنە پێش لەشکری داگیرکەری بێگانە بۆ ئەوەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان داگیربکاتەوە، بێجگە لە بەرهەمهێنانی بەردەوامی جەهلی سیاسی، شتێکی دیکە نییە**

**دەشێت لە کاتی ئاشتی و سەقامگیریدا جەهلی سیاسی بەردەوام بەرهەم بهێنرێت و هەڵبگیرێت و کاری پێ نەکرێت، بەڵام لەقۆناخی کارەسات و ناسەقامگیریدا، ئەو گەنجینەیەی بە بەرهەمی جەهلی سیاسی سیغناغ کراوە، نابێت هەمووی هەڵبڕێژرێت و وڵاتی پێ کاول بکەن، هەروەک چۆن ئێستا لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، چەند لایەنێکی سیاسی دەرگای گەنجینەی جەهلی سیاسییان واڵاکردووەو لەسەر شاشەی تیڤییەکان پیرۆزی دەکەن و دەیانەوێت کوردستانی پێ کاول بکەن**

**لە فیکری مستەفا بارزانی-دا ڕەشماڵی پارتی نەک لە حزبێک گەورەترە، بەڵکو خودی چەمکی پارتی، بازنەیەکی نیشتمانییەو هەموو حزب و بیروبۆچوونە جیاوازەکان کۆدەکاتەوە، هەتا هەموو حزبەکان و خەڵکانی بێلایەن و کەسایەتییە نیشتمانیەکان پێکەوە پێناسەی کوردبوون و کوردستانیبوون بکەنەوە**

**مستەفا بارزانی پێش ئەوەی پارتی دابمەزرێنێت نەک هەر سەرۆک، بەڵکو ڕێبەری بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان بووە بۆ پێناسەکردنەوەی کوردبوون و کوردستانیبوون و هەنگاوهەڵگرتن بۆ شۆڕش و سەربەخۆیی کوردستان**

**لەئێستادا کە بەهۆی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە، کوردبوون و کوردستانیبوونمان کەوتۆتە بەردەم هەڕەشەیەکی جددی، ئەوا لەبری ئەوەی ئەم کارەساتە گەورەیە (حزبیبوون) بگۆڕێت بۆ کوردبوون و کوردستانیبوون، بەداخەوە وەک دەبینین کوردبوون و کوردستانیبوون کەوتۆتە ژێر چەمک و ئەقڵییەتی حزبایەتی و بیری لێ ناکرێتەوە، ئەم حاڵەتە کە بەرهەمهێنانی جەهلی سیاسییە لەلایەن حزبەکانەوە، ڕۆژانە ئەو جەهلە سیاسییە لە میدیاکان و کەناڵە ئاسمانییەکانەوە پیرۆز دەکرێت و هەوڵدەدەن یەکتری پێ ناشیرین بکەن**

ڕوویدابێت و هۆکار و پاڵنەری ئەو تاقمە هەرچییەك بووبێت کە ببنە پێش لەشکری داگیرکەری بێگانە بۆ ئەوەی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان داگیربکاتەوە، بێجگە لە بەرهەمهێنانی بەردەوامی جەهلی سیاسی، شتێکی دیکە نییە، هەر بۆیە کاتێك ویستیان گەنجینەی جەهلی سیاسی بخەنە سەرپشت و بیکەن بە چەکێك دژی لایەنێکی دیکەی سیاسی کە ئەو تاقمە بە دوژمنی خۆیانی دەزانن، ئەوا ئەو چەکە لە بری ئەوەی تەنیا دوژمنی ئەو تاقمە تێکبشکێنێت، کۆی ئەزموون و کیانی سیاسیی کوردستانی خستۆتە دووڕیانی مان و نەمانەوە. لەبەرامبەریشدا هەندێك لەو حزبە سیاسییانەش کە بە حیساب خۆیان وا پیشاندەدەن لەگەڵ ئەو تاقمە نین کە کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەریان بەسەر نەتەوەکەمان هێناوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوانیش جەهلی سیاسییان بەرهەم هێناوە و کۆیانکردۆتەوە بۆ کاتی پێویست، ئەوا لەبری ئەوەی ببنە هۆکار و هاوکارێك بۆ ئەوەی میللەتەکەمان ئەم نەهامەتیە تێپەڕێنێت، ئەوا ئەوانیش بە ڕێگای بەکارهێنانی جەهلی سیاسیی بەرهەمهاتوو وەك چەکێك بۆ ڕووخاندنی حکومەتەکەی خۆیان بەکاردەهێنن، ئەوا وەك لەچەند ڕۆژی ڕابردوو بینیمان، جەهلی سیاسی بۆتە هۆکاری سەرلێتێکچوونی خەڵکی کوردستان و بەدەستی خۆیان دامەزراوەکانی حکومەت و بارەگای حزبە سیاسییەکان دەسووتێنن، بەمەش زەمینەیەکی زۆر لەباریان بۆ دوژمنانی کوردستان دروستکردووە کە بە بیانووی بوونی ئاژاوەو ناسەقامگیری لەکوردستاندا دەستتێوەردان بکەن و حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕووخێنن. بەڵام ئەوەی بارودۆخەکەی ترسناکتر کردووە، ئەوەیە کە ئەو حزبە سیاسییانەی وەك (بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی) بە جەهلی سیاسی سەریان لەو خەڵکە شێواندووە و بە ڕێگەی تەلەفزیۆن و میدیاکانیان ئەم جەهلە پیرۆز دەکەن و زیاتر خەڵکی پێ هان دەدەن بۆ ئەوەی حکومەتەکەی خۆیان بڕووخێنن. ئێستا ئەوەی لە تەلەفزیۆنەکانی کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی گۆڕانەوە پەخش دەکرێت و ئەوەی لە شەقامەکانی ڕانیە و چوارقوڕنە و چەمچەماڵ وەك دروشم



دەگوترێتەوە، بەهەمان شێوە لە تەلەفزیۆنەکانی شیعە و شەقامەکانی کەربەلا و نەجەف و لەسەر زاری قەیس غەزعەلی فەرماندەی میلیشیای حەشدی شەعبی عەسائیبی ئەهلی حەق، دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان دووبارە دەکرێتەوە بۆ ئەوەی بە بیانووی پشتگیریکردن لە خۆپیشاندانی سلێمانی و دەوروبەری داوادەکەن، هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق، سلێمانییش وەك کەرکووك داگیربکەنەوەو پاش ئەویش هێرش بکەنە سەر هەولێر و حکومەت بڕووخێنن و کۆتایی بە کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان بهێنرێت.

حکومەتی عەبادی و لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق و سوپای پاسدارانیش، لەوە دڵنیابوون کە ئاستەنگی سەرەکی لەبەردەم جێبەجێکردنی پیلانەکانیان بەتەواوەتی هەولێر و پارتی و سەرۆك بارزانی-یە، بۆیە کاتێك بە هاندانی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و بەشێك لە یەکێتی نیشتمانی، ڕق و کینەی دەیان



سالّەی جەهلی سیاسی دژی هەولێر و پارتی و سەرۆك بارزانی هەڵدەڕێژن و پاشانیش لەلای هەوادارەکانیان و بە ڕێگەی کەناڵەکانی میدیا دەیانەوێت ئەم جەهلە سیاسییە پیرۆز بکەن، ئەوا حکومەتی عەبادی و لایەنەکانی دیکەی شیعەی عێراق و سوپای قودسی سوپای پاسداران، خۆیان کردۆتە داکۆکیکار لە نارەزایی خەڵك و جەهلی سیاسیی (گۆڕان و کۆمەڵ) یان کردۆتە پەردەیەك و ئامانجی داگیرکردنی کوردستانی پێ دەشارنەوە.

ئاشکرایە بەهۆی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە، تەواوی خەڵکی کوردستان دوچاری نەهامەتی و بێ مووچەیی بوونەتەوە و گوزەرانیان سەخت بووە، بەڵام ئەم قەیران و بارە سەختەی کەوتۆتە سەرشانی خەڵك، بەوە چارەسەر ناکرێت، نەهامەتی و خراپی گوزەرانی خەڵك بکرێتە چەك و حکومەتەکەی خۆتی پێ بڕووخێنیت، بەڵکو بەوە چارەسەر دەبێت کە هەموو حزبە سیاسییەکان پێکەوە شانی بەرپرسیاریەتی بدەنەبەر و ڕێگەیەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی قەیران و نەهامەتییەکە تێپەڕێنن، بەڵام وەك ئێستا دەبینین، بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی بە بڕیاری کشانەوەیان لە حکومەت، نەك هەر دەیانەوێت لە بەرپرسیاریەتی هەڵبێن، بەڵکو دەیانەوێت ئەم بارودۆخە بە فرسەت وەربگرن و ببنە هۆکاریکی یارمەتیدەر بۆ ئەوەی خزمەتێکی بەلاش پێشکەشی داگیرکارانی کوردستان بکەن و حکومەتی خۆیان بڕووخێنن.

ئەم جۆرە رەفتارەی حزبی سیاسی لە قۆناخێکی سەختی وەك ئەو قوناخەی ئێستا کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، لەبری ئەوەی زەمینە دروست بکات بۆ ئەوەی خەڵك و حکومەت پێکەوە هاوکاربن بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکەن، هەوڵدانە بۆ ئەوەی ئاشتیی کۆمەڵایەتی تێکبدەن و زەمینە بۆ شەڕێکی ناوخۆی نەخوازراو دروست بکەن، هەروەها کوردستان بکەنە گۆمێکی لێل بۆ ئەوەی دوژمنانی کوردستان بەئاسانی راوی خۆیانی تێدا بکەن.

**بۆ ئێمەی گەلێکی بێ دەوڵەت کە گرنگترین دامەزراوەمان حزبی سیاسییە، ئەوا بە درێژایی زیاتر لە ٤٠ ساڵی رابردوو، ئەرکی حزبی سیاسی لە ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستاندا ئەوە بووە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو جەهلی سیاسی بەرهەم بهێنێت و ئەم جەهلەشی پیرۆز کردووەو وەک چەکێک بۆ لەناوبردنی حزبەکەی بەرامبەری بەکاریهێناوە**



## دکتۆر محەمەد بازیانی

سەرۆکی بزاڤی چاکسازی و گەشە بۆ گوڵان:

# گرفتی سەرەکیمان ئەوەیە کاتێک کەسایەتییەک لەناومان هەڵدەکەوێت و دەبێتە رەمز هەر لەناو خۆماندا هەوڵدەدەین ئەو رەمزە تێکبشکێنین

دوای رووداوەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر و داگیرکردنەوەی کەرکوك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لەلایەن سوپای عێراقی و میلیشیاکانەوە، لە ئێستادا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوا لە هەولێر و بەغدا دەکەن کە لەسەر بنەمای گەڕانەوە بۆ دەستووری عێراقی دیالۆگ دەست پێبکەن. هەر لەو ماوەیەدا نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی کوردستان لەگەڵ شاندی یاوەری بە فەرمی سەردانی چەندین وڵاتی ئەورووپی کرد و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئامادەباشیی تەواوی پیشانداوە بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای ئەو دەستوورە و بە جێبەجێکردنی تەواوی ماددەکانی لەگەڵ بەغدا دەست بە دیالۆگ بکات، بەڵام هەتا ئێستا بەغدا ئامادەباشیی خۆی بۆ ئەو دیالۆگە دەرنەبڕیوە و یاری بە کات دەکات. ئەوانە و چەند پرسێکی ناوخۆی کوردستان و بارگرژییەکانی ناوچەکە، تەوەری ئەم دیمانەیەی گوڵان لەگەڵ دکتۆر محەمەد بازیانی سەرۆکی بزاڤی چاکسازی و گەشە پێکدەهێنن.

*** ڕۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەر وەك پێشمەرگەیەك لە کەرکووك بوویت، ئایا کارەساتی ئەو ڕۆژەی داگیرکردنەوەی کەرکووك چۆن هەڵدەسەنگێنیت و لەو ڕۆژەدا هەستت بەچی کرد؟**

- پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر ئێمە لە لوتکەی بەرخودان بووین، پێشمەرگە بە سەر گەورەترین گروپی تیرۆریستی کە داعش بوو، سەرکەوتبوو، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر کتوپڕ لە ڕۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەر بینیمان پێشمەرگە بە چەکی قورسی تانك و زرێپۆشەوە بە بەرچاوی ئێمەوە پاشەکشەی دەکرد،ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی ورەی خەڵکیش بڕووخێت، ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی زۆر ناخۆش بوو، هەرگیز مەزندەی ئەوەم نەکردبوو کە ئەو پاشەکشەیە ڕووبدات، بەڵام خۆشبەختانە خەڵکی کەرکووك ڕێگەی بەو پاشەکشەیە گرت و ماوەی شەش کاتژمێرێك دوای خستن، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ئەو هێزەی ناو کەرکووك و خەڵکیش توانییان بە ڕێکوپێکی لەناو شارەکە بچنە دەرەوە، بۆیە بە دیدی من ئەو پاشەکشەیە بەشێك بوو لە پیلانێك دژی کوردستان و ئامانجەکەش تەنیا کەرکووك نەبوو، بەڵکو ئامانجی سەرەکی ئەوە بوو دوای ئەوەی کەرکووك تەسلیم دەکرێت، بەرەو هەولێر مل بنێن و هەولێریش داگیربکەنەوە، بەڵام بەرگری خەڵکی کەرکووك لەو هێزەی پاشەکشەی دەکردو پاشانیش مقاوەمەتی هێزی پێشمەرگە لە پردێ و شوێنەکانی دیکە بووە هۆکاری ئەوەی کە پیلانەکەیان بە تەواوەتی سەر نەگرێت.

*** وەك پێشمەرگە و توێژەرێکی ستراتیژی مەزندەی ئەوەت دەکرد بەو شێوەیە پێشمەرگە لەبەرامبەر حەشدی شەعبی پاشەکشە بکات و کەرکووك تەسلیم بکات، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە داگیر بکرێتەوە؟**

- من هەرگیز مەزندەم نەکردبوو بەو شێوازەی کە خۆم بینیم، بەوجۆرە پێشمەرگە لە بەردەم هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراقدا پاشەکشە بکات، بۆیە ئەم حاڵەتە بۆمن شۆکێکی گەورە بوو. ئێمە پێشتر سەردانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەمان لە دەوروبەری کەرکووك کردبوو، سەنگەرەکان زۆر قایم بوون، بۆیە ئەگەر بەرگری بکرابایە، بارودۆخەکە بەم شێوەیەی ئێستا نەدەبوو. بەڵام پاشتر زانیمان ئەو تاقمەی پاشەکشەیان کردووە، سەر بە لایەنێکی سیاسی کوردستانی بوون.

*** کەواتە ئەم کارەساتەی بەسەر کوردستاندا هات، دیسان خیانەتێکی دیکەی ناو خۆمانە لە قۆناخێکی هەستیار و مێژووییدا، ئایا ئەم پەتای خیانەتە چۆن بنبڕ بکەین؟**

- ئەم پەتایە هی ئەمڕۆ نییە. کوردەواری خۆمان دەڵێت: دار پوازی لەخۆی نەبێت، ناقڵەشێت، بە درێژایی مێژووی کورد، ناحەزان و داگیرکاران هەوڵیانداوە کە کۆمەڵە خەڵکێك لەناو خۆمان دروست بکەن، بۆ ئەوەی ببنە داردەستیان و هەل و فرسەتە مێژووییەکانمان لەدەست بدەن، بۆیە هەر لە سەردەمی شۆڕشی شێخ عوبیدوڵای نەهری-یەوە بۆ شێخ مەحموود و قازی محەمەد و مستەفا بارزانی، هەموو شۆڕشەکان و تەنانەت ئیمارەتە گەورەکانیشمان بە ڕێگەی خەڵکی خۆمان هەوڵیانداوە لێمان تێکبدەن و توانیشیان تێکی بدەن، هۆکاری سەرەکیش کە ئێمە وەك نەتەوەیەکی ٤٠- ٤٥ ملیۆن کەسی هەتا ئێستا نەبووینەتە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان، هەر ئەوەیە کە خۆمان لەناو خۆمان لەگەڵ یەکتری ڕاستگۆ نەبووین و لە قۆناخی زۆر هەستیاردا بووینەتە داردەستی داگیرکەران و خیانەتمان لە دۆزەکەی خۆمان کردووە. زۆر جاری دیکەش ئەوەم گوتووە ، گرفتی گەورەی کورد، خۆیەتی، زۆر جار ئەو پرسیارەم لە خۆم کردووە کە ئەم گرێ کوێرەیە چۆن بکەینەوە؟ بێگومان گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەم گرێ کوێرەیە بە ڕەمزێك دەکرێتەوە، بەڵام گرفتی سەرەکیی خۆمان ئەوەیە کە هەوڵنادەین ئەم ڕەمزەمان هەبێت، کاتێك کەسایەتییەك لەناومان هەڵدەکەوێت و دەبێتە ڕەمز، هەر لەناو خۆماندا هەوڵدەدەین ئەو ڕەمزە تێکبشکێنین، ئەمە لەکاتێکدا نەتەوەکانی دیکە ئەگەر ڕەمزیشیان نەبێت، خۆیان ڕەمزێك بۆ خۆیان دروست دەکەن، بۆ ئەوەی شانازی پێوە بکەن.

*** ئایا پێتوایە کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بۆ تێکشکاندنی ئەو ڕەمزە بوو؟**

- ئەوە یەقینە، پیلانی ١٦ی ئۆکتۆبەر بۆ تێکشکاندنی بەڕێز مسعود بارزانی و بۆ تێکشکاندنی شکۆی پێشمەرگە بوو، خۆتان دەزانن پێش ئەم کارەساتە شکۆی پێشمەرگە گەیشتبووە لوتکە لەسەر ئاستی هەموو جیهان، بۆیە کاتێك شکۆی پێشمەرگە دەشکێت، ئەمە مانای ئەوەیە گیانی ورەو بەرخودانی نەتەوە تێکدەشکێت، هەر بۆ نموونە کاك مسعود بارزانی لەناو هەموو سەرکردایەتی سیاسیی کورد، بە حوکمی پێگەکەی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بووە، ئەوجا ئەگەر ئەم پێگەیە دیفاکتۆش بوویێت، بەردەوام لە ناو بەرەکانی شەڕ و سەنگەری پێشمەرگە بووە، بۆیە ئەم کارەساتە

**من لەگەڵ ئەوە نەبووم کە بەڕێز مسعود بارزانی لە پۆستەکەی کشایەوە و دەسەڵاتەکانی بەسەر پەرلەمان و حکومەت و دەسەڵاتی دادوەری دابەش کرد، پێشتر کە ئەم ڕەمزەمان هەبوو هەموو جیهان سەردانی دەکردین و دەهاتنە لامان، بەڵام ئێستا کە ئەم ڕەمزە پۆستەکەی بەجێهێشتووە، دەبینین کەس سەردانمان ناکات**

**پێویستە حزبە گەورەکان بەتایبەتی پارتی و یەکێتی هەندێک لە پارەکانیان بێننە دەرەوە و هەوڵبدەن ئەم کارەساتە گەورەیە تێپەڕێنن، ئەمڕۆ ڕۆژێکی سەختە و لەمە تەنگانەترمان نییە، بۆیە ئەگەر پارە بۆ تەنگانە نەبێت، ئیدی سوودی چییە؟**

**بە هەر نرخێک بێت، دەبێت هەوڵبدرێت کە سەقامگیریی کوردستان پارێزراو بێت، بۆ ئەوەی بارودۆخەکە لە دەست دەرنەچێت**

**بەهەر نرخێک بێت، دەبێت مووچەی فەرمانبەران دابین بکەن، هەروەها نابێت مووچەی پێشمەرگەی فیعلیش کەم بکرێتەوە، با چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە بکرێت و پێشمەرگەی بندیوار کەم بکرێتەوە، بەڵام نابێت مووچەی ئەو پێشمەرگانە کەم بکرێتەوە کە بە بەردەوامی لەسەنگەرەکانی خۆیانن**

**ئەگەر ئەمریکا رازی بێت بەوەی کە کوردستان بکەوێتە ژێر هەژموون و بالادەستیی قاسم سولەیمانی، ئەوا لەم حاڵەتەدا مەترسییە راستەقینەکە دەردەکەوێت، ئەگەر ئەمریکا مەبەستی نەبێت، ئەوا بارودۆخەکە بەو شێوە نابێت کە بەدڵی قاسم سولەیمانی تەواو بێت**

**هیچ دوور نییە دەزگا هەواڵگرییەکانی وڵاتانی دوورونزیکیش دەستی خستبێتە ناو ئەو رەوشەی سلێمانی بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بە خۆپیشاندانەکانەوە سەرقاڵ بکەن، لەو لاشەوە حەشدی شەعبی زەمینە بۆ هێرشێکی سەربازی بۆ سەر کوردستان خۆش بکات**

هەوڵێك بوو بۆ ئەوەی ئەم رەمزە تێکبشکێت، بۆ ئەمڕۆی کوردستان بوونی ئەم رەمزە زۆر گرنگ بوو، هەر بۆیە من لەگەڵ ئەوە نەبووم کە لەو پۆستە کشایەوە و دەسەڵاتەکانی بەسەر پەرلەمان و حکومەت و دەسەڵاتی دادوەری دابەش کرد، پێشتر کە ئەم رەمزەمان هەبوو هەموو جیهان سەردانی دەکردین و دەهاتنە لامان، بەڵام ئێستا کە ئەم رەمزە پۆستەکەی بەجێهێشتووە، دەبینین کەس سەردانمان ناکات. تەنانەت حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراقیش، لەگەڵ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاکامی ریفراندۆمی سڕکردووە و پابەندبوونی خۆی بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی راگەیاندووە، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت بەڕێز مسعود بارزانی ئەو بڕیارە بدات، ئەمەش مانای ئەوەیە عەبادی دەیەوێت لەسەر زاری کاك مسعود بارزانی-یەوە پاشەکشە لە ریفراندۆم بکرێت.

*** ئایا پاشەکشە لە ریفراندۆم دەکرێت، یان کەس دەتوانێت هەڵیبوەشێنێتەوە؟**

- ریفراندۆم بۆتە ئیرادەی میللەتێك و نە شەخسی بەڕێز مسعود بارزانی و نە پەرلەمان و نە حکومەت و نە هیچ لایەنێکی سیاسیش ناتوانێت هەڵیبوەشێنێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەموو لایەنە سیاسییەکان بەوانەشی کە لە سەرەتاوە دژی ریفراندۆم بوون، پاشان بە ئیرادەی خۆیان چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان و بە (بەڵێ) دەنگیان داوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەو ریفراندۆمە بۆتە دیکۆمێنتێکی گەورەی مێژوویی و بۆتە بەشێك لە مێژووی گەلی کوردستان کە لە ریفراندۆمێکی ئازادانەدا دەنگی بۆ سەربەخۆیی داوە، بەڵام بە شێوازی عەسکەرتاری و پیلانی دەوڵەتانی ناوچەکە رێگەیان نەدا ئەم خەونەی کورد بێتەدی .

*** لەگەڵ ئەوەی ئاسایی بوو کە هەڵوێستی ئێران بەرامبەر ریفراندۆم توند بێت و پشتگیری حکومەتی عێراق بکات، بەڵام هەڵوێستی تورکیاش زۆر توندو خراپ بوو، پرسیار ئەوەیە ئایا تورکیا لەم هەڵوێستەی زەرەرمەند نەبوو؟**

- بەم دواییە کۆڕبەندێکی ستراتیژی لە ئەستەنبوڵ سازکرا بە ناوی (دۆسیەی کورد و کاریگەری لە سەر دەوڵەتە دراوسێکانی کوردستانی باشوور و دەوڵەتە ئیقلیمییەکان) کە توێژەرانی زۆرێك لە دەوڵەتان تیایدا بەشدار بوون، لەسەر ئاستی دەوڵەتی تورکیاش چەندین توێژەر بەشدار بوون کە نزیك بوون لە ناوەندی بڕیاری حکومەتی ئەردۆغان و (ئاك پارتی)یەوە. لەو کۆڕبەندەدا باسی بارودۆخی کوردستان هاتە پێشەوە و پرسیاری ئەوە کرا، ئایا لە ئێستادا دەبێت چارەسەر بۆ بارودۆخی کوردستانی باشوور چی بێت؟ ئێمە جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە کە تەنیا چارەسەر ئەوەیە کورد ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەوڵەتی کوردستان دەبێتە هۆکارێك بۆ چارەسەری کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەوجا ئەگەر لێرەوە بێینەوە سەر هەڵوێستی تورکیا سەبارەت بە ریفراندۆمەکە، دیارە ئەو پسپۆڕە تورکانەی لەو کۆڕبەندە بەشدار بوون، ئاماژەیان بەوە کرد کە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا رۆڵێکی هێجگار خراپی گێراوە، هەروەها حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنی تورکیا، ئەردۆغان-یان بەوە تاوانبار کردووە کە ئەو فەرشی سووری بۆ سەرۆك بارزانی راخستووە و بۆتە هاندەر بۆ ئەوەی هەنگاو بۆ ریفراندۆم هەڵبگرن و زاتی ئەوە بکەن, دەوڵەتی سەربەخۆیان هەبێت و لەو بارەیەوە پرسیار بە تورکیا نەکەن، یان مهسعود بارزانی راوێژ بە ئەردۆغان نەکات، بۆیە ئەردۆغان کەوتۆتە ژێر فشارەوە کە هەڵوێستێکی توند لە بەرامبەر ریفراندۆمی کوردستاندا وەربگرێت.

*** ئایا پێتوایە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا جارێکی دیکە بۆ باری ئاسایی خۆی بگەڕێتەوە؟**

- حکومەتی تورکیا و ئاك پارتی لە ئێستاوە کار بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەکەن، مەبەستم هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٩یە، ئاك پارتی دەیەوێت هەتا ساڵی ٢٠٢٣ لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، ئەم بەروارەش واتە تێپەڕبوونی ١٠٠ ساڵ بەسەر دامەزراندنی کۆماری تورکیادا، دیارە دوای ٢٠٢٣یش کۆمەڵێك کۆت و بەند لەسەر تورکیا هەڵدەگیرێت، بۆیە هەڵبژاردنەکانیان زۆر لا مەبەستەو دەیانەوێت دەنگ کۆبکەنەوە، هەندێك پێیانوایە دەبێت دڵی پارتە نەتەوە پەرستەکانی تورکیا رابگرن، بۆ ئەوەی لەو هەڵبژاردنە دەنگەکانی خۆیان بە ئاك پارتی بدەن، لەسەر ئەمە ئێمە پێمان گوتن، ئەگەر ئەمجارە کورد ئاشت نەکەنەوە، هەڵبژاردنی داهاتوو نابەنەوە، لەبەر ئەوەی لە ٢١ ویلایەتی کوردنشینی تورکیا، لە ١١ ویلایەتیان، کورد دەنگی بە ئاك پارتی داوە بۆ ئەوەی دەستوورەکە هەموار بکەنەوە، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، وەك ئاك پارتی هەنگاوتان بۆ کرانەوە بە رووی کورددا هەڵگرت، بەڵام بەم کارەتان دڵی چەندین ملیۆن کوردتان لە خۆتان کرد، لەلایەکی دیکە بە دژایەتیشتان بۆ ریفراندۆمی باشوور دیسان کوردی باکوور دڵی سارد بووەوە لێتان، پێشتر خەڵکی کوردستان بە چاوی سۆزەوە

سەیری ئێوەی دەکرد، بەڵام ئێستا لە منداڵێکەوە تا سیاسەتمەدارێك حەز بە چارەی ئێوە ناکات، بۆیە ئێوە دەبێت هەمـوو هەوڵـی خۆتـان بخەنەگـەڕ بـۆ ئـەوەی پەیوەندییەکانتـان لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتان ئاسـایی بکەنـەوە. لـە ئێسـتادا پێدەچێـت هـەردووڵا هەنـگاو بـەرەو ئاسـاییکردنەوەی پەیوەندییـەکان هەڵبگـرن، بـەم دواییـەش بەڕێـز نێچیرڤـان بارزانـی ئـەوە دوو جـارە لـە تورکیـاوە سـەردانی فەرەنسـا و ئەڵمانیـای کـردووە.

*** ئەگـەر بێینـە سـەر هەڵوێسـتی نێودەوڵەتـی، بەتایبەتـی فەرەنسـا و ئەمریـکا و بەریتانیـا و ئەڵمانیـا، ئەمانـە بۆچـی بـەو جـۆرە هەڵوێسـتیان بەرامبـەر ریفرانـدۆم وەرگـرت؟**

- بەشـێوەیەکی گشـتی دەوڵەتـە گـەورەکان وەك ئەمریـکا و بەریتانیـا و فەرەنسـا لـە بەرژەوەندیـی خۆیانـەوە سـەیری سیاسـەت دەکـەن، گرنگـە ئێمـەش کاتێـك سیاسـەت دەکەیـن، سـەیری بەرژەوەندیـی خۆمـان بکەیـن، لـە ئێسـتادا پێدەچێـت، ئـەوان بەرژەوەندیـی خۆیـان لەگـەڵ حکومەتـی ناوەنـدی عێراق زیاتر لـە ئێمـە ببیننـەوە، بـەڵام دڵنیـام ئێسـتا ئەوانیـش هەسـتیان بـەوە کـردووە کـە لـەو تێڕوانینەیـان زەرەریـان کـردووە، هـەر بـۆ نموونـە دوای کارەسـاتی ١٦ی ئۆکتۆبـەر، فەرەنسـا بـە حوکمـی ئـەوەی خـۆی بـە پارێـزەری کریسـتیانەکانی جیهـان دەزانێـت، بەتایبەتـی لـە شـوێنێکی وەك عێـراق کـە کەمینـەن، بـۆی دەرکـەوت ئەگـەر هەرێمـی کوردسـتان نەمێنێـت، ئـەوا کریسـتیانەکانیش دەکەونـە مەترسـییەوە، بۆیـە پێـش هەمـووان لـە هەوڵـی ئەوەدایـە ئـەو هەڵەیـەی خـۆی ڕاسـت بکاتـەوە، ئەڵمانیـا لـە کۆنـەوە کۆمەڵێـك بەرژەوەنـدی لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتان هەبـووە، هەروەهـا مەترسـی تیـرۆری هەیـە و پێشـتر مەشـق و ڕاهێنانی بـە پێشـمەرگە کـردووە، لـە ئێستاشـدا دەزانێـت داعـش بـە ئازادکردنـەوەی موسـڵ کۆتایـی نایـەت و مەترسـی ئـەوەی هەیـە جارێکـی دیکـە ئـەم ڕێکخـراوە سـەرهەڵبداتەوە و مەترسـی بـۆ سـەر وڵاتەکـەی دروسـت بکاتـەوە، بۆیـە بـە پێویسـتی دەزانێـت کـە پشـتگیری هەرێمـی کوردسـتان بـکات، بـەڵام سـەبارەت بـە بەریتانیـا کـە هەڵوێسـتی لـە هەمـوو وڵاتەکانـی دیکـە توندتـر بـوو، بـە بۆچوونـی مـن ئـەم هەڵوێسـتە توندەی بەریتانیـا بەرامبـەر بـە هەرێمـی کوردسـتان، کاردانـەوە بـوو بەرامبـەر ئـەو کۆنتراکتـەی کـە هەرێمـی کوردسـتان لەگـەڵ کۆمپانیـای ڕۆز نەفتـی ڕووسـی گرێـی دا، بـەڵام ئێسـتا ئەوانیـش هەوڵیانـداوە چـاو بـە هەڵوێسـتەکانی خۆیانـدا بخشـێننەوە و ئـەوە سـەرۆك وەزیرانـی بەریتانیـا داوەتنامـەی بـۆ سـەرۆك وەزیرانـی هەرێمـی کوردسـتان ناردووە بـۆ ئـەوەی سـەردانی لەنـدەن بـکات، ئەمریـکاش گـرەوی لەسـەر دووبـارە هەڵبژاردنـەوەی عەبـادی کـردووە و پێیوایـە ئەگـەر عەبـادی دەربچێتـەوە، ئـەوا دەتوانێـت عێـراق لـە هەژموونـی ئێـران دەربهێنێـت، بـەڵام ئێسـتا دەرکەوتـووە عەبـادی ئـەو سـەرۆك وەزیرانـە بەهێـزە نییـە، بۆیـە ئەوانیـش خەریکـە بـە سیاسـەتی خۆیانـدا دەچنـەوە.

*** ئایا پێتوایـە ئـەو سـەردانانەی سـەرۆك وەزیرانی کوردسـتان بـۆ دەرەوە بەرهەمـی دەبێـت؟**

- بێگومـان ئـەم هـەوڵ و سـەردانانە کاریگـەری دەبێـت، بـەڵام پێویسـتی بەوەیـە ئەمریـکاش بێتـە نـاوەوە و گوشـاری زیاتـر بـەکار بهێنێـت، ئەگـەر ئەمریـکا گوشـاری زیاتـر بـکات، بارودۆخەکـە باشـتر دەگۆڕێـت، بـەڵام پێدەچێـت ئەمریـکا بیەوێـت بـە ڕێگـەی فەرەنسـا و ئەڵمانیـا و بەریتانیـا زەمینەیـەك دروسـت بـکات، ئەوجـا خۆیشـی بێتـە نـاو پرۆسـەکەوە.

*** باشـە ئەمـە بارگرانیـی زیاتـر دروسـت نـاکات لەسـەر خەڵکـی کوردسـتان؟ مەبەسـتم ئەوەیە میللەتـی ئێمـە بەرگـەی ئـەو دۆخـە دەگرێـت؟**

- پرسـە گرنگەکـە لێـرەدا ئەمەیـە، منیـش دەزانـم میللەتەکەمـان لەژێـر گوشـارێکی گەورەدایـە و موعاناتـی زۆری هەیـە، بـەڵام هەتـا یـەك دوو مانگـی دیکـە بارودۆخەکـە گۆڕانـکاری بەسـەردا دێـت، لەبـەر ئـەوەی دوای ئـەم یـەك دوو مانگـە لـە هەڵبژاردنەکانـی عێـراق نزیـك دەبینـەوە، ئێمـە بەشـداری هەڵبژاردنـەکان بیـن، یـان نـە، خاوەنـی ٦٠-٧٠ کورسـی پەرلەمانـی عێراقیـن، ئـەم ڕێژەیـەش بـۆ هەریـەك لـە عەبـادی و مالیکـی کـە بەنیـازن کێبڕکێیەکـی تونـد بکـەن لـە هەڵبژاردنەکانـدا یەکلاکـەرەوە دەبێـت. مـن لـەو بڕوایـەدا نیـم بەبـێ ئێمـە هیـچ کامیـان زۆرینـە پێکبهێنێـت بـۆ ئـەوەی ببێتـەوە بـە سـەرۆك وەزیـران، لـە ئێسـتادا ئەمریـکا پێـی خۆشـە عەبـادی ببێتـەوە بـە سـەرۆك وەزیـران و ئێرانیـش حـەزدەکات مالیکـی بێـت، لێدوانەکانـی ئـەم دواییـەی نـوری مالیکـی بۆنـی ئـەوەی لـێ دێـت کـە حزبـکات لەگـەڵ کـورد هاوپەیمانـی بـکات. مـن هێشـتا مالیکـی بـە ئەهوەنتـر لـە عەبـادی دەزانـم، لەبـەر ئـەوەی مالیکـی ئـەوەی لەسـەر زاریەتـی، هـەر ئـەوەش لەنـاو دڵیەتـی، بـەڵام عەبـادی بەوجـۆرە نییـە و چەنـد سـیفەتێکی تێدایـە کـە جێگـەی مەترسـین، لەوانـە: یەکـەم، کەسـێکی شـیعەی مەنهەجییـە، دووەم، خەڵکـی بەغدایـە و دەزانێـت بەغدایییـەکان حەزیـان لـە پێـچ و پەنـای زیاتـرە، سێیەمیشـیان پـەروەردەی ئینگلیـزە و لـە بەریتانیـا بـووە، ئەمـەش مانـای ئەوەیـە هەمـان فێڵـی ئینگلیـزی هەیـە و هـەر ئەویـش ئـەو کاتـەی کـە سـەرۆکی لیژنـەی دارایـی

**ئەگەر ئێمە لەگەڵ مالیکی ڕێکبکەوین، دەتوانین تۆڵەی خۆمان لەعەبادی و ئەمریکاش بکەینەوە، لەمەش زیاتر ئەگەر مالیکیش هەڵبژێردرایەوە، ئەوا ئەمریکا تێدەگات، ئەمە بەرەنجامی ئەوەیە کە پشتی لە کورد کرد و پشتگیری لە عەبادی کردووە**

**لێدوانەکانی ئەم دواییەی نوری مالیکی بۆنی ئەوەی لێ دێت کە حەزبکات لەگەڵ کورد هاوپەیمانی بکات. من هێشتا مالیکی بە ئەهوەنتر لە عەبادی دەزانم، لەبەر ئەوەی مالیکی ئەوەی لەسەر زاریەتی، هەر ئەوەش لەناو دڵیەتی، بەڵام عەبادی بەوجۆرە نییە و چەند سیفەتێکی تێدایە کە جێگەی مەترسین**

**ئەمریکا گرەوی لەسەر دووبارە هەڵبژاردنەوەی عەبادی کردووە و پێیوایە ئەگەر عەبادی دەربچێتەوە، ئەوا دەتوانێت عێراق لە هەژموونی ئێران دەربهێنێت، بەڵام ئێستا دەرکەوتووە عەبادی ئەو سەرۆك وەزیرانە بەهێزە نییە، بۆیە ئەوانیش خەریکە بە سیاسەتی خۆیاندا دەچنەوە**

**ریفراندۆم بۆتە دیکۆمێنتێکی گەورەی مێژوویی و بۆتە بەشێک لە مێژووی گەلی کوردستان کە لە ریفراندۆمێکی ئازادانەدا دەنگی بۆ سەربەخۆیی داوە، بەڵام بە شێوازی عەسکەرتاری و پیلانی دەوڵەتانی ناوچەکە رێگەیان نەدا ئەم خەونەی کورد بێتەدی**

**پیلانی ١٦ی ئۆکتۆبەر بۆ تێکشکاندنی بەڕێز مسعود بارزانی و بۆ تێکشکاندنی شکۆی پێشمەرگە بوو، خۆتان دەزانن پێش ئەم کارەساتە شکۆی پێشمەرگە گەیشتبووە لوتکە لەسەر ئاستی هەموو جیهان، بۆیە کاتێک شکۆی پێشمەرگە دەشکێت، ئەمە مانای ئەوەیە گیانی ورەو بەرخودانی نەتەوە تێکدەشکێت**

**پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر ئێمە لە لوتکەی بەرخودان بووین، پێشمەرگە بە سەر گەورەترین گروپی تیرۆریستی کە داعش بوو، سەرکەوتبوو، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر کتوپڕ لە رۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەر بینیمان پێشمەرگە بە چەکی قورسی تانک و زرێپۆشەوە بە بەرچاوی ئێمەوە پاشەکشەی دەکرد، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی ورەی خەڵکیش بڕووخێت**

پەرلەمانی عێراق بوو، دەستی لەوەدا هەبوو کە مالیکی بودجەی کوردستانی بڕی، بۆیە ئێمەش دەبێت کارتەکانی هەڵبژاردنی خۆمان بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەکەمان بەکاربهێنین و، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر ئێمە لەگەڵ مالیکی رێکبکەوین، دەتوانین تۆڵەی خۆمان لە عەبادی و ئەمریکاش بکەینەوە، لەمەش زیاتر ئەگەر مالیکیش هەڵبژێردرایەوە، ئەوا ئەمریکا تێدەگات، ئەمە بەرەنجامی ئەوەیە کە پشتی لە کورد کرد و پشتگیری لە عەبادی کردووە.

*** ئاشکرایە لە سیاسەتدا دۆست و دوژمن تاسەر نییە، بەڵکو بەرژەوەندی هەیە، ئایا کورد دەتوانێت لەم هاوکێشەیەدا مافەکانی خۆی مسۆگەر بکاتەوە؟**

- من قەناعەتم هەیە ئەگەر بە وریایی ئەم کارە بکەین بۆ بەرژەوەندیی ئێمە دەشکێتەوە. لە ئێستا هەندێک هەوڵ هەیەو پێموایە پەیوەندییەک لەشێوەی تاڵە مووەکەی معاویە خەریکە دروست دەبێتەوە.

*** بەڵام پرسی ناوخۆی کوردستان شتێکی دیکەیە، ئەوەتا لە سلێمانی بارودۆخێکی ئاڵۆز بەڕێوەدەچێت، چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەو دۆخە هەیە؟**

- بۆ ئەو ئاڵۆزییەی سلێمانی دوو ئەگەر هەیە، ئەگەری یەکەمیان نارەزایی خەڵکە بە هۆی نەبوونی مووچە و بێ دەرامەتی خەڵکە، ئەگەری دووەمیان ئەوەیە کە هیچ دوور نییە دەزگا هەواڵگرییەکانی وڵاتانی دەوروبەریش دەستی خستبێتە ناو ئەو رەوشەی سلێمانی بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بە خۆپیشاندانەکانەوە سەرقاڵ بکەن، لەو لاشەوە حەشدی شەعبی زەمینە بۆ هێرشێکی سەربازی بۆ سەر کوردستان خۆش بکات، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە تاچەند ئەمریکا لەگەڵ ئەم پیلانە دەبێت، یان نە، ئەمەیان پرسەکە یەکلایی دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی حەشدی شەعبی کە هێرشی کرد بۆ کەرکووک، بەدەبابەی ئامرازی ئەمریکی هێرشی کردو ئەمریکاش چاوپۆشی لێکرد. بۆیە ئەگەر ئەمریکا رازی بێت بەوەی کە کوردستان بکەوێتە ژێر هەژموون و باڵادەستیی قاسم سولەیمانی، ئەوا لەم حاڵەتەدا مەترسییە راستەقینەکە دەردەکەوێت، ئەگەر ئەمریکا مەبەستی نەبێت، ئەوا بارودۆخەکە بەو شێوە نابێت کە بەدڵی قاسم سولەیمانی تەواو بێت، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا ئەرکی سەرەکی و یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی و شەخسی نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی دەبێت ئەوە بێت، بەهەر نرخێک بێت، دەبێت مووچەی فەرمانبەران دابین بکەن، هەروەها نابێت مووچەی پێشمەرگەی فیعلیش کەم بکرێتەوە، لەمەش مەبەستم ئەوەیە با چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە بکرێت و پێشمەرگەی بندیوار کەم بکرێتەوە، بەڵام نابێت مووچەی ئەو پێشمەرگانە کەم بکرێتەوە کە بە بەردەوامی لە سەنگەرەکانی خۆیانن.

*** باسی هەژموون و باڵادەستیی ئێران و سوپای پاسدارانت کرد، بەڵام حەشدی شەعبی-یش هەر پەیوەندی بە سوپای پاسدرانەوە هەیە، واتە ئەوانیش دەیانەوێت لە عێراقدا سیستمی ویلایەتی فەقیە دابمەزرێنن. وەک پسپۆڕێکی ئیسلامی، ئایا جیاوازییەک لە نێوان خەلافەتی ئیسلامی سوننە و سیستمی ویلایەتی فەقیهی شیعە هەیە؟**

- بێگومان جیاوازییەکی گەورە لە نێوانیاندا هەیە، لەبەر ئەوەی لە ویلایەتی فەقیهدا، هەر ١٢ ئیمامەکە بەو جۆرە لە قەڵەم دەدەن کە مەعسوومن و هیچ گوناهیان نەکردووە، لە کاتیکدا لای سوننە غەیری پێغەمبەران (د.خ) هەموو کەسێک قابیلی ئەوەیە هەڵە و گوناە بکات، بەهەر چوار خەلیفەکەی راشدین-یشەوە، خۆشیان دەڵێن ئێمە هەڵەمان کردووە، پاشان لە خەلافەتدا، خەلیفە جێگری خوا نییە، بەڵکو تەنیا شەخسێکە و بەرپرسیاریەتییەکی گەورەی دەکەوێتە سەرشان و ئەگەر ئەحکامی شەرعی جێبەجێ نەکرد، دەکرێت لاببرێت و کەسێکی دیکە جێگەی بگرێتەوە، بەڵام لە ویلایەتی فەقیهی ئیمام لانابرێت، ئەوا مەحاڵە کەسێکی وەک عەلی خامەنەئی لاببرێت، ئەمەش وەک ئەوەی مەعسووم بێت، هەر وەک چۆن کەس ناتوانێت بە خومەینی بڵێت تۆ هەڵەت کردووە، چونکە ئەوان بە وەلی فیقهی دەزانن و راشکاوانەتر واتە وەلی فەقیە ئیرادەی ١٢ ئیمامەکە لەسەر زەوی جێبەجێ دەکات. هەروەها ئەوانەی پابەندن بە سیستمی ویلایەتی فەقیە، هێندەی باسی ئەو دوو ئیمامە دەکەن، هێندە باسی پێغەمبەر (د.خ) ناکەن، ئەوەندەشی باسی ئیمام حوسێن دەکەن، ئەوەندە باسی ئیمام حەسەن ناکەن کە براگەورەی ئیمام حوسێنە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئیمام حەسەن هۆکارێک بوو بۆ کوژانەوەی شەڕەکە، بەڵام ئیمام حوسێن کە هەر بەدەستی خۆشیان شەهیدیان کردووە، زیاتر باسی ئەو دەکەن، لەمەش زیاتر تەنیا باسی کوڕەکانی ئیمامی حوسێن دەکەن و باسی کوڕەکانی ئیمامی حەسەن ناکەن.

*** ئێستا سوپای قودسی قاسم سولەیمانی دەیەوێت عێراق و سووریا و لوبنان گرێبداتەوە بە ئێرانەوە، ئایا فەلسەفەی ئەم داگیرکارییە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- ئەوان لەلایەك دەڵێن غەدر لە شیعە كراوە، لەلایەكی دیكە ئەو ناوچانە وەك بەشێك لە ئیمپراتۆریەتی فارسی لە سەردەمی كیسرا دەزانن و دەیانەوێت ئەو ئیمپراتۆریەتە زیندوو بكەنەوە، هەر بۆیە ئەوان دەڵێن، یەمەن بەشێك بووە لە ئیمپراتۆریەتی فارسی و ئێستا مافی خۆیانە بیگێڕینەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی فارس، بێگومان ئیمپراتۆریەتی كیسرا عێراق و شامیشی لەبەر دەستدا بووە.

*** بەڵام خۆ شیعەی عەرەب لە عێراق و سووریا و لوبنان، فارس نین، ئەوان بۆ بوونەتە پاشكۆی سوپای پاسداران؟ ئایا مەترسیی شیعە بۆ سەر كورد لە چ ئاستێكدایە؟**

- مەزهەبی شیعە لای ئەوان عەقیدەیە، شیعەی عەرەب دەڵێن ئێمە زوڵممان لێكراوە، بێگومان بەهۆی ئەو دەوڵەتە دیكتاتۆرییانەی لە دەوڵەتانی ئیسلامی بوونیان هەیە، نەك شیعە، بەڵكو نەتەوەكانی دیكەش وەك كورد زوڵمیان لێكراوە، زەیدییەكانی یەمەن كە پێشتر خۆیان لە دەسەڵاتدا بوون و پاشان هەر لەلایەن زەیدییەكەوە كودەتایان بەسەرداكراوە كە عەلی عەبدوڵا ساڵح بوو كە لەو ماوەی پێشوو كوژرا، بەڵام لە بنەڕەتدا زەیدییەكان هێندەی لە ئەهلی سوننە و جەماعەت نزیك بوون، هێندە لە شیعە نزیك نەبوون. سەبارەت بە تێڕوانینی شیعەش بۆ كورد و مەترسیی شیعە لەسەر كورد لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت كە ئەوان ئێمە وەك دوژمنێكی گەوەری خۆیان لە قەڵەم دەدەن، یەكەمیان لەبەر ئەوەی ئێمە نەوەی سەلاحەدینی ئەیووبین و ئاشكرایە سەلاحەدینی ئەیووبی توانی شام تەوحید بكات، بەتایبەتی كە میرنشینەكانی ئەو ناوچەیە دەستیان لەگەڵ خاچپەرستەكان تێكەڵ كردبوو، دووەم كە چووە میسر لەوێوە دژی خاچپەرستەكان شەڕی قودسی كرد، فاتیمییەكان مەزهەبی خۆیان گۆڕی بۆ ئەهلی سوننە و جەماعە، بۆیە ئێران رقی لە سەلاحەدینی ئەیووبییە وەك كوردێك كە بۆتە رەمزێك بۆ تەوحید، هەروەها لەبەر ئەوەی فاتیمییەكان مەزهەبی خۆیان گۆڕی بۆ سوننە، بۆیە ئەم رق و كینەیەی لە دڵدا بەرامبەر بەكورد هەڵگرتووە.

*** ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ كارەساتی ١٦ی ئۆكتۆبەر كە ئەویش هەر پیلانی سوپای پاسداران بوو، ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ رووداوەكانی دوای ١٦ی ئۆكتۆبەر بكەین؟**

- ئێران وەك دەوڵەت مامەڵەكردن لەگەڵی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی ئەم دەوڵەتە خاوەنی ئیمپراتۆریەت و شارستانیەتی خۆیەتی، ئەوان بەوە ناسراون بە شێوەیەكی مەیدانی كارەكانی خۆیان دەكەن، كەسێك كاریان پێی بێت و بیانەوێت بەكاری بهێنن، ئامادەباشییان هەیە لە تاران و قومەوە بێنە لای و بەهەر شێوازێك بێت بەلای خۆیاندا رایبكێشن، لەم پرسەدا ئەوان بە پێچەوانەی ئێمەوەن، ئێمە ئەم ئامادەباشییەمان تێدا نییە و ئامادە نین بچین بۆ لای ئەو كەسانەی كە دەزانین سوودیان لێوەردەگرین. ئێران بەرامبەر مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیز لە بزووتنەوەی ئیسلامی هەمان كاری ئەنجامدا، لەبەر ئەوەی پیاوێكی راستگۆ و خاوەن پێگە و قسەی خۆی بوو، هەروەها لەوپەڕی هێزدا بوو، بۆیە هەوڵیاندا لێكترازان لەناو بزووتنەوەی ئیسلامی دروست بكەن.

دەبێت ئێمەش بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخە دەكەین، بۆ ئەمڕۆ یەكڕیزی، یان دروستكردنەوەی یەكڕیزی دەبێت كاری هەرە لە پێشینەمان بێت، ئێستا كاتی ئەوە نییە یەكتری تەخوین بكەین، لەبەر ئەوەی كە ئەمەمان كرد، نەیارانمان سوودی لێوەردەگرن و ئەوەش زەمینە بۆ كارەساتێكی دیكە خۆش دەكات. دەبێت حكومەتی هەرێمی كوردستان هەوڵبدات وەڵامی خەڵك بداتەوە و بزانێت خەڵك داوای چی دەكات، لە حاڵەتی لەمجۆرە ئەگەر خەڵكت لەگەڵ بوو، مەترسییەكان هەشبن، دەڕەوێنەوە، بەڵام كە خەڵكت لەگەڵ نەبوو، ئەمە خۆی مەترسییەكی گەورەیە.. با سەیری كودەتاكەی ١٥ی تەمموزی ٢٠١٥ی توركیا بكەین، كودەتاچییەكان كۆنترۆڵی زۆربەی دامەزراوە گرنگەكانی توركیایان كردبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵكی توركیا لەگەڵ ئەردۆغان بوو، توانی بە رێگەی نامەیەكی ئەلكترۆنیی موبایلەكەیەوە ئەو كودەتایە پووچەڵ بكاتەوە و خەڵكیش پشتگیری كرد. بۆیە بۆ ئێمەش زۆر گرنگە كە حكومەتەكەمان دڵی خەڵكی خۆمانی لەگەڵ بێت و ئەو خەڵكە پشتگیری لە حكومەتی خۆی بكات، بەڵام ئەمەش پێویستی بەوە هەیە حزبە گەورەكانیش بەتایبەتی پارتی و یەكێتی هەندێك لە پارەكانیان بێننە دەرەوە و هەوڵبدەن ئەم كارەساتە گەورەیە تێپەڕێنن، ئەمڕۆ رۆژێكی سەختە و لەمە تەنگانەترمان نییە، بۆیە ئەگەر پارە بۆ تەنگانە نەبێت، ئیدی سوودی چییە، بە هەر نرخێك بێت، دەبێت هەوڵبدرێت كە سەقامگیریی كوردستان پارێزراو بێت، بۆ ئەوەی بارودۆخەكە لە دەست دەرنەچێت.

**ئێمە پێشتر سەردانی سەنگەرەكانی پێشمەرگەمان لە دەوروبەری كەركووك كردبوو، سەنگەرەكان زۆر قایم بوون، بۆیە ئەگەر بەرگری بكرابایە، بارودۆخەكە بەم شێوەیەی ئێستا نەدەبوو. بەڵام پاشتر زانیمان ئەو تاقمەی پاشەكشەیان كردووە، سەر بە لایەنێكی سیاسی كوردستانی بوون**

**پاشەكشە بەشێک بوو لە پیلانێک دژی كوردستان و ئامانجەكەش تەنیا كەركووك نەبوو، بەڵكو ئامانجی سەرەكی ئەوە بوو دوای ئەوەی كەركووك تەسلیم دەكرێت، بەرەو هەولێر مل بنێن و هەولێریش داگیربكەنەوە، بەڵام بەرگری خەڵكی كەركووك لەو هێزەی پاشەكشەی دەكردو پاشانیش مقاوەمەتی هێزی پێشمەرگە لە پردێ و شوێنەكانی دیكە بووە هۆكاری ئەوەی كە پیلانەكەیان بە تەواوەتی سەر نەگرێت**

**ئێمە وەک نەتەوەیەكی سەرەكی ٤٠- ٤٥ ملیۆن كەسین هەتا ئێستا نەبووینەتە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان، هەر ئەوەیە كە خۆمان لەناو خۆمان لەگەڵ یەكتری راستگۆ نەبووین و لە قۆناخی زۆر هەستیاردا بووینەتە داردەستی داگیركەران و خیانەتمان لە دۆزەكەی خۆمان كردووە**

# پرۆژەی پرد

## به یەک گەیشتن بۆ لە یەک گەیشتن

پرد وشەیەکی جوان و مانادارە، کارکردن بە چەمکی پرد بۆ ئەوەیە کە ئێمە وەکو خەڵکی کوردستان کۆمەڵێك هۆکارمان هەن کە لە راستیدا بوونەتە هۆی ئەوەی کە جۆرێك لە یەك دابڕان لە نێوانماندا دروست ببێت، کە هەندێ جار هەستی پێدەکەین و هەندێ جاریش هەستی پێناکەین.

یەکێك لە هۆکارەکانی دابڕان هۆکارێکی کەلتوورییە لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا زۆرجار کە کێشەیەك دروست دەبێت و ناتوانن بگەن بە چارەسەر، یان ناتوانن بە یەکەوە بژین، قسەیەکیان داهێناوەو دەڵێن: دووری و دۆستی؟ لە کاتێکدا لە دووریدا دۆستایەتی دروست نابێت.

هۆکارێکی دیکەی دابڕان هۆکاری ژینگەییە، یەکێك لە مانگەکانمان ناوی رێبەندانە، بۆچی رێگە بەند دەبێت؟ چونکە کوردستان لە زەمانی دێریندا بەجۆرێك ژیاوە بەفر باریوەو ئەو مانگەش بەفرانبار بووە، کە بەفریش باریوە ئیدی رێگە نەبووە، بۆیە هەر کەس لەماڵی خۆیدا دانیشتووەو چاوەڕێی کردووە هەتاوەکو کاتی بەهار و هاوین دێتەوە. هەمان کێشەمان لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە بۆ دروست بووە، ئەمە راستییەکەیە کە ئێمە یەکتر زۆر دەبینین، کورد زۆر یەکتر دەبینێت، بەڵام کە یەکتر دەبینێت، کەمتر لەیەکتر شت دەبیستێت، کەمتر گوێ لەیەکتر دەگرێت، یان بە مانایەکی تر ئێمە پەیوەندیەکانمان وەکو خێڵ، وەکو عەشیرەت، وەکو خزم و کەسوکار زۆر توندە، بەڵام ئەم لەگەڵ ئەوی دیکەدا ئاشت و تەبا نەبووین.

ئەم هۆکارانە بەسەریەکەوە پێمان دەڵێن ئێمە پێویستیمان بە چەمکی پردە، وەك چەمکێك هەیە لە زمانی ئینگلیزیدا کە پێی دەڵێن (بۆندینگ و بریجینگ)، بۆندینگ ئەوەیە کە تۆ لە ماڵی خۆت لەگەڵ کەسوکاری خۆت و عەشیرەتی خۆت و حزبی خۆتدا خۆت کۆکردۆتەوە وەکو بۆندێك، بەڵام دوای ئەم بۆندە لەگەڵ بۆندەکەی تردا دەبێتە بریجینگ، دەبێت پردێك دروست بکەین تا پەیوەندیمان لەگەڵ یەکدا هەبێت، بۆیە رۆژهەڵاتناسێکیش وەکو نیکیتین دەڵێت: کورد زۆر تێکەڵە، بەڵام زۆر کەم تەبان، یانی



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

بە تەنیشتی یەکەوە دەژین، یەکتر دەبینن، بەڵام نەچوونەتە ناو ناخی یەکدی.

لێرەوە پرد هەروەکو بەیەك گەیاندنی دوو زەمەنە، بەیەك گەیاندنی دوو شوێنیشە، رووبارێك کە هەردوو بەری شارێکی لەیەکدی جیاکردۆتەوە، مرۆڤ بیری لە دروستکردنی پردێك کردۆتەوە لەنێوان ئەم دوو بەشەی شارێکدا، یان لەنێوان دوو شاردا، تەنانەت پردێك لەنێوان دوو وڵاتیشدا دروست دەکرێت، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دوو شوێن بەیەك بگەیەنێت، لە بەیەك گەیاندنی دوو شوێنیشدا، ئەزموونەکانیان تێکەڵاو دەبێت و، جۆرێك لە موتوربەکردنی لێ دروست دەبێت.

ئەمڕۆ کێشەی ئێمە لەوەدایە کە پرد دروست ناکەین، دابڕانمان دروست کردووە، دەبێت دروشممان ئەمە بێت: پرد دروست بکە، دیوار دروست مەکە، چونکە کێشەی سیاسەتمەدارو بیرمەندو حزبەکانمان کێشەی گۆشەنیگایە، گۆشەنیگاکان جیاوازن، هەموویان رەنگە راست بکەن، چونکە لە گۆشەنیگای خۆیانەوە تەماشای کێشەکان دەکەن، بەڵام کە شوێنەکانمان دەگۆڕینەوەو لەگۆشەنیگاکانی ئەوانەوە تەماشا دەکەین، سەیردەکەین ئەوانیش راست دەکەن و ئەمانیش راست دەکەن.

جا بۆ بەهێز کردنی کەلتووری پرد و بەیەك گەیشتن، پێویستە هەنگاوێك بنێین، پێویستە بەچەمکێك کار بکەین کە پێی دەگوترێت چەمکی رێگەی سێیەم، لە جیهاندا شتێك هەیە پێی دەگوترێت: رێگەی سێیەم، زۆرجار ئێمە رێگەیەك دەدۆزینەوە کۆمەڵێك خاڵی چاکی تێدایە، رێگەیەکی تریشمان هەیە کۆمەڵێك خاڵی چاکی تێدایە، بەڵام کە رێگەی سێیەم دەدۆزینەوە، چاکی ئەم دیو و چاکی ئەو دیو لەگەڵ یەکدیدا کۆ دەکاتەوە و رێگەیەکی سێیەممان بۆ دروست دەکات.

کەواتە بەیەك گەیشتن بۆ لەیەك گەیشتن وەك پڕۆژەیەك فێرمان دەکات کە هەمیشە سەکۆیەکمان هەبێت بۆ بەیەك گەیشتن، بۆ ئەوەی ساتێکمان هەبێت بۆ لەیەك گەیشتن.

واتە وەك پردێکمان لەگەڵ دووردا دروستکردووە، دەبێت پردێکیش لەگەڵ نزیکەکاندا دروست بکەین، بە مەبەستی بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئارامی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستانیدا.



رۆبەرت بارێت خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیا کە لە زانکۆی تێکساس لە ئۆستن بەدەستی هێناوە . شارەزای کاروباری چەند وڵاتێکی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، لە نێویاندا، وڵاتانی کەنداو، عێراق، ئێران و سووریا، هەروەها تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك پرسەکانی پەیوەست بە تیرۆریزم و ئاسایش، بزووتنەوە سیاسییەکان، سیاسەتی دەرەکی، کاروباری سیاسی و سەربازیی و پرسە ئەتۆمییەکان. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی پەیوەست بە پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی عێراق و کوردستان و پرسی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکە و بەتایبەتی لە عێراقدا و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیداری لەگەڵدا تاوتوێ کرد، ئەویش بەم شێوەیە تێڕوانینەکانی خستەڕوو.

## ڕۆبی باریت

### شارەزای کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# پشتیوانی نەکردنی سەربەخۆیی کوردستان لەلایەن ئەمریکاوە سەریکێشاوە بۆ بەهێزبوونی دەستڕۆیشتوویی ئێران

*** وەك کەسێکی شارەزا لە کاروبارەکانی عێراق، چ خوێندنەوەیەکتان هەیە بۆ ئەو ڕووداوانەی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر ڕوویانداو هەڵوێستی ئەمریکا لە ئاست ئەو پەرەسەندنانەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- لە ڕاستیدا من پێموایە هەڵوێستی ئەمریکا، هەڵوێستێکی هەڵە بوو، ئەگەرچی بۆ من مایەی سەرسوڕمان نەبوو. هەروەها من باوەڕم وایە دەبێت زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەمریکا بکرێت، چونکە ئێوە لەو ڕاستییە بڕوانن کە ئیدارەی پێشوو و ئیدارەی ئێستای ئەمریکا کارێکیان کرد ئێوە شەڕیان بۆ بکەن، بەڵام بینیمان هیچیان بۆ نەکردن لە بەرامبەردا. لەم ڕوانگەیەوە جێی داخە کە ئێوە پشتیوانیتان دەستەبەر نەکرد. هەروەها من لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەگەرچی من کەسێك بووم پشتیوانیم لە خۆبەڕێوەبەری و سەربەخۆیی کوردستان دەکرد، بەڵام لە هیچ لایەنێکی کوردستانەوە بانگهێشت نەکرام کە سەردانی کوردستان بکەم، لە کاتێکدا من بانگهێشتی عێراق و سعودیە و وڵاتانی دیکەم پێدەگەیشت بۆ سەردانیکردن، بەڵام کەسانێك بانگهێشت دەکران بۆ کوردستان کە دواتر ڕەخنەیان لە پرسی سەربەخۆیی کوردستان دەگرت. بە هەر حاڵ پێموانییە ئەمریکا سیاسەتێکی جێگیر و ڕوونی هەبێت بۆ عێراق و کوردستان و بۆ سووریا و بۆ پرسەکانی دیکە. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە هێشتا ئەمریکا

**لەو باوەڕەدا نیم کە کورد دەست لە خەونی سەربەخۆیی هەڵبگرێت. بەڵام دەبێت ئەوەشتان لەبەرچاو بێت کە ئەمریکا پشتیوانیتان ناکات لەسەر پرسی کەرکووک. هەروەها ئەمریکا دەیەوێت لەم ناوچەیە بکشێتەوە.**

**ئێران خوازیاری ئەوە نییە دیالۆگ لە نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان رووبدات، من نازانم چۆن عێراق دەتوانێت هەنگاوێکی لەم چەشنە بنێت، ئەگەر ئێران بەرهەڵستی بکات، بۆیە رەنگە کوردستان گفتوگۆ لەگەڵ ئێراندا بکات باشترە، چونکە لە عێراقدا ئێران پتر کاریگەرو دەسترۆیشتووترە لە ئەمریکا**

**پێویستە کوردستان کاربکات بۆ پاراستنی ئەو خۆبەرێوەبەرییەی کە هەیەتی، هەروەها پێویستە بە شێوەیەکی ستراتیژی بیر لە بارودۆخەکە بکاتەوە، لە هەمان کاتدا هەوڵ بدات پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی ئەمریکا دروست بکات**

پێداگیری لەسەر عێراقی یەکگرتوو و سووریای یەکگرتوو دەکاتەوە، لە کاتێکدا ئەمە لەسەر ئەرزی واقیع بوونی نەماوە. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە دەبێت واقیعییانە لە بارودۆخی ناوچەکە بڕوانین، کە بارودۆخی سەر ئەرزی واقیعیش ئەوەیە کە ناوچەیەکی سوننەنشین هەیە لە سووریا و عێراق و ناوچەیەکی شیعەنشین هەیە لە باشووری عێراق، هەروەها ناوچەی کوردی هەیە، واتە ناوچەی سەربەخۆ، یان نیمچە سەربەخۆ هەن، بەو پێیە ئەو سیاسەتەی ئێمە پیادەی دەکەین، زیاتر لە هەر لایەنێکی دیکە هاوکاری ئێران دەکات.

*** کەواتە هاوڕایت لەگەڵ ئەوەدا کە لە دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە ئێران پتر دەسترۆیشتووتر و باڵادەستترە لە عێراقدا؟**

- بەڵێ، بە دڵنیاییەوە ئەمە دەقاودەق راستە، چونکە ئاشکرایە حکومەتی عێراق لەژێر کاریگەری ئەگەر نەڵێین کۆنترۆڵی ئێراندایە. هەروەها سەرجەم بڕیارەکانی ئەمریکا بۆ دۆخی دوای داعش، لە نێویاندا بڕیارەکانی پەیوەست بە کوردستانەوە، هەموویان بوونەتە هۆی بەهێزبوونی پێگەی ئێران.

*** بەڵام ئایا دەرئەنجام و دەرهاویشتەی ئەم دەسترۆیشتووییەی ئێران چی دەبێت؟**

- لە راستیدا ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئێران بۆ ماوەی نزیکەی ٣٠٠ ساڵە هەوڵی گێڕانەوەی پێگەی باڵادەستی و ئیمپراتۆریەتی خۆی دەدات لە ناوچەی کەنداودا. لێرەدا دووپاتی دەکەمەوە کە سیاسەتەکانی ئێمە هاوکار بوون بۆ ئەوەی ئێران پێگەی باڵادەستی بەدەست بهێنێت لە چەند ناوچەیەکی وەك ئەفغانستان و عێراقدا، هەر لەبەر ئەمەش بوو وتم چیتر عێراق بوونی نەماوە. لەم روانگەیەوە دەتوانم بڵێم بانگەشەکانی حکومەتی ئەمریکا بۆ هاوکاریکردنی حکومەتی مەرکەزی عێراق بێمانایە، چونکە ئێمە بەم شێوەیە هاوکاری ئێران دەکەین. من پێش رووداوەکانی ئۆکتۆبەریش پرسیارم لێکرا لەبارەی سیاسەت و هەڵوێستی ئەمریکا لەبارەی کوردستانەوە، وەڵامی من ئەوە بوو ئەگەر ئەمریکا پشتیوانی کوردستان نەکات، ئەوا مانای وایە دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتە تەقلیدییەکەی کە بریتییە لە هاوکاریکردنی دەوڵەتی عێراق، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەم دەوڵەتی عێراقە بە تەواوەتی لەژێر باڵادەستیی ئێراندایە. ئێوە بڕوانن چی روویدا، ئەمریکا بووە تەماشاکار و بواریدا سوپای پاسداران دەست بەسەر کەرکووک و شوێنەکانی دیکەدا بگرێت. لەبەر ئەوە پێم وایە دەبێت کوردستان زۆر وریا بێت و باوەڕم وانییە بتوانێت متمانە بە ئەمریکا بکات. من لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەمریکا تاکتیك دەگرێتەبەر و لە دەرئەنجامە ستراتیژییەکانی بڕیارەکانی تێناگات. بۆ نموونە کەسانێك لە ئەمریکا هەن ئەوە دووپات دەکەنەوە کە نابێت پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان بکرێت، چونکە ئەمە دەبێتەهۆی تووڕەکردنی تورکیا و ئێران و سووریا و عێراق، بەڵام راستییەکە ئەوەیە کە کورد تەنیا هاوپەیمان و دۆستی بەردەوامی ئەمریکا بووە لەو ناوچەیەدا، هەموو لایەنەکانی دیکە ئەجێندایەکی جیاوازیان هەیە. لێرەدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسی پەیوەست بە دەسترۆیشتوویی ئێرانەوە، ئەوا من دەڵێم ئێران- ئەمە بۆ حوکمڕانەکانی پێش ئەم دەسەڵاتدارانەی ئێستاش راست بووە- خۆی وەك هێزێکی باڵادەست لە ناوچەکەدا دەبینێت و هەوڵی درێژکردنەوەی هێز و دەسترۆیشتوویی خۆی دەدات و لەم رووەوە کوردستان وەك کێشەیەك سەیر کراوە. بەڵام لە ئێستادا عێراق بۆتە پاشکۆی ئێران، واتە عێراق کارێك ناکات کە رەزامەندی ئێرانی لەسەر نەبێت.

*** ئایا دەتوانین بڵێین هەڵوێستی ئەمریکا لە ئاست ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستاندا کورتبینانە بوو؟**

- لە راستیدا من بەم شێوەیە گوزارشتی لێدەکەم: سیاسەتی ئەمریکا سیاسەتێکی تاکتیکییە و تەرکیز لەسەر کێشە ساتەوەختییەکان دەکاتەوە، وەك شەڕی داعش، بەڵام هیچ ستراتیژیەتێك بەدی ناکرێت لە پشت ئەم تاکتیکەوە، بیرکردنەوەیەکی ستراتیژی نابینرێت لە پاڵ ئەم تاکتیکەدا. بۆ نموونە ئێستا داعش تەواو لاوازکراوە- ئەگەرچی من پێموایە لە شێوەیەکی دیکەدا دەردەکەوێتەوە- بەڵام سیاسەتی ئەمریکا کە پشتیوانی سەربەخۆیی کوردستانی نەکرد، سەریکێشاوە

بۆ بەهێزبونی هێز و دەستڕۆیشتوویی ئێران. بە دەربڕینێکی دیکە ئێمە تاکتیکمان هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و ئەلقاعیدە، بە بێ ئەوەی ئەمە هاوشان بێت بە بوونی ستراتیژیەتێك، دەرئەنجامەکەش ئەوە بووە کە تاکتیکەی ئێمە خزمەتی بە بەرژەوەندییەکانی ئێران کردووە لە ناوچەکەدا.

*** باشە پێتوایە پێویستە کوردستان چی بکات بۆ ئەوەی ئەم دۆخە تێپەڕێنێت؟**

- من پێموایە پێویستە کوردستان کاربکات بۆ پاراستنی ئەو خۆبەڕێوەبەرییەی کە هەیەتی، هەروەها پێویستە بە شێوەیەکی ستراتیژی بیر لە بارودۆخەکە بکاتەوە، لە هەمان کاتدا هەوڵ بدات پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی ئەمریکا دروست بکات، چونکە ڕەنگە ئەوان ئامادەی گوێگرتن بن، بەتایبەتی بەهۆی هەڵوێستیانەوە لە ئاست ئێراندا -کە هەڵوێستێکی ئەنتی ئێرانییە-، بەڵام گرنگترین مەسەلە ئەوەیە کوردستان پارێزگاری لە خۆبەڕێوەبەرییەکەی بکات و لەوێوە هەنگاو هەڵبگرێت.

*** بەڵام پێتوایە ئەمریکا بتوانێت ڕۆڵ ببینێت لە ناوبژیوانیکردنی نێوان کوردستان و حکومەتی عێراق؟**

- لە ئێستادا پشێوییەك لە ئیدارەی ئەمریکادا هەیە و دەکرێت باسی سیاسەتی ئەم ئیدارەیە بکەیت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو سیاسەتە بوونی نییە و لە ئارادا نییە. هەروەها ڕەنگە کار لەسەر ئەوە بکرێت کە عێراق هەنگاوهەڵبگرێت لەم ڕووەوە، بەڵام پێموایە ئەمە کارێکی دژوارە، هۆکارەکەش ئەوەیە کە ئێران خوازیاری ئەوە نییە ئەمە ڕووبدات، هەروەها من نازانم چۆن عێراق دەتوانێت هەنگاوێکی لەم چەشنە بنێت، ئەگەر ئێران بەرهەڵستی بکات. لێرەدا جێی خۆیەتی بڵێم ڕەنگە کوردستان گفتوگۆ لەگەڵ ئێراندا بکات باشترە، چونکە لە عێراقدا ئێران پتر کاریگەرتر و دەستڕۆیشتووترە لە ئەمریکا.

*** باشە پێتوانییە ئەمریکا سیاسەت و ڕێککاری توندتر بگرێتەبەر لە ئاست ئێراندا؟**

- ئاشکرایە کە ترەمپ لێدوانی زۆر دەدات، بەڵام ئایا ئێوە هیچ هەنگاوێکی کرداری دەبینن؟ واتە زۆر باس لە سنووردارکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران دەکەن، بەڵام ئایا بە کردەوە هیچ کراوە؟ من خۆم خوازیاری ئەوەم کارێك لەبارەی ئێرانەوە بکەن، بەڵام پێموانییە ئەم کارە ئەنجام بدەن. لایەنێکی دیکەی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە ئەمریکا نایەوێت خۆی دووچاری پابەندبوونێکی گەورە بکاتەوە بە ناوچەکەوە.

*** باشە سەیر نییە ترەمپ لە ١٣ی ئۆکتۆبەردا ستراتیژییەتە نوێیەکەی بەرامبەر ئێران ڕاگەیاند، بەڵام ئێمە بینیمان دوای ٣ ڕۆژ چی ڕوویدا؟**

- لە ڕاستیدا دەکرێت هەموو مانگێك ئیدارەی ترەمپ ستراتیژیەتێکی سەرنجڕاکێش ڕابگەیەنێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە چی ڕوودەدات؟ من دەڵێم هیچ. واتە ئێمە دەبێت لەو کەلێنە بڕوانین کە لە نێوان لێدوان و کرداردایە، مەبەستم ئەوەیە دەبێت ئێمە قسە و لێدوانەکانیان فەرامۆش بکەین و لەوە بڕوانین ئایا چ هەنگاو و ڕێککارێکی عەمەلییان هەڵگرتووە. دەبێت پرسیاری ئەوە بکەین ئایا چ پشتیوانییەکی سیاسیتان بەدەست هێناوە و ئایا چ هاوکارییەکی سەربازیتان بەدەست گەیشتووە؟

*** دوا پرسیارمان لەبارەی پێشبینییەکاتانەوەیە بۆ ئایندەی عێراق و کوردستان؟**

- من پێموایە باشترین سیناریۆ لە ئێستادا بۆ کوردستان پارێزگاریکردن و پاراستنی ئەو خۆبەڕێوەبەرییەیە کە لە ئارادایە. بە باوەڕەی من ئەمە باشترین سیاسەتە لە ئێستادا بگیرێتەبەر. ئەگەرچی من لەو باوەڕدا نیم کە کورد دەست لە خەونی سەربەخۆیی هەڵگرێت. بەڵام دەبێت ئەوەشتان لەبەرچاو بێت کە دەرکەوت ئەمریکا پشتیوانیتان ناکات لەسەر پرسی کەرکووك. هەروەها ئەمریکا دەیەوێت لەم ناوچەیە بکشێتەوە. لەبەر ئەوە من باوەڕم وانییە ئەمریکا ئەوەندە بایەخ بە بارودۆخەکە بدات. هەر لەبەر ئەوەشە کە دەبێت کوردستان بە وریاییەوە هەنگاو هەڵبگرێت و پارێزگاری لە خۆبەڕێوەبەرییەکەی بکات. چونکە دەبێت بزانین پشێوی هەیە لە ئیدارەی ئەمریکادا و ئاستی جەماوەریی بوونی ترەمپ دابەزیوە و بۆی هەیە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨دا دیموکراتەکان دەسەڵات لە کۆنگرێس بگرنەوەدەست.

**ئەمریکا بووە تەماشاکار و بواریدا سوپای پاسداران دەست بەسەر کەرکووک و شوێنەکانی دیکەدا بگرێت. لەبەر ئەوە پێم وایە دەبێت کوردستان زۆر وریا بێت و باوەڕم وانییە بتوانێت متمانە بە ئەمریکا بکات**

**ئەگەرچی من کەسێک بووم پشتیوانیم لە خۆبەڕێوەبەری و سەربەخۆیی کوردستان دەکرد، بەڵام لە هیچ لایەنێکی کوردستانەوە بانگهێشت نەکرام کە سەردانی کوردستان بکەم، لە کاتێکدا من بانگهێشتی عێراق و سعودیە و وڵاتانی دیکەم پێدەگەیشت بۆ سەردانیکردن، بەڵام کەسانێک بانگهێشت دەکران بۆ کوردستان کە دواتر ڕەخنەیان لە پرسی سەربەخۆیی کوردستان دەگرت**



**لەگەڵ ئەوەی خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕین مافێکی رەوای هەر هاووڵاتییەکە، بەڵام کاتێك رەوتی خۆپیشاندانەکان ئاراستەیەکی دیکە وەردەگرێت و لە دەرئەنجامدا زیان بە دامودەزگای گشتی و بگرە موڵك و ماڵی هاووڵاتییانیش دەگات، ئەوا لە ئامانجی بنەڕەتیی خۆی لادەدات و دەرئەنجامێکی نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو خۆپیشاندانانەی بەم دواییە لە کوردستان ئەنجامدران کە هاوشان بوون بە پشێوی و سووتاندنی بارەگای حکوومی و حزبی، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ ئاواز حەمید ئەفەندی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ئەنجامدا، کە لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

**پیلانی دابەشکردنی کوردستانیش لەئارادایە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە هەوڵێکی بێ ئاکام دەبێت و هەرگیز ئەو پیلانە سەرکەوتوو نابێت**

**ئاژاوەو توندوتیژی و پەلاماردانی سەر کەرتی خزمەتگوزارییەکان کاریگەریی خراپ لەسەر ژیان و بارودۆخی هاووڵاتیان دروست دەکات**

*** وەکو ئەندام پەرلەمانی کوردستان لەلیژنەی ناوخۆ چۆن سەیری ئەم خۆپیشاندانە توندوتیژانەی ماوەی چەند رۆژی رابردووی سلێمانی و دەڤەرەکانی تر دەکەیت؟**

- ئێمە وەکو فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ خۆپیشاندانین و بەمافی خەڵکی هەرێمی کوردستانی دەزانین، بەڵام دەبێت ئەو خۆپیشاندانە بە شێوەیەکی ئاشتییانە بێت، نەك وەك ئەوەی بینیمان کە خۆپیشاندانەکان سووتاندنی بارەگای حزبەکان و دامودەزگای حکوومی لێکەوتەوە. بۆیە پێویستە ئەو جۆرە خۆپیشاندان و توندوتیژییانە کۆنترۆڵ بکرێت و رابگیرێن، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی ئاسایش و ئارامیی ناو هەرێمی کوردستان تێکبچێت و خەڵك دووچاری دڵەڕاوکێ و دۆخێکی ناجێگیر ببێتەوە.

*** لە پەرلەماندا بەچ یاسایەك خۆپیشاندانتان رێکخستووە، لەبەر ئەوەی ئەو خۆپیشاندانە دوور بوو لە هەموو رێنماییەکان، چەندین کەس لە خۆپیشاندەران دەمامکدار بوون و تەنانەت چەکیان بەکار هێناوە؟**

- یاسایەك لەبارەی خۆپیشاندان هەیە، بەڵام پێویستی بە هەموارکردنەوە بوو، ئێمە یاساکەشمان هەموار کردەوە، بەڵام پەسند نەکرا لەبەر ئەوەی هەندێك پرسیار و کێشە لەسەر هەموارکردنەکە هەبوو، بەتایبەتی لەسەر جۆری خۆپیشاندان، هەر بۆیە هەموارکردنەکە بە بێ پەسەندکردن مایەوە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی و بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان نابێت خۆپیشاندان ئارامی و ئاسایشی وڵاتەکە تێکبدات.

*** بەڵام ئێمە بینیمان لە خۆپیشاندانەکاندا توندوتیژی بەکارهات، وەك پەلاماردانی بارەگا حزبی و فەرمانگە حکوومییەکان و سووتاندنی ئۆتۆمبێلی هاووڵاتیان، ئایا ئێوە وەکو پەرلەمانی کوردستان چۆن هەڵوێست لەسەر ئەم خۆپیشاندان و ئەم کارانە وەردەگرن؟**

- پێویستە ئەو کەسانەی کە دەستیان لەو پشێوی و ئاژاوەیە هەبووە و زیانیان بە ژیانی خەڵك گەیاندووە، بە پێی یاسا لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و دادگایی بکرێن.

*** هەست دەکرێت لەو ناوچانەی کە بە زۆنی سەوز و نیلی ناسراون، ئەو جۆرە خۆپیشاندانە توندوتیژییانە روودەدەن، ئایا هۆکار چییە کە خۆپیشاندانەکان مۆرکی توندوتیژی و ئاژاوەی پێوە دیارە؟**

- بە روونی و بە ئاشکرا دیارە لەو شوێنانەی زۆنی سەوز و نیلی دەستی دەرەکی هەژموونی هەیە، کە ناحەزی کوردن و دەیانەوێت دۆخی کوردستان بەرەو ئاقارێکی خراپتر ببەن لەوەی کە ئێستا دوچاریان کردووە.

*** وەکو لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان چۆن بەدواداچوون لەسەر ئەم کەیسە دەکەن؟**

- ئاشکرایە ئێمە یاسامان هەیە، کە پێویستە ئەو یاسایە و ئەوە پرنسیپانەی کە تایبەتن بەئاسایش و ئارامیی ناوخۆیی پەیڕەو و پیادە بکرێن، کە تێیدا بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان و هاووڵاتیان و پێگەی کوردستانی تێدا رەچاو بکرێت، لەلایەکی تر پێویستە بە جددی و بە زووترین کات ئەو کەسانەی دەستیان لەو ئاژاوەو گێرەشێوێنییانە هەبووە، بە پێی یاسا دەستگیر بکرێن و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.

*** هەندێ لەحزبە سیاسییەکان و تەنانەت هەندێ لە کەناڵ و میدیاکانیش بەشێوەیەکی دووسەرە قسەیان دەکرد کە لەلایەك هانی خەڵکیان دەدا و لەلایەکی تر خۆیان لەو ئاژاوە و توندوتیژییانە لێ بێبەری دەکرد. ئایا ئەمە چۆن لێك دەدەیتەوە؟**

- دەتوانین بڵێین ئەوانەی سەرپەرشتی ئەو ئاژاوەیە دەکەن، هەر ئەو کەسانەن کە خۆیان کۆنترۆڵی ئەو کەناڵانەی راگەیاندن دەکەن. ئەوەش راستە کە

## ئاواز حەمید ئەفەندی

### ئەندامی لیژنەی ناوخۆ لەپەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# نابێت خۆپیشاندانەکان هۆکارێک بن بۆ دروستکردنی پشێوی و دڵەڕاوکێ

ئەم کەسانە لەلایەك دەیانەوێت ڕێبەرایەتی ئەو کارە ئاژاوەگێڕییانە بکەن و لەلایەکی دیکەشەوە خۆیان لێ بێبەری دەکەن. لەبەر ئەوە پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە بکات و بەهاوکاری و هەماهەنگی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و لایەنە پەیوەندارەکانی تر بەرنامەو ڕێنمایی بۆ کەناڵ و میدیاکان و میدیاکاران دەربکەن، بۆ ئەوەی بتوانن ئەو جۆرە کەناڵانە کۆنترۆڵ بکەن و بەپێی یاسا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت.

*** باس لەوە دەکرێت کە داوا لە عەبادی کراوە کە دەستێوەردان لە هەرێمی کوردستان بکات، ئایا هەڵوێستی ئێوە وەکو پەرلەمانی کوردستان لەمبارەوە چییە؟**

- ئەو کەسانەی ئەم کارە دەکەن، درێژەپێدەری ئەو سیاسەتەی پێشترن کە لە ڕێگای ئەوانەوە خیانەتێکی گەورە لەکوردستان کرا، ئەو کەسانەی ئەم داواکارییە دەکەن، دەیانەوێت هەرێمی کوردستان لەوەی هەیە زیاتر زیانمەند بێت و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لەدەست خۆی نەمێنێت، ئەو دەستە ناحەزە و ئەو سیاسەتەش لەدەرەوە سەرچاوەی گرتووە. هەر بۆیە پەرلەمانی کوردستان لەو بارەیەوە بەیاننامەی دەرکردووەو من دڵنیام سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەهەموو فراکسیۆنەکانەوە هاوڕاین لەسەر ئەم بابەتە. دواتر ئەگەر حکومەتی عێراق ڕاستگۆ بوایە، ئەوا زووتر چارەسەری کێشەکانی دەکرد، وەك کێشەی مووچە، بەڵام ئەوەی ئەو حکومەتە دەیکات تەنیا موزایەدەو قسەکردنە، ئەوان دەیانەوێت دۆخەکە بەرەو ئاقارێکی خراپتر بەرن و ئاڵۆزی و پشێوی لەکوردستاندا دروست بێت، تاوەکو هانی خەڵك زیاتر بدەن بۆ ئەوەی پەنا بۆ بەغدا ببەن، کە دڵنیاین بەغداش لەمبارەوە هیچ چارەسەرێکی پێ نییە و بگرە ئامانجی حکومەتی عێراق ئەوەیە کێشەکانی کوردستان زیاتر بن، نەك کەمتر. واتە بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی حکومەتی عێراق ئەوەیە کار لەسەر زیاترکردنی کێشەکانی کوردستان بکات.

*** جگە لەوەی ئەو خۆپیشاندانان و توندوتیژییانە هاوکات کاریگەریی خراپی لەسەر پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانیش هەبووە، بەتایبەتی لەسەر گەیاندنی ئاو و کارەبا بۆ هاووڵاتیان، هەروەکو ئەوەی بینیمان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا شارێکی وەکو سلێمانی و ئەو دەڤەرانەی کە توندوتیژی تێدا ڕوویدا لەم خزمەتگوزاریانە بێبەش بوون، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- بەدڵنیایەوە ئاژاوەو توندوتیژی و پەلاماردانی سەر کەرتی خزمەتگوزارییەکان کاریگەریی خراپ لەسەر ژیان و بارودۆخی هاووڵاتیان دروست دەکات، هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد ئەم کارانە بەو ئامانجە دەکرێت کە دۆخی کوردستان بە ئاقارێکی خراپتردا ببەن و ئەمەش دەستی دەرەکی لە پشتە. هەروەها دەمەوێت ئەوە بڵێم کە بە دڵنیاییەوە پیلانی دابەشکردنی کوردستانیش لە ئارادایە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە هەوڵێکی بێ ئاکام دەبێت و هەرگیز ئەو پیلانە سەرکەوتوو نابێت. واتە هەر چەندە دەبینین چەند کەسێك لە نێو خۆپیشاندەرەکاندا هەن کە بەجۆرێك لە جۆرەکان هاوکاری کراون، یان لەوانەیە بەڵێنیان پێدرابێت و بیانەوێت ئەم پیلانە جێبەجێ بکرێت، بەڵام خەڵکی کوردستان کە دژی دوولەتبوونی هەرێمن، زۆر زۆر زیاترن، لەم ڕوانگەیەوە دەڵێم کە ئەمە هەوڵێکی شکستخواردوو دەبێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

ئاشکرایە کە ئێمە لە ڕابردوودا دوچاری دۆخی زۆر خراپتر بووین، بەڵام توانیومانە بەسەریاندا زاڵ بین و تێی پەڕێنین، لەم ڕوانگەیەوە من باوەڕم وایە کە ئەم جارە ئەم هەلومەرجە تێدەپەڕێنین و بە سەرکەوتوویی لێی دەردەچین.

**بە ئاشکرا دیارە لەو شوێنانەی زۆنی سەوز و نیلی دەستی دەرەکی هەژموونی هەیە، کە ناحەزی کوردن و دەیانەوێت دۆخی کوردستان بەرەو ئاقارێکی خراپتر ببەن لەوەی کە ئێستا دوچاریان کردووە**

**پێویستە ئەو کەسانەی کە دەستیان لەو پشێوی و ئاژاوەیە هەبووە و زیانیان بە ژیانی خەڵک گەیاندووە، بە پێی یاسا لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و دادگایی بکرێن**



بینه مینتیَ

تایبەتمەندی بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بۆ گوڵان:

# بەگژداچوونەوەی تیرۆر گرتنەبەری ڕێگاچارەیەکی گشتگیر و فرەڕەهەندی پێویستە

**راستە چەندین وڵاتی دیموکراسی هەن لە جیهاندا، بەڵام وڵاتگەلێکیش هەن کە لە قۆناغی راگوزەریدان و هەر واقیعیکیش دژوار و تەحەددی تایبەت بە خۆی هەیە، کە دەبێت دامەزراوەگەلێک بنیاد بنێین کە وەڵامدەرەوەی ئەو تەحەددییاتە بن. لەم روانگەیەوە دەبێت ئێمە پشتیوانی لەو کۆمەڵگەیانەدا بکەین کە لە قۆناغی راگوزەریدان بۆ ئەوەی زاڵبن بەسەر واقیعەکەیاندا و پەرە بەو دامەزراوانە بدەن کە پەرە بە ئاشتی و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ دەدەن**

**پرۆفیسۆر بینە مینتیێ، بڕوانامەی دکتۆرای لە بەشی کاروبارەکانی لە زانکۆی رۆتگێرز-نیوئارک بەدەست هێناوە، ئێستا وانەبێژە لە هەردوو زانکۆی رۆتگێرز و سیتۆن هۆڵ، تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و پرسەکانی پەیوەست بە دیموکراسی و پەرەپێدان، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و چەند پرسێکی پەیوەست بەم بوارانەی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** وەك کەسێکی شارەزا لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا، چۆن لە شەڕی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پرسی تێکشکاندنی داعش دەڕوانیت؟**

- لە راستیدا ئەوەی پەیوەست بێت بە شەڕی دژ بە تیرۆر، بەتایبەتی داعشەوە، ئەوا ئیحتیواکردنی تیرۆریزم پێویستی بە رێگاچارەیەکی فرەلایەن هەیە، کاتێك دەڵێم رێگاچارەیەکی فرەڕەهەند مەبەستم ئەوەیە تەنیا کارەکانمان لە هەوڵە سەربازییەکاندا کورت نەکەینەوە، بەڵکو دەبێت لەسەر ئاستی جەماوەریش کار بۆ بەرەنگاربوونەوەی بکرێت، چونکە ئەگەر تۆ لە گروپێکی وەك داعش بڕوانیت، ئەوا دەبینیت توانیویەتی کوڕ و کچە گەنجەکانی ئێمە بەلای خۆیدا رابکێشێت و کارێك بکات ئەو گەنجانە شەڕی بۆ بکەن. ئەمە لە کاتێکدا داعش وێنەیەکی شێوێنراوی ئیسلامی دەخاتەڕوو، هەروەها ئەو پەیامەی داعش بڵاوی دەکاتەوە لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێت. لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە لەنێو خودی کۆمەڵگەوە دەست پێبکەین، لەنێو خێزانەکان و نێو مزگەوتەوکان و دامەزراوەکانەوە و ئەوە بخەینەڕوو کە ئیسلام ئایینی ئاشتی و خۆشەویستییە و زۆرلێکردن و ناچارکردن لە ئیسلامدا نییە، هەروەها لە قورئاندا ئاماژە بەوە کراوە کە خودا ئێمەی لەسەر شێوەی تیرە و هۆز و گەل و نەتەوە دروست کردووە بۆ ئەوەی یەکتر بناسین و یەکترمان خۆش بوێت. کەواتە من دووپاتی دەکەمەوە دەبێت بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆریزم و گروپە تیرۆریستییەکانی وەك داعش، ئێمە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە دەست پێبکەین بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو پەیامە شوێنراوە.

*** کەواتە راتوایە ئەگەر ئەم رێگاچارە گشتگیرو فرەڕەهەندە نەگیرێتەبەر، ئەوا هەر سەرکەوتنێکی سەربازی کورتخایەن و لەرزۆك دەبێت؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە راستە، واتە دەبێت رێگاچارەیەکی فرەڕەهەند بێت، بەڵام ناشکرێت

بە بێ بەکارهێنانی هێزی سەربازی ئەم گروپە توندڕەوانە ریشەکێش بکەیت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەو راستییەمان لەبەرچاو بێت کە ئەم گروپانە ئەو کوڕ و کچە گەنجانە بەلای خۆیاندا کێش دەکەن کە لە دۆخێکی خراپدان، مەبەستم ئەوەیە رەنگە ئەو گەنجانە بە دەست چەندین کێشەوە بناڵێنن، وەك کێشەی دارایی، کێشەی دەروونی و کێشەی خێزانی، کە ئەم گروپانە دێن و کەڵکی خراپ لەم دۆخە وەردەگرن و ئەم گەنجانە بەکار دەهێنن بۆ ئەنجامدانی تاوان لە دژی پیاو و ئافرەتی بێتاوان لە جیهاندا.

*** باشە پێتوانییە لاوازی و شکستی دامەزراوەکانی دەوڵەت لەم ناوچەیەدا بۆتەهۆی ئەوەی ئەم گەنجانە بکەونە ئەو دۆخە دژوارەوەو ببنە نێچیرێکی ئاسان بۆ گروپە رادیکاڵ و تیرۆریستییەکان؟**

- لە راستیدا ئەمە پرسیارێکی زۆر زۆر باشە. ئەگەر تۆ لە دۆخی سووریا و عێراق بڕوانیت، ئەوا دەبینیت چەندین ناوەندی هێز و دەسەڵات هەن، بەتایبەتی لە سووریادا کە دەسەڵاتێکی مەرکەزی نییە بەسەر سەرجەم وڵاتەکەدا حوکمرانی بکات، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکەکە بکەونە دۆخێکی دژوارەوە، واتە لە کاتی داڕووخانی دامەزراوەکان، نەك تەنها دامەزراوە ئەمنییەکان، بەڵکو دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیشدا، خەڵکی دەکەونە بارێکی لەرزۆکەوە و ئەو کاتە گروپە تیرۆریستییەکان و سەرجەم ئەو گروپانەی دیکە کە ئەجێندای دژ بە دەوڵەتیان هەیە، هەوڵی کەڵکوەرگرتن لە دۆخەکە دەدەن. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم حاڵەتە لە هەردوو وڵاتی سووریا و عێراقدا بوونەتە هۆی هێنانەئارای ئەم دۆخە. ئەگەر لە هەلومەرجی رۆژئاواش بڕوانیت، ئەوا ئەو کوڕ و کچە گەنجانە دەبنە نێچیری تۆڕە تیرۆریستییەکان کە زۆربەیان پێشینەیەکی تاوانکارییان هەیە، یاخود خوێندنیان جێهێشتووە و زۆربەیان هەست دەکەن ئینتیمایەکیان نییە. کەواتە ئەمە بەرپرسیارێتی دەوڵەتە کە دەیەوێت لە رووی مرۆییەوە هاووڵاتییەکانی خۆی بپارێزێت. بە کورتی ئەگەر دەوڵەت لەم بارودۆخەدا بوو، ئەوا هاووڵاتیانیش لە پێگەیەکی لەرزۆکدا دەبن، ئەو کاتەش گروپە تیرۆریستییەکان ئەم خەڵکانە بەلای خۆیاندا رادەکێشن.

*** بەڵام ئایا ئەولەوییەتی بەپەلە چییە بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە، یاخود ئایا یەکەم هەنگاو لەسەر رێی راست چییە؟**

- هەنگاوی یەکەم بە ئاراستەی راست و دروستدا ئەوەیە کە ئوممەتی ئیسلامی خۆی بەرپرسیارێتی ئەم بارودۆخە بگرێتە ئەستۆ و لەسەر هەموو ئاستەکان بەشداری بە کۆمەڵگە بکەن، پێویستە مزگەوت و پیاوە ئایینییەکانمان پەیامی راستەقینەی ئیسلام بڵاو بکەنەوە، کە پەیامی راستەقینەی ئاشتی و لێبووردەیی و خۆشەویستییە وەك ئەوەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە. لە راستیدا دەبێت لێرەوە دەست پێبکەین.

*** بەڵام پێتوانییە هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم پێویست بەوە دەکات کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کاری بۆ بکرێت، بە تایبەتی کە جیهانی رۆژئاواش بە دوور نییە لە رووداوی کارە تیرۆریستییەکان؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە راستە. کاتێك من ئاماژەم بە پێویستی گرتنەبەری رێگاچارەیەکی فرەڕەهەند کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، تەنیا مەبەستم ئەوە نەبوو هەوڵەکان لەسەر ئاستی مەحەلی کورت بکرێنەوە، بەڵکو دەبێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ئەو سیستەمە و دامەزراوانە بنیاد بنێین کە پاڵپشتی هەوڵی دەستەجەمعییەکان دەکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و کوشتنی بە کۆمەڵ. ئەمە وانەیەکە مێژوو پێمان دەڵێت، هەر لە رووداوەکانی یوگیسلافیای پێشووە تاوەکو ئەوەی لە رواندا روویدا. کەواتە دەبێت لەم رووەوە هەوڵی دەستەجەمعی بخرێتەگەڕ، ئەگەرچی تا ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رێکنەکەوتووە لەبارەی پێناسەی تیرۆرەوە. بەڵام سەرەڕای ئەم ناکۆکییەکەش سەرجەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوڕاییە لەسەر ئەوەی کە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم بەرپرسیارێتی هەموو دەوڵەتێکە. لەبەر ئەوە دەبێت ئەم دەوڵەتانە بە بەردەوامی پێداچوونەوە بکەن بە یاساکانیاندا بۆ ئەوەی پاڵپشتی هەوڵەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵگە بکەن.

**لە کاتی داڕووخانی دامەزراوەکان، نەک تەنها دامەزراوە ئەمنییەکان، بەڵکو دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیشدا، خەڵکی دەکەونە بارێکی لەرزۆکەوە و ئەو کاتە گروپە تیرۆریستییەکان و سەرجەم ئەو گروپانەی دیکە کە ئەجێندای دژ بە دەوڵەتیان هەیە، هەوڵی کەڵکوەرگرتن لە دۆخەکە دەدەن**

*** سەرەڕای ئەوەی ئێوە شارەزای بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمن، لە هەمان کاتدا تایبەتمەندی بواری پرسی دیموکراسی و پەرەپێدانیشن، چۆن لەم دوو پرسە دەڕوانن لەم ناوچە پڕ لە پشێوییەدا؟**

- لە راستیدا ئێمە ناتوانین لە شەو و رۆژێکدا دیموکراسی بەدی بهێنین، دیموکراسی پرۆسەیە و کاتی دەوێت و وەك ئاماژەم پێکرد بە شەو و رۆژێك ناتوانیت سیستمێکی دیموکراسی بنیاد بنێیت، بەڵکو پێویستی بە بڕینی چەندین قۆناغ هەیە. کە گرنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لەم روانگەیەوە لەم مەسەلەیە بڕوانێت. چونکە راستە چەندین وڵاتی دیموکراسی هەن لە جیهاندا، بەڵام وڵاتگەلێکیش هەن کە لە قۆناغی راگوزەریدان و هەر واقیعیکیش دژوار و تەحەددی تایبەت بە خۆی هەیە، کە دەبێت دامەزراوەگەلێك بنیاد بنێین کە وەڵامدەرەوەی ئەو تەحەددیياتە بن. لەم روانگەیەوە دەبێت ئێمە پشتیوانی لەو کۆمەڵگەیانەدا بکەین کە لە قۆناغی راگوزەریدان بۆ ئەوەی زاڵبن بەسەر واقیعەکەیاندا و پەرە بەو دامەزراوانە بدەن کە پەرە بە ئاشتی و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ دەدەن. ئەوەتا دەبینین کە لە وڵاتانی وەك سوریا و عێراق و هەندێ لە وڵاتانی ئەفریقیا، ئێمە رووبەڕووی پرسەکانی پەیوەست بە دیموکراتیزەکردنەوە دەبینەوە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی و بە چاوپۆشین لە جۆری سیستمی حوکمڕانی، مرۆڤەکان هەموویان خوازیاری ئەوەن لە ئازادی و ئاشتیدا بژین و لە سایەی دامەزراوەگەلێکدا بن کە رێز لە کەرامەتیان بگرێت و پەرە بە مافەکانیان بدات. کەواتە دەبێت لەم روانگەیەوە لەم مەسەلەیە بڕوانین. واتە ناکرێت ئەم پرسە بەسەریاندا بسەپێنرێت، بەڵکو دەبێت بەشداری بە خەڵك بکرێت تا ئەو کاتەی دەتوانن دامەزراوەگەلێکی کارای دیموکراسی بنیاد بنێین کە بتوانێت پەرە بە بەرژەوەندیی گشتی بدات.

*** باشە ئێمە لە سەروەختی ئەوەی پێی دەڵێن بەهاری عەرەبیدا سەرهەڵدانی بزووتنەوە دیموکراتیخوازەکانمان بینی کە لەو کاتەدا ئومێدێکی زۆر هەبوو بە هێنانەئارای حوکمڕانیی باشتر، بەڵام دواتر نائومێدی بە دوادا هات و بگرە دۆخەکەش خراپتر بوو، هۆکارە بنەڕەتییەکانی ئەم حاڵەتە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەوەی لە نێوان ساڵی ٢٠١٠ بۆ ٢٠١٢ و ٢٠١٣ روویدا، پەرەسەندنی دۆخەکە بوو لەو بەشەی جیهاندا، کە خەڵکی داوای ئازادی و داوای دەرفەتی باشتریان کرد و نەیاندەویست چیتر لە ژێر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری و خۆسەپێندا بمێننەوە و خوازیاری بنیادنانی دامەزراوەگەلێکی کارا بوون. بەڵام بینیمان لە چەند وڵاتێکدا بە ئاقارێکی دیکەدا ئاراستەی گرتەبەر. ئەمەش بە رادەیەکی گەورە بۆ پەرەسەندنی مێژووی دامەزراوەکان دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر تۆ لە وڵاتێکی وەك میسر بڕوانیت، ئەوا بە زۆری دامەزراوەی سەربازی حوکمڕانی ئەو وڵاتەی کردووە، کە سوپاش بەهێزترین دامەزراوە بووە لەو وڵاتەدا. ئەگەر لە سووریا بڕوانیت، ئەوا لە ماوەی سێ دەیەی رابردودا لەلایەن یەك خانەوادەوە حوکمڕانی کراوە. ئەگەر باس لە وڵاتی لیبیا بکەین، ئەوا رژێمێکی خۆسەپێن هەبوو لەو وڵاتەدا، بە هەمان شێوە لە عێراقیشدا وابوو. کەواتە لەم سیاقەدا زەحمەتە بتوانین لە شەو و رۆژێکدا ئەم دامەزراوە تەقلیدییانە تێپەڕێنیت. هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد ئەمە پرۆسەیە و کاتی دەوێت. بۆ نموونە ئەگەر تۆ لە دۆخی سووریا بڕوانیت، ئەوا تەنیا یەك خانەوادە دەسەڵاتی بە دەستەوەیە و ئەمەش بە رادەیەکی گەورە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە بۆچی دۆخەکە هێشتا تراژیدیایە. هەروەها ئەگەر لە وڵاتی عێراق بڕوانیت، ئەوا ئەو راستییە کە سەددام حوسێن حوکمڕانییەکی خۆسەپێنی کرد لەم وڵاتەدا کاریگەریی هەبووە لەسەر ئەو سیستمەی لەم وڵاتەدا لە ئارادایە. بۆ نموونە باس لەوە دەکرێت کە زۆرێك لەو گروپانەی لە دژی حکومەتی عێراق وەستاونەتەوە، پاشماوەی رژێمی پێشوون- رژێمی سەددام حوسێن-. کەواتە ئەو دەرئەنجامەی دەتوانین بەدەستی بهێنین، ئەوەیە کە ئەگەر خەڵکی سەرکەوتووش بوون لە گۆڕینی رژێم، ئەوا دەبێت دامەزراوەکان بە شێوەیەك بخەنەگەڕ کە نەبنە هۆی لاوازکردنی کۆی پرۆسەکە.

**دەبێت ئێمە لەنێو خودی کۆمەڵگەوە دەست پێبکەین، لەنێو خێزانەکان و نێو مزگەوتەوکان و دامەزراوەکانەوە و ئەوە بخەینەڕوو کە ئیسلام ئایینی ئاشتی و خۆشەویستییە و زۆرلێکردن و ناچارکردن لە ئیسلامدا نییە، هەروەها لە قورئاندا ئاماژە بەوە کراوە کە خودا ئێمەی لەسەر شێوەی تیرە و هۆز و گەل و نەتەوە دروست کردووە بۆ ئەوەی یەکتر بناسین و یەکترمان خۆش بوێت**



## زیاد کاکە ڕەزا ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ گوڵان:

# ئەوەی لە پارێزگای سلێمانی ڕوویدا خۆپیشاندان نەبوو، پشێوی و گێرەشێوێنی بوو

**ئاشکرایە ئەوەی پێی دەوترا خۆپیشاندانەکانی ئەم چەند ڕۆژەی پارێزگای سلێمانی ئاقار و ئاراستەیەکی زیانبەخشی گرتەبەر، بۆ هەڵوەستەکردن لەسەر ئەم ڕووداوە نەخوازراوانە و بۆ تاتوێکردنی ئاکامەکانی و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ زیاد کاکە ڕەزا ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** سەرەتا دەمانەوێت بپرسین ئایا ئێوە وەکو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخە و ئەم جۆرە خۆپیشاندانانە دەکەن؟**

- ئێمە وەك ئەنجومەنی پارێزگا بەیانێکمان دەرکردو تێیدا ئاماژەمان بەوە کردووە کە خۆپیشاندان مافی هەموو تاکێکی ئەم وڵاتەیە، بەڵام دەبێت خۆپیشاندان مەدەنییانە بێت. هەروەها ئاشکرایە کە خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان بە یاسایەك لە پەرلەمانی کوردستان ڕێکخراوە و دەبێت کات و شوێن و داواکاری خۆپیشاندەران دیاری بکرێت و ڕەزامەندیی پارێزگای لەسەر وەربگیرێت، بەڵام ئەو خۆپیشاندانەی لەچەند ڕۆژی رابردوو لە شاری سلێمانی ڕوویدا، نە داوای مۆڵەتی بۆ کراوە و نە مۆڵەتیشیان وەرگرتووە، بە داخەوە لە خۆپیشاندانیش دەرچوو، بەڵکو ئەوەی ڕوویدا پشێوی بوو و کاری نەشیاو و نابەجێش کرا. وەك پەلاماردانی بارەگا حزبی و فەرمانگە حکوومییەکان، وەك وێستگەی کارەبا و فەرمانگەی هاتوچۆ و شارەوانی. بۆیە ئەمە بە هیچ شێوەیەك خۆپیشاندان نییە. بەڵکو کارێکی گێرەشێوێنییە. بەکوردی و بەکورتی ئەمەی لەم چەند ڕۆژەی رابردوو لە سلێمانی و چەند شوێنی تر ڕوویدا، خۆپیشاندان نەبوو، بەڵکو ئەوە تێکدانە پڕ بە مانای وشەکە. بەدڵنیاییەوە هەڵکوتانە سەر بارەگای حزبەکان و فەرماگەو دامودەزگاکانی حکومەت دەستی ناحەزانی کورد و کوردستانی لەپشتە، بۆیە کارێکی خراپە و هەق وایە کەس بەو کارە هەڵنەستێت. بۆی هەیە ئەو کەسانەشی لەو کارانەدا بەشدارن، هەر نەزانن ئەمە چ دەستێکی لەپشتە.

*** ئایا ئەمەی دەکرێت مەترسی نییە بۆ سەر کیانی سیاسیی کوردستان و بەمە بارودۆخەکە زۆرتر خراپ نابێت؟**

-بە دڵنیاییەوە مەترسی هەیە، مەترسیی ئەوەی هەیە کە دۆخە ئەمنییەکە لە دەست دەربچێت. هەر بۆ نموونە لە شەوەکانی ئەم بارۆدۆخەدا هەڵیانکوتاوەتە سەرماڵان و دزییان کردووە. لەبەر ئەوە ئەمە هەلومەرجێکی خراپە و دۆخێك دەخوڵقێنێت کە مەترسی ئەوە دروست دەکات، هەموو شتێکمان لە دەست دەرچێت. ئەوەتا لە سلێمانی بارێکی نالەبار دروست بووە و ئەو بارودۆخەی لەئارادایە دڵەڕاوکێ بۆ خەڵك دروست دەکات.

*** حکومەتی عێراق بەتایبەتی عەبادی لەسەر ئەم ڕەوشەی سلێمانی لێدوانێکی دا، ئایا ئەمە تەنیا موزایەدە نییە؟ بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- بە داخەوە لەساڵی ٢٠١٤وە هەر ئەو حکومەتەی عێراق بوو کە مووچە و بودجەی خەڵکی هەرێمی کوردستانی بڕی، هاوکات هەر لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤ شەڕی نارەوای تیرۆریستانی داعش ڕووبەڕوومان بۆوە و، ئاوارەیەکی یەکجار زۆر رووی کردە کوردستان، کە هەموو ئەمانە دۆخێکی دژواریان خوڵقاند. لەلایەکی تر لەم بارودۆخەی چەند ڕۆژی رابردوو کە لە سلێمانی روویدا، ئەوەی زۆر جێی داخ بوو، ئەوە بوو کە نوێنەرانی شارەکەی ئێمە لە پەرلەمانی بەغدا کە بە دەنگی ئێمە بوونەتە ئەندام پەرلەمان، پڕ بەدەنگ هاواریان دەکرد عەبادی وەك فریادڕەسێك بێ بە هانای خەڵکی کوردستانەوە و هانی خەڵکیان دەدا، بەڵام عەبادی لەم ڕۆژانەدا زۆر بە راشکاوی پێی وتن: من بەهیچ جۆرێك مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستانم پێ نادرێت.

*** لە هەموو دنیادا پێناسەی خۆپیشاندان دیارە کە دەربڕینی نارەزایی خەڵکە، بەڵام لەو خۆپیشادانەدا دەبینین خەڵکانێك خۆیان شاردۆتەوە و دەمامکدارن، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- لەهەموو دنیادا خۆپیشاندان کارو کردەوەیەکی مەدەنییانەیە بۆ ئەوەی ئەو کەس و کۆمەڵە خەڵکانەی بەشداری لەو خۆپیشاندانە دەکەن، پەیامی خۆیان بە دەسەڵات بگەیەنن. بەڵام ئێمە بینیمان کە بارەگای حزبەکان درانە بەر دەستڕێژی تەقەکردن و دەبینین لە نێو خۆپیشاندەراندا خەڵکی چەکدار و دەمامکداری تێدایە. لەبەر ئەوە ئەمە خۆپیشاندان نییە، بەڵکو ئەمە تێکدان و کاولکردنی وڵاتە.

*** بەڵام بۆچی بە زۆری بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێنە ئامانج لەو دەڤەرەدا؟**

- ئاشکرایە ماوەی چەند ساڵێکە تیرەکان بۆ سەر سنگی پارتین و ئەمەش جاری یەکەم نییە کە بارەگاکانی پارتی دەکرێنە ئامانجی تێکدان و سووتاندن. چەند ساڵێکە ئەمە هەیە، بۆیە بە دڵنیاییەوە ئەوە دەستێکی ناحەزی کوردو کوردستانی لەپشتە و دەستێکی دەرەکییە بۆ تێکدانی هەرێمی کوردستان.

*** ئەی چۆن لە ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەڕوانن لەم رووەوە؟ ئایا ڕاگەیاندن هەبووە ڕۆڵی سلبی بگێڕێت؟**

- بەداخەوە هەندێ دەزگای ڕاگەیاندن هەن کە کارەکانیان تەنیاو تەنیا دەچێتە چوارچێوەی بەرژەوەندیی ناحەزانی گەلی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لەبەر ئەوە بەڵێ بە دڵنیاییەوە هەندێ کەناڵ و میدیا هەبوو هەر لەسەرەتای دەست پێکردنی دۆخەکەوە هانی خەڵکی دەدا و دەیویست بارودۆخەکە خراپتر بکات و تێکی بدات و نەهێڵێت خۆپیشاندانەکە بەپێی یاساو ماناکەی خۆی بەڕێوەبچێت، بەڵکو کاری لەسەر ئەوە دەکرد، خۆپیشاندانەکە بگۆڕێت بۆ کردەوەی تێکدەرانە.

*** سەرەڕای ئەوەی لە ناو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا کۆدەنگی هەبوو لەسەر ئەوەی نابێت خۆپیشاندنەکان بە ئاراستەیی پشێوییدا بڕوات، کەچی خۆپیشاندانەکان ئەو رووداوە نەخوازراوانەیان لێکەوتەوە، ئێوە چی دەڵێن لەم بارەیەوە؟**

- ئەو بەیاننامەیەی لە ئەنجومەنی پارێزگا دەرچوو بە گفتوگۆ و راوبۆچوونی هەموو فراکسیۆنەکانی ناو ئەنجومەنەکە بوو، هەر هەموومان لەسەر ئەوە کۆك بووین کە نابێت خۆپیشاندان بەمجۆرە بێت کە روویدا و بەیانی لایەنە سیاسیەکانیشمان بینیوە، کە هەمووان لەسەر ئەوە هاوڕان کە دەبێت خۆپیشاندان مەدەنییانەو سەردەمییانە بێت، بەڵام بەداخەوە ئەو ئاراستەیەی گرتەبەر کە بینیمان.

*** لەبەر چی ئەم حاڵەتانە لە هەرێمی کوردستان تەنیا لە زۆنی سەوزو نیلی ڕوودەدات؟**

- لەمبارەوە رەنگە بۆچوونی من لەگەڵ بۆچوونی کەسێکی دیکە جیاواز بێت، من پێموایە ئەو دەستەی لێرە هەیە و ئەو بارودۆخەی لێرە هەیە بۆ خوڵقاندنی ئەم جۆرە کارانە، رەنگە لە شوێنێکی دیکە نەبێت.

*** بەڕای تۆ چارەسەر بۆ ئەم دۆخە چییە؟**

- بە تێڕوانینی ئەم دۆخە پێویستی بە دانیشتنی بەپەلەی هەموو لایەنە سیاسییەکان هەیە کە بە نییەتێکی پاکەوە ئەنجام بدرێت، تاوەکو کوردستان بەرەو وێرانبوون نەچێت و دۆخە ئەمنییەکە لەدەست دەرنەچێت. واتە بەیانێکی هاوبەش دەربکەن کە هەموو حزب و لایەنەکان بە روونی و راشکاوی خۆیان لەهاندان و پاڵپشتی و تێکدان و گێرەشێوێنی بێبەری بکەن. خاڵی دووەم ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بێتە سەر هێڵ و بەخەڵك بڵێت ئەوەی لەتوانا و دەسەڵاتیدایە بۆیان دەیکات و بەرنامەکەی خۆی بخاتەڕوو لەبارەی چاکسازی شەفافییەتەوە- وەك ئەوەی پەیوەست بە چەند مووچە و مووچەخۆری بندیوار و ...هتد و پەلە لە جێبەجێکردنیان بکات و دەرئەنجامەکەی بە خەڵك رابگەیەنێت و گۆڕانکارییەك لە دۆخەکەدا دروست بێت.

**ئەم دۆخە پێویستی بە دانیشتنی بەپەلەی هەموو لایەنە سیاسییەکان هەیە کە بە نییەتێکی پاکەوە ئەنجام بدرێت، تاوەکو کوردستان بەرەو وێرانبوون نەچێت و دۆخە ئەمنییەکە لەدەست دەرنەچێت**

**بەداخەوە هەندێ دەزگای راگەیاندن هەن کە کارەکانیان تەنیاو تەنیا دەچێتە چوارچێوەی بەرژەوەندیی ناحەزانی گەلی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە**

**خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان بە یاسایەک لە پەرلەمانی کوردستان رێکخراوە و دەبێت کات و شوێن و داواکاری خۆپیشاندەران دیاری بکرێت و رەزامەندی پارێزگای لەسەر وەربگیرێت، بەڵام ئەو خۆپیشاندانەی لەچەند رۆژی رابردوو لە شاری سلێمانی روویدا، نە داوای مۆڵەتی بۆ کراوە و نە مۆڵەتیشیان وەرگرتووە، بە داخەوە لەخۆپیشاندانیش دەرچوو**

نەجیبە نەجیب

ئەندامی لیژنەی ئابووری و وەبەرهێنان لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# ستراتیژی کارکردنی بەغدا لاوازکردنی هەرێمی کوردستان و بێداهاتکردنی خەڵکەکەیەتی

# بەهێزترین کارتی فشار بەدەست کوردەوە کشانەوەیە لە پرۆسەی سیاسی

*** لای هەمووان ئاشکرایە کە پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٨ی عێراق وەکو کارتێکی فشار دژی گەلی کوردستان بەکارهێنراوە، بڕیاریشە لەسەرەتای ساڵی نوێدا ئەو پرۆژەیە لە پەرلەمانی عێراق وتووێژی لەسەر بکرێت، ئایا گرنگترینی ئەو خاڵ و بڕگانە چین لەم پرۆژە یاسایەدا کە پێویستی بەچارەسەرکردنە؟**

- پرۆژە بودجەی ساڵی ٢٠١٨ عێراق لە پەرلەمانی عێراقە، لای لیژنەی داراییە، کە لە مانگی یەکەمی ساڵی داهاتوو دەست بە پرۆسەی خوێندنەوەی یەکەم و دووەم و پەسەندکردنی دەکرێت، بۆ کوردیش ئەمە خراپترین پرۆژەی یاسای بودجەیە و تا ئێستا گۆڕانکاری تێدا نەکراوە. خاڵە سلبییەکانیش بریتین لەوەی لەم پرۆژە یاسایەدا جگە لەکەمکردنەوەی پشکی کوردستان بۆ لەسەدا ١٢،٦ و مامەڵەکردن لەگەڵ پارێزگاکانی هەرێم لەبری هەرێمی کوردستان و چەندین پێشێلکاریی دیکەشی تێدایە، لەوانە: باسی بودجەی پێشمەرگە و شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکانی نەوت، کە بە شێوەیەک دارێژراوە وەک ئەوەی تەنیا بۆ ١٥ پارێزگای عێراق بێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەرێمی پابەند کردووە بە رادەستکردنی نەوتەکەی و سەرجەم داهاتەکانی دیکەی، لە کاتێکدا ئەو بودجەیەی بۆ کوردستان خەمڵێنراوە بەشی مووچەی فەرمانبەرەکانیش ناکات.

*** ئامانجیان لە داڕشتنی پرۆژە یاسای بوجەی بەم شێوەیە چییە؟**

- لە راستیدا ئەوان خوازیاری لاوازکردنی حکومەتی هەرێمی و بێداهاتکردنی خەڵکی کوردستانن بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بە گژ حکومەتەکەی خۆیاندا بچنەوە، هەروەها بۆ ئەوەیە کۆمپانیاکان لە کوردستاندا کار نەکەن. دواتر من دەمەوێت باسی ئەوەش بکەم کە ئەوان بە زیادکردنی خەرجییەکانی سەروەریی بۆ ٤٤٪، ئامانجیان ئەوەیە کە دەسەڵاتی مەرکەزی بەهێز بکەن لەسەر حیسابی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان. بە هەمان شێوە من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە هەمیشە ئەوە سیاسەتی عێراق بووە کە بودجەی هەرێمی کوردستان کەم بکەنەوە، ئەمە بۆ مالیکی و بۆ عەبادی و بۆ جەعفەریش راستە، ئەمە بەرنامە و ئەجێندای ئەوان بووە و هیچ پەیوەندی بە ریفراندۆمەوە نەبوو، وەك ئاماژەم پێکرد ئامانجی ئەوان لاوازکردنی هەرێمی کوردستانە.

*** بەڵام ئێمە دەبینین لە بەرامبەر تەرخان نەکردنی بودجەی پێشمەرگە، ئەوان بودجەیەکی گەورەیان بۆ حەشدی شەعبی تەرخان کردووە؟**

- ئەمە راستە، چونکە یەک ترلیۆن و ٨٠٠ ملیار دینار بۆ مووچەی حەشدی شەعبی تەرخان کراوە و یەك ترلیۆن و ٢٠٠ ملیار

جەنابی سەرۆک بارزانی باسی لەوە دەکرد کە ئەنجامدانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی تاکە ڕێگاچارەیە، ئێستاش راستیی بیرکردنەوەکەی بەڕێزیان پشتڕاست بۆوە، ئەگەرچی بەداخەوە هەر کورد خۆی کۆسپی لەبەردەم ئەو سەربەخۆییەدا دروستکرد



**بڕیارە لە سەرەتای ساڵی نوێدا پەرلەمانی عێراق خوێندنەوە بۆ پرۆژە یاسای ٢٠١٨ی عێراق بکات، کە پرۆژە یاسایەکە مشتومڕی زۆر لەبارەوە کراوەو مافەکانی کوردی تێدا پێشێل کراوە، بۆ قسەکردن لەسەر دواگۆڕانکارییەکان لەسەر پرۆژە یاسای بودجە و چەند پرسێکی دیکە پەیوەندیدار، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی نەجیبە نەجیب ئەندامی لیژنەی ئابووری و وەبەرهێنان لەپەرلەمانی عێراق کرد. لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

دیناریش لە بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی بۆ تەرخان کراوە، کە ئەمە دەکاتە ٣ ترلیۆن دیناری عێراقی.

*** باشە ئێوە چۆن ئەدای پەرلەمانتەرە کوردەکان لە بەغدا هەڵدەسەنگێنن، بەتایبەتی کە ئێمە پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمانمان بەدەستەوەیە؟ ئایا لەم رووەوە یەکڕیزییەك بەدی دەکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم پێشێلکارییانە؟**

- لە راستیدا بە قسە و لێدوان و بانگەشە باس لەوە دەکەن کە ئەوان دژی ئەم پرۆژە یاسایەی بودجەن، بەڵام لەسەر ئاستی عەمەلی هەنگاوی زۆر کەم هەڵگیراوە. دواتر ئێمە هەندێ پۆستمان هەن، پشکی کوردە و بەدەست کوردەوەن، وەك جێگری سەرۆکی پەرلەمان، بەڵام بە داخەوە ئەدایان لاواز بووە و لەو چوار ساڵەدا بە لاوازی بەڕێوەبراون، بۆ نموونە جێگری سەرۆکی پەرلەمانی نەیتوانیوە کارێك بکات کە بڕیارەکانی دژ بە کوردستان نەخرێنە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە.

*** باس لەوە دەکرێت سوننەکانیش ناڕازین لە پرۆژە یاسای بودجە، دەکرێت ئەمەمان بۆ روون بکەنەوە؟**

- تەرخانکردنی بڕە پارەیەك بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە رزگارکراوەکان داواکاریی سەرەکی سوننەکانە، کە من پێم وایە لەکۆتاییدا ئەوان دەتوانن لەناو پرۆژەکەدا جێگایەك بۆ ئەو بڕە پارەیە بکەنەوە، هەرچی کێشەو گرفتی کوردە لە پرۆژە یاساکە زۆر زیاتر و ئاڵۆزترە. بەڵام پێموایە سوننەکان رازی دەکرێن.

*** باشە ئەگەر پشکی کورد لە بودجەدا زیاد نەکرا، ئێوە وەك ئەندام پەرلەمانەکان چیتان پێدەکرێت؟**

- لە راستیدا دەبێت بزانین ئێمە لە کۆی ٣٢٨ ئەندام پەرلەمان تەنیا ٦٥ ئەندامی کورد هەن، دواتر ئەوەی بۆتە دیاردە ئەوەیە کە ئەوەی پتر دژایەتی کورد بکات لە عێراقدا ئەوا لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی زیاتر بەدەست دەهێنێت. بە هەمان شێوە شیعە و سوننەش بۆ دژایەتیکردن و لاوازکردنی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان هاوڕان. بۆ من پێموایە تاکە کارتی فشار ئەوەیە ئێمە لە پرۆسە سیاسییەکە بکشێینەوە. چونکە ئەگەر ئەوان دەستوور جێبەجێ نەکەن، ئامادەی گفتوگۆکردن نەبن، بودجەی هەرێم نەدەن، ئیدی مانەوەی ئێمە بۆچییە لەوێ؟ لێرەشدا جێی خۆیەتی ئەوەمان لەبیر بێت کە جەنابی سەرۆك بارزانی باسی لەوە دەکرد کە ئەنجامدانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی تاکە رێگاچارەیە، ئێستاش راستیی بیرکردنەوەکەی بەڕێزیان پشتڕاست بۆوە، ئەگەرچی بەداخەوە هەر کورد خۆی کۆسپی لەبەردەم ئەو سەربەخۆییەدا دروستکرد.

**یەک ترلیۆن و ٨٠٠ ملیار دینار بۆ مووچەی حەشدی شەعبی تەرخان کراوە و یەک ترلیۆن و ٢٠٠ ملیار دیناریش لە بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی بۆ تەرخان کراوە، کە ئەمە دەکاتە ٣ ترلیۆن دیناری عێراقی**